# ئەندازیاران

بەردەوام دەبین لە پێناوی گەیشتن بە ئاینده


رێکخستنی بابەتەکان پەیوەستە بە دیزاینی هونەری گۆڤارەوە

ساڵی سیانزەهەم زستانی ۲۰۱٦ ژمارە (٥٥)

بە پێی مۆڵەتی ژمارە ۳٥ لە ۲٦-۱-۲۰۱۰ ی سەندیکای ڕۆژنامەنوسی کوردستان دەردەچێت


## لەم ژمارەیەدا


هەواڵ و چالاکی لاپەرە ۲

پیشەسازی مۆم (نەوزادی مهندس) لاپەرە ۲٦

پێکهاتەو بەکارهێنانی غازی شل (ئازاد محمد ئەمین) لاپەرە ۱۹

رێکخراوی فرینی شارستانی نێودەوڵەتی (ICAO) (بەشی حەوتەم) (طاهر عبداللە قادر) لاپەرە ٤۲

تەکنۆلۆجیای ئامێری پزیشکی(ئامێرەکانی شیکاری تاقیگەیی بۆ پشکنینی نەخۆشییەکان) (مەریوان قفطان) لاپەرە ٥۱

بۆ زاخاوی مێشک لاپەرە ٥۹

پرۆژە ئەندازیارەکان لاپەرە ٦۹

رەوشی شەقامەکانی کوردستان و خوێندنەوەیەک (برهان محمد شریف) لاپەرە ۷٤

خوێندنەوەی ووزە پێو (هاوکار محمد صدیق) لاپەرە ۷۸

دابەزاندنی نەخشە (ئاکۆ علی عزیز) لاپەرە ۸۱

فرۆکەی کامێرەدارو سستمی Gps (قاسم حەمە خورشید حەمە مراد چوچانی) لاپەرە ۸۷

پلە بەرزکردنەوە لاپەرە ۹٥

ئەندازیاری کۆچکردوو لاپەرە ۹٦



خاوەنی ئیمتیاز

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان

سەرنوسەر

ئەندازیار/ نەوزاد عوسمان (نەوزادی موهەندیس)

nawzad_mohandis@yahoo.com

ژ.م: 07710251171

ژ.م: 07501047235

ناونیشان

سلێمانی / شەقامی سالم بارەگای یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان

ژمارەی تلفون : ۳۲-۸۸-۸

www.keu92.org

نەخشەسازی بەرگ و ناوەرۆک

رێبین حمە غریب

rebeeng2002@yahoo.com

www.facebook.com/rebeen79

چاپخانە

ئۆفسێتی پیرەمێرد

# "هەواڵ" و "چالاکی"

## نوسینگە ئەندازیاریەکان




● لەبەر ڕۆشنایی مادەکانی ( نضام مكاتب الهندسية )ی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ کە پەسەندکراوە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. کۆمیتەی باڵای یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان بڕیاریدا بە :

١. گۆڕینی ناوی نوسینگەی ئەندازیاری ( ابراج الامارات ) بۆ نوسینگەی ئەندازیاری ( تاوەرەکانی ئیمارات ) بۆ ئەندازیار ( فراس احمد عبدالجبار ) کە مۆڵەتی وەرگرتوە بە ژمارە مۆڵەتی (٢١٤) لە بەرواری (٢٠١٥/١٠/٢٨).

---

● لە ڕۆژی شەممە بەرواری ٢٠١٦/١/١٦ و کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ کۆبونەوەیەکی هاوبەش لە نێوان (( یەکێتی و سەندیکا ))ی ئەندازیارانی کوردستان سازدرا بە ئامادەبوونی ٢٣ ئەندازیار لەسەرۆک و ئەندامانی یەکێتی و سەندیکا و لق و نوێنەرایەتیەکانی هەردوولا، و لەسەر کۆمەڵێک خاڵ و بابەتی گرنگی جێگەی هەردوولا گفتوگۆیان کردو بڕیار و ڕاسپاردەی پێویستیان لەبارەیانەوە دەرکرد. و لەکۆتایی کۆبونەوەکەشدا ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە..

سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION
نقابة مهندسي كوردستان

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION
إتحاد مهندسي كوردستان

## کۆبوونەوەی هاوبەشی سەندیکاو یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
## لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (2016/1/16) لە هەولێر

لە سەعات (11)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (2016/1/16) لە هەولێر، کۆبوونەوەی فراوانی هاوبەش بەسترا بە ئامادەبوونی (23) ئەندازیار لە هەردوولا (لیستی هاوپێچ). لە کۆبوونەوەکەدا ئەم بڕیارو ڕاسپاردانە پەسند کران:-

**• کۆنگرەی یەکگرتن:-**

هەردوولامان بە گەرمی جەختمان لەسەر بەستنی کۆنگرەی یەکگرتن کردەوە گەر باروودۆخی گشتی هەرێمی کوردستان لەبار بێتو تاوتوێ بابەتەکە بە تێروتەسەلی کرا لەچوارچێوەی ئەم خاڵانەدا بڕیاردرا هەنگاوی پێویست ئەنجام بدرێت:-

1. پرس بکرێت بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم لەسەر بەستنی کۆنگرەی یەکگرتن.
2. ئەنجامدانی ئامار پێویستو گرنگە بۆیە سەبارەت بە ئامار بڕیاردرا هاوتەریب لەسەر ئەم سێ ڕێچکەیە کاربکەین:-

2-1. لێژنەی ئاماری لقەکان کاری ناتەواوی خۆیان تەواو بکەن لە زووترین دەرفەتدا بەتایبەتیش لێژنەی هەولێر.

2-2. بەڕێز عبدالمجید شێخانی بە شێوەی کاتی تا گەڕانەوەی بەڕێز عبدالرحمن گەزنەیی دەکرێت بە سەرۆکی لێژنەی هەولێرو بڕیاردرا کۆبوونەوەکان چڕتر بکەنەوە لە ڕۆژانی شەممەو پشووەکاندا نەك لە ڕۆژانی دەوام. هەروەهاش دەسەڵاتیان پێدرا بۆ زیادکردنی ئەندامەکانیان بۆ مەبەستی کۆتاهێنان بە کاری لێژنەکەیان لە کاتێکی زووتردا.

2-3. کارکردن لەسەر پێشنیاری تازە لەلایەن بەڕێز عبدالمجید شێخانی سەبارەت بە ئەنجامدانی ئامار بە دانانی ( Data Base)ێکی تایبەت بە ئامارو بە ئۆنلاین کردنی. بەڕێزیان ڕاسپێردرا بۆ ئەندجامدانی هەنگاوی پێویست بۆی.

2-4. هاوشان لەگەڵ لێژنەی لقەکان لەسەر پێشنیاری بەڕێز صلاح الدین فخرالدین دوو لێژنەی تر لە ئەنجومەنو کۆمیتەی باڵا ئامارەکە ئەنجام بدەن. لەهەولێر ناسنامەی هاوبەش دەربکرێتو تایبەت بێت بە بەشداری لە کۆنفرانسی لقەکانو ئەندامیەتی بۆ کۆنگرە بەکاربهێنرێتو لەگەڵ دەرکردنی ناسنامەکان تدقیق کردنی دوسیەکانیش ئەنجام بدرێت. بەڕێز صلاح الدین فخرالدین ڕاسپێردرا بۆ ئەنجامدانی پێویست بۆی.

3. دەرکردنی ڕاگەیەندراوێك بۆ ئەندازیاران لەسەر بابەتی کۆنگرەو هەنگاوەکانی ئەم کۆبوونەوەیە.

**• قەیرانەکانو ڕسومات:-**

کۆبوونەوەی هاوبەش ئاگادارکرانەوە لەسەر ئەو بڕیارانەی کە سەبارەت بە کەم کردنەوەی ڕسوماتەکانی سەندیکا، ئەنجومەنی سەندیکا داویەتیو فەرمانیان پێدەرچووەو گشتێندراوە.

**• وەرگرتنی دەرچووان لە زانکۆکان:-**

سەبارەت بە وەرگرتنی دەرچووانی ئامادەیی لە زانکۆکان، پەسندی بڕیارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو نەقابەی مهندسینی عێراقی کرا سەبارەت بە ڕەچاوکردنی عەدالەتو بەلانسێك لە بەینی ئەم دوو لایەنە لەلایەن قبوڵ مەرکەزی لەسەر دەرەجاتو شێوازی وەرگرتن. بڕیاریشدرا لێژنەیەکی هاوبەش لە کاتێکی گونجاودا سەردانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بکات بۆ پێدانی زانیاریەکانو گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکانی پەیوەست بە هەردوولا.

Mobile, Hewler: 07504456330 - 07504456300
Web: www.andazyar.org
E-mail: aakurde@yahoo.com & info@ andazyar.org

Mobile, Sulemany: 07701520353 - 07701537318
Web: www.andazyaran.org
E-mail: info@ andazyar.org & info@ keu92.org

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION
إتحاد مهندسي كوردستان

سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION
نقابة مهندسي كوردستان

**• نووسینگە ئەندازەییەکان:-**

سەبارەت بە نووسینگە ئەندازەیی‌و راوێژکاریەکان:-

1. کۆبوونەوە جارێکی تریش سوپاس‌و دەستخۆشی ئاراستەی بەڕێز (سامان محمد احمد، سەرۆکی شارەوانی هەولێر) کرد بۆ هەماهەنگی‌و بەیەکەوە کارکردنی بەڕێزیان لەگەڵ لیژنەی نووسینگەکان بۆ باشتر کردنی ئەم پرۆسەیەو ئەکتیڤ کردنی. هەروەهاش پەسندی ئەو بڕیارانە کرا کە دەرکرابوون لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لیژنەی نووسینگەکان لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی‌و نوێنەری ئەنجومەنی شارەوانی هەولێرو تخطيط عمرانی‌و ..... هتد لە (2015/11/24) کە تایبەت بوون بە کاروباری لیژنەو نووسینگەکانی‌و دواتر هەردوو لیژنە بەیەکەوە هەماهەنگی پێویست بکەن.
2. ئاماژە بۆ یادداشتی کۆمەڵێك ئەندازیار لە مانگی (2016/1) سەبارەت بەو ئەندازیارانەی فەرمانبەرن کە بۆ ماوەی یەك ساڵ‌و زیاتر مۆڵەتی بەبێ مووچە لە حکومەت وەردەگرن، بڕیاردرا ڕێگا بدرێت پێیان بۆ کردنەوەی نووسینگە بۆخۆیان‌و کارکردن لەماوەی مۆڵەتەکەیاندا. لەدوای تەواوبوونی مۆڵەتەکەیان، گەر نوێی بکەنەوە بەردەوام دەبن‌و بە پێچەوانەوە ئەندازیار سەرپشك دەکرێت لە داخستن یان ڕاگرتنی کاتی بۆ ئەوەی هەرکاتێ مۆڵەتی تری وەرگرت دووبارە بتوانێ دەست بەکارکردن بکاتەوە. ئەم بڕیارەش لە ڕۆژی دەرچوونی فەرمانی سەندیکایی کاری پێدەکرێت‌و ئەم کۆبوونەوەیەش پەسندی دەکات‌و فەرمانی هاوبەشی بۆ دەردەچێتەوە.
4. سەبارەت بە رسوماتی نووسینگەکان بڕیاردرا بکرێت بە چوار قست بۆ هەرچوار وەرزەو قستێك‌و غەرامەش بۆ هەر وەرزێك لەو بەشە قستە وەربگیرێت کە قستەکەی نەداوە .
5. بۆ ئەنجامدانی پێویست بۆ ئەم خاڵانەی سەرەوە، لیژنەی نووسینگەکانی هەردوولا ڕاسپێردران بۆ ئەنجامدامی پێویست .

**کاروباری تری هاوبەش:-**

1. سەبارەت بە دەنگۆی ئەو بڕیارەی کە لەلایەن (وەزارەتی پلاندانان) دراوە بۆ وەلانانی مەرجی بوونی ئەندازیار لەکاتی دامەزراندنی کۆمپانیاکان‌و نوێ کردنەوەی (تصنيف) ئەویش وەك بیستوومانە کە لەسەر پێشنیاری (یەکێتی بەڵێندەران) بووە، کە ئەمەش نایاسایی‌و لادانە لە (پەیڕەو)ی کارپێکراوی حکومەت، کە بە سوپاسەوە لەلایەن بەڕێز ئەندازیار (عبدالخالق علی، بەرپرسی کارگێڕی لقی هەولێری سەندیکا) بابەتەکە ساغ کراوەتەوەو لە چوارچێوەی پەیڕەوی ژمارە (1)ی ساڵی (2007) نووسراوێك ئاراستەی وەزارەتی پلاندانان‌و بەڵێندەارن‌و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکرێت بۆ ڕێگەگرتن لەم کارەو گرتنەبەری هەموو ڕێکارێکی ئیداری‌و یاسایی پێویست بۆی.
2. سەبارەت بە (سندووقی خانەنشینی ئەندازیاران‌و کێشەی خزمەتی کەرتی تایبەت)و ئاکامەکانی، کۆبوونەوەی لێوە ئاگادارکرایەوەو بڕیاردرا نووسراوی هاوبەش ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی بکرێت‌و بەدواداچوون بکرێت لە سەریان.
3. ئاراستەکردنی نووسراوێك بۆ وەزارەتی پلاندانان کە بەبێ پشتگیری ئێمە ئەندازیار بۆی نەبێت کار لە کۆمپانیاکان بکات.
4. لەسەر پێشنیاری بەڕێز عبدالمجيد شێخانی سەردانی بەڵێندەران بکرێت بۆ پشتگیری کردنی داواکاریەکانیان لە حکومەت.
5. ئاراستەکردنی نووسراوێك بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ کارکردن بە پەیڕەوی نووسینگەکان‌و بەڕێز صلاح الدين ڕاسپێردرا بۆ ئەنجامدانی پێویست بۆی.
6. نەبوونی لیژنە یان سەنتەرێکی تایبەتمەند لە هەردوولامان بۆ بەدواداچوونی لەسەر پرۆژەکان‌و ڕەئی دان لەسەر چونیەتی کارەکان، گلەییەکە لە خۆمانی دەکەین، بۆیە بڕیاردرا کاری لەسەر بکرێت وەك سەنتەرێك بۆ مەبەستی (دیراسات‌و لێکۆڵینەوەو ڕاهێنان)ی کارە زانستیەکان‌و هەروەهاش بەدواداچوون لەسەر پرۆژەکان.
7. دیدارێك بکرێت یان نووسراوێك بۆ دەستەی وەبەرهێنان ئاراستە بکرێت سەبارەت بە کاروبارەکانی وەبەرهێنان‌و هەماهەنگی دوولایەنەو بەتایبەتیش کە ئێستا تەنها بەڵێننامەیەك لە ئەندازیار وەردەگرن بەبێ گەڕانەوە بۆ ئێمەی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە چوارچێوەی پەیڕەوی نووسینگە ئەندازەییەکان.

Mobile, Hewler: 07504456330 - 07504456300
Web: www.andazyar.org
E-mail: aakurde@yahoo.com & info@ andazyar.org

Mobile, Sulemany: 07701520353 - 07701537318
Web: www.andazyaran.org
E-mail: info@ andazyar.org & info@ keu92.org

سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION
نقابة مهندسي كوردستان

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION
إتحاد مهندسي كوردستان


**لقەکانی کەرکوك:-**

سوپاسی هەردوو لقی سەندیکاو یەکێتی ئەندازیاران کرا لە کەرکوك سەبارەت بە پێکەوە کارکردن لەسەر هەموو ئاستەکانو کردنەوەی خوولو کارەکانیان. پشتگیری ئێمەیش دووپات کرایەوە بۆیانو بڕیاردرا سەبارەت بە کۆنگرەی نەقابەی مهندسینی عێراقی و هەڵبژاردن لە کەرکوك بەووردی بەدواداچوون بکرێت لەسەر هەنگاوەکان. لقەکانمان بە سەربەخۆیی بەردەوامیان دەبێت بەڵام بەشداری کردنیش لە هەڵبژاردنی ئەم لقەشدا بە پێویست دەزانرێت بۆ ڕاگرتنی بەڵانسی واقعی ئەمڕۆی کەرکوك. داوایان لێکرا بەدواداچوون بکرێو دواتر بە ڕاپۆرتێك ئاگادارمان بکەنەوە بۆ ئەنجامدانی هەنگاوی پێویست بۆی.

**عبدالرحمن علی کوردە**
**نەقیبی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان**
2016/1/16

**عبدالمجید عبدالحمید محمد**
**سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**
2016/1/16

**وێنەیەك بۆ/**

- کۆمیتەی باڵای یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان، بۆ ئەنجامدانی پێویست. لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان، بۆ ئەنجامدانی پێویست. لەگەڵ ڕێزدا.


Mobile, Sulemany: 07701520353 - 07701537318
Web: www.andazyaran.org
E-mail: info@ andazyar.org & info@ keu92.org

Mobile, Hewler: 07504456330 - 07504456300
Web: www.andazyar.org
E-mail: aakurde@yahoo.com & info@ andazyar.org

ئامادەبووانی کۆبوونەوەی هەماوبەرشی یەکێتی وسەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لە شاری هەولێر لە رۆژی ... ٢٠١٦/١/١٦

| ز | ناو | لایەنی ئامادەبوو | واژوو | ز | ناو | لایەنی ئامادەبوو | واژوو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | عبد المجيد عبد الحميد محمد | یەکێتی ئەندازیاران | | ١٨ | ئاوات علی حاجی | سەندیکا | |
| ٢- | عبدالرحمن علی كوردو | سەندیکا | | ١٩ | یونس احمد محمود | پۆلیتی ئەندازیارانی ... | |
| ٣- | عبدالمجيد شيخاني | سەندیکا | | ٢٠ | نەریمان محمد کریم | سەندیکای ئەندازیاران | |
| ٤- | ئاراز عزیز صادق | یەکێتی ئەندازیاران | | ٢١ | عسکر احمد محمد | یەکێتی ئەندازیاران | ٢٠١٦-١-١٦ |
| ٥- | نزار اسعد محمد عابد | یەکێتی ئەندازیاران | | ٢٢ | عالیە توفیق طاهر | 〃 | ٢٠١٦/١/١٦ |
| ٦- | سامي صابر علي | 〃 | | ٢٣ | هونەر محمد کریم | [illegible] | ١٦ |
| ٧- | پێشڕەو کمال الجلال | یەکێتی ئەندازیاران | | ٢٤ | | | |
| ٨- | شەماڵ نادر عمر | یەکێتی ئەندازیاران | | ٢٥ | | | |
| ٩- | ابراهیم رستم حسن | ی. ك | | | | | |
| ١٠- | دلێر قادر احمد | ی. ن | | | | | |
| ١١- | سامان محمد احمد | سەندیکا | | | | | |
| ١٢- | فهمی مصطفى صدیق | سەندیکا | | | | | |
| ١٣- | چیاسوار محی الدین | سەندیکا | | | | | |
| ١٤- | عبدالخالق علی الحاج شیخ اللە | سەندیکا | | | | | |
| ١٥- | صلاح الدین فخرالدین | سەندیکا | | | | | |
| ١٦- | خیر محمد محمود | سەندیکا | | | | | |
| ١٧- | عبدالله حسن احمد | [illegible] | | | | | |

سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION
نقابة مهندسي كوردستان

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION
إتحاد مهندسي كوردستان

## ڕاگەیاندراوی هاوبەشی سەندیکاو یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان

هاوکارانی بەڕێز ... ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (2016/1/16) لە هەولێر، بۆ بەدواداچوون لەسەر بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆبوونەوەکانی پێشوومانو دانانی بەرنامەی کارو ئەو هەنگاوانەی پێویست بە کاری هاوبەش دەکەن بۆ داهاتوو، کۆبوونەوەی فراوانی هاوبەشی (سەندیکاو یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان) بەسترا بە ئامادەبوونی (23) ئەندازیار لە هەردوولا. یەکێك لە خاڵە هەرە گرنگەکانیش کە بە ووردی هەڵوێستەو گفتوگۆی فراوانی لەبارەیەوە ئەنجامدرا، بەستنی (کۆنگرەی یەکگرتن) بوو کە ماوەیەکی زۆرە بڕیاری لەسەر دراوەو کاری جددی بۆکراوە، بەڵام بەهۆی نەگونجانی باروودۆخی گشتی هەرێمی کوردستان تا ئێستا نەتوانراوە ببەسترێت. جارێکی تریش هەردوولامان بە گەرمی جەختمان لەسەر بەستنی کۆنگرە کردەوە گەر بارووودۆخی گشتی هەرێمی کوردستان لەبار بێتو لەچوارچێوەی ئەم خاڵانەدا بۆ ئەم مەبەستە، بڕیاردرا هەنگاوی پێویست ئەنجام بدرێت:-

1. پرس بکرێت بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم لەسەر بەستنی (کۆنگرەی یەکگرتن) لە کاتێکی گونجاو بۆی.
2. ئەنجامدانی ئامار کە زۆر پێویستو گرنگە بۆ کۆنگرە. بۆیە بڕیاردرا هاوتەریب لەسەر ئەم سێ ڕێچکەیە کاربکەین:-
   - 2-1. لێژنەی ئاماری لقەکان کاری ناتەواوی خۆیان تەواو بکەن لە زووترین دەرفەتداو گۆڕانکاری پێویست ئەنجام درا بۆی.
   - 2-2. هەنگاوی دووەم، ئەنجامدانی ئامار بە دانانی (Data Base)ێکی تایبەت بە ئامارو بە (Online) ئۆنلاین کردنی.
   - 2-3. پێکهێنانی دوو لیژنەی تر لە (ئەنجومەنی سەندیکاو کۆمیتەی باڵا) بۆ کارکردن لەسەر ئامارو دەرکردنی ناسنامەی هاوبەش کە تایبەت دەبێت بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرانسی لقەکانو هەڵبژاردنەکان بۆ ئەندامیەتی کۆنگرە.

هەروەهاش سەبارەت بەو کارانەی کە پێشتر کاریان لەسەر کراوە، کۆبوونەوە بڕیاریدا بەداواچووونیان لەسەر بکرێت وەك (سندووقی خانەنشینی ئەندازیارانی کەرتی تایبەتو کێشەی ئەژمارکردنی خزمەتی کەرتی تایبەتو ئەکتیف کردنی پرۆسەی کاری نووسینگە ئەندازەییو ڕاوێژکاریەکانو ئاسانکاری پێویست ئەنجامدرا بۆ ڕسوماتەکان لەم بارووودۆخە قەیراناویەی هەرێمدا). هەروەهاش بڕیاردرا چەندین هەنگاوی تر بهاوێژرێت بۆ کارکردن لەسەر دۆزینەوەی هەلی کار بۆ ئەندازیارانو ڕێگرتن لەو هەنگاوانەی دژ بەم کارە هەنگاوی بۆ هاوێشتراوە چی بە سەردان بێت یان ئاراستەکردنی چەندین نووسراو بۆ چەندین لایەنی حکومی پەیوەندیدار بە كاروباری ئەندازەییو ئەندازیاران.

کۆبوونەوە سوپاسو پێزانینی خۆی ئاراستەی هەردوو لقی سەندیکاو یەکێتی ئەندازیاران کرد لە کەرکوك سەبارەت بە پێکەوە کارکردنیان لەسەر هەموو ئاستەکان. پشتگیری ئێمەیش دووپات کرایەوە بۆیان. سەبارەت بە دەنگۆی کۆنگرەی نەقابەی مهندسینی عێراقیو هەڵبژاردن لە کەرکوك، بڕیاردرا بەووردی بەدواداچوون بکرێت لەسەر هەنگاوەکانو بە پێویست دەزانرێت بۆ ڕاگرتنی بەڵانسی واقعی ئەمڕۆی کەرکوك، هەنگاوی پێویست بهاوێژرێ.

عبدالرحمن علي كوردە
نەقیبی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
2016/1/16

عبدالمجيد عبدالحميد محمد
سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
2016/1/16

Mobile, Sulemany: 07701520353 - 07701537318
Web: www.andazyaran.org
E-mail: info@ andazvar.org & info@ keu92.org

Mobile, Hewler: 07504456330 - 07504456300
Web: www.andazyar.org
E-mail: aakurde@vahoo.com & info@ andazvar.org

● لەهەمان کۆبونەوەدا چەند بڕیارێکی هاوبەشیان دەرکرد دەربارەی کاری نوسینگە ئەندازیاری و ڕاوێژکاریەکان..

سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION
نقابة مهندسي كوردستان

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION
إتحاد مهندسي كوردستان

## فەرمانی هاوبەش

لەسەر بڕیاری کۆبوونەوەی هاوبەشی سەندیکاو یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (2016/1/16) لە هەولێر، سەبارەت بە نووسینگە ئەندازەیی‌و ڕاوێژکاریەکان بڕیاردرا:-

1. هەردوو لێژنەی هەولێرو سلێمانی کاری جددی بکەن بۆ باشتر کردنی ئەم پرۆسەیەو ئەکتیف کردنی.
2. پەسندی ئەو بڕیارانە کرا کە دەرکرابوون لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لێژنەی نووسینگەکانی هەولێر لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومی لە (2015/11/24) کە تایبەتن بە کاروباری لێژنەو نووسینگەکانی.
3. لە پێناو بەرژەوەندی ئەندازیاران‌و هاوکاری کردنی ڕەمزی حکومەتیش لەم بارودۆخە قەیراناویەدا، بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ ئەندازیاران لە کەرتی تایبەت، سەبارەت بەو ئەندازیارانەی فەرمانبەرن‌و بۆ ماوەی یەك ساڵ‌و زیاتر مۆڵەتی بەبێ مووچە لە حکومەت وەردەگرن، بڕیاردرا ڕێگا بدرێت پێیان بۆ کردنەوەی نووسینگە بۆخۆیان‌و کارکردن لەماوەی مۆڵەتەکەیاندا کە جاران تەنها دەیانتوانی بە (Part time) کار لە نووسینگەکان بکەن.
4. سەبارەت بە رسوماتی نووسینگەکان بڕیاردرا بکرێت بە چوار قست بۆ هەرچوار وەرزەو قستێك‌و غەرامەش بۆ هەر وەرزێك لەو بەشە قستە وەربگیرێت کە قستەکەی نەدراوە.
5. ئاراستەکردنی نووسراو بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ باشتر کردن‌و ئەکتیف کردنی کاری نووسینگەکان‌و ڕێکخستنیان.
6. بۆ ئەنجامدانی پێویست بۆ ئەم خاڵانە، لێژنەی نووسینگەکانی هەردوولا ڕاسپێردران بۆ ئەنجامدامی پێویست.

عبدالرحمن علي كوردە
نەقیبی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
2016/1/16

عبدالمجيد عبدالحميد محمد
سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
2016/1/16

**وێنەیەك بۆ/**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان، گەر بەرێزتان ڕەزامەند بن لەسەری، بۆ گشتاندنی. لەگەڵ ڕێزدا.
- یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان/ کۆمیتەی باڵا، بۆ ئەنجامدانی پێویست. لەگەڵ ڕێزدا.
- سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان/ ئەنجومەنی سەندیکا، بۆ ئەنجامدانی پێویست. لەگەڵ ڕێزدا.
- لێژنەی نووسینگەکانی هەولێرو سلێمانی، بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست. لەگەڵ ڕێزدا.
- لق‌و نوێنەرایەتیەکانی سەندیکاو یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان. بۆ ئەنجامدانی پێویست. لەگەڵ ڕێزدا.
- ماڵپەری سەندیکاو یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان، بۆ دابەزاندنی بە فراوانی. لەگەڵ ڕێزدا.
- دۆسیەی تایبەت.

Mobile, Sulemany: 07701520353 - 07701537318
Web: www.andazyaran.org
E-mail: info@ andazyar.org & info@ keu92.org

Mobile, Hewler: 07504456330 - 07504456300
Web: www.andazyar.org
E-mail: aakurde@yahoo.com & info@ andazyar.org

• هەر لەهەمان کۆبونەوەدا دوو نوسراوی هاوبەش ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە بەمەبەستی ( ئەژمارکردنی خزمەتی کەرتی تایبەت بۆ ئەندازیاران و سندوقی خانەنشینی ئەندازیارانی کەرتی تایبەت) و داکۆکی کراوە لەسەر مافی ئەندازیاران.

| | |
|---|---|
| سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان<br>KURDISTAN ENGINEERS UNION<br>نقابة مهندسي كوردستان | یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان<br>KURDISTAN ENGINEERS UNION<br>إتحاد مهندسي كوردستان |

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان**

بابەت/ ئەژمارکردنی خزمەتی کەرتی تایبەت

بەڕێز ... ئەژمارکردنی خزمەتی کەرتی تایبەت بۆ ئەندازیاران یەکێکە لەم بڕیارو ڕێنماییانەی حکومەت کە کاری پێکراوەو لەسالآنی رابردوودا زۆرێك لە ئەندازیاران ئەم خزمەتەیان بۆ ئەژمار کراوە بە گرتنەبەری هەموو ڕێچکە کارگێریە پێویستەکان. بەڵام بەداخەوە ماوەیەکی زۆرە وەزارەتی دارایی‌و ئابووری حکومەت بەربەستی خستووەتە بەردەم ئەم پرۆسەیەو لەگەڵ چەندین جار روون کردنەوەو دیداری هاوبەشمان لەگەڵیان، کەچی هەر سوورن لەسەر هەڵوەشاندنەوەی بەبێ بنەمای ئەم پرۆسەیە. لەوەش زیاتر، لەکاتی ئەژمارکردنی (علاوەو ترفیع) بۆیان بڕیاری ئەوەش دەدەن کە (اثر رجعی) هەبێت‌و داوای هەموو ئەو پارانەش دەکەنەوە کە ئەندازیار بەهۆی ئەم خزمەتەوە وەری گرتووە کە ئەمەش نایاسایی‌و رەوا نیەو بەتایبەتیش لەم بارووددۆخە قەیراناویەی هەرێمی کوردستان‌و بێ مووچەیی کارمەندان. بۆیە بەناوی کۆبوونەوەی هاوبەشی (سەندیکاو یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان)، داوا لە بەڕێزتان دەکەین بفەرموون بۆ ئەنجام دانی ئەوەی پێویست بێت بۆ ڕاگرتنی ئەم هەنگاوەو پێدانی مافی رەوا بە ئەندازیاران. لەگەڵ ڕێزدا

| | |
|---|---|
| عبدالرحمن علي كوردە<br>نەقیبی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان<br>2016/1/16 | عبدالمجيد عبدالحميد محمد<br>سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان<br>2016/1/16 |

KURDISTAN ENGINEERS UNION

وێنەیەك بۆ/

- وەزارەتی دارایی‌و ئابووری، بۆ هەمان مەبەست تکایە. لەگەڵ ڕێزدا.
- یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان/ کۆمیتەی باڵا، بۆ ئەنجامدانی پێویست. لەگەڵ ڕێزدا.
- سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان/ ئەنجومەنی سەندیکا، بۆ ئەنجامدانی پێویست. لەگەڵ ڕێزدا.
- لق‌و نوێنەرایەتیەکانی سەندیکاو یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان، بۆ ئەنجامدانی پێویست. لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێز ئەندازیار شمال قادر عمر، تکایە بۆ بەدواداچوون لەسەری. لەگەڵ ڕێزدا.
- ماڵپەری سەندیکاو یەکێتی ئەندازیاران، بۆ دابەزاندنی. لەگەڵ ڕێزدا.
- دۆسیەی تایبەت.

Mobile, Sulemany: 07701520353 - 07701537318
Web: www.andazyaran.org
E-mail: info@ andazyar.org & info@ keu92.org

Mobile, Hewler: 07504456330 - 07504456300
Web: www.andazyar.org
E-mail: aakurde@yahoo.com & info@ andazyar.org

سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION
نقابة مهندسي كوردستان

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION
إتحاد مهندسي كوردستان

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەن**

بابەت/ سندووقی خانەنشینی ئەندازیارانی کەرتی تایبەت

بەڕێز ... لەم بارودۆخە قەیراناویەی هەرێمی کوردستانو بێ مووچەیی کارمەندان، هاندانی کارمەندانی حکومەت بۆ کارکردن لە کەرتی تایبەت یەکێکە لە ڕێگاکان بۆ کەم کردنەوەی باری قورسی سەرشانی حکومەت. بۆیە هەر لەم روانگەیەوە، هەردوولامان، بۆ بەشداریەکی رەمزی لەم پرۆسەیەدا هەنگاومان هاوێشتووە بە ڕێگەدان بە ئەندازیارانی کارمەند لە حکومەت کە مۆڵەتی بەبێ مووچە وەردەگرن، بۆ کردنەوەی نووسینگەی ئەندازەییو راوێژکاری بۆ خۆیانو رووکردن لە کەرتی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە. بۆ دلگەرمی بۆ ئەم پرۆسەیەش بە پێویست دەزانرێت حکومەتی هەرێمیش هاوکارمان بێت بۆ ئەوەی بتوانین بارودۆخێکی گونجاو بۆ ئەم پرۆسەیە بخولقێنین، ئەویش بە رەزامەندی دان لەسەر درافتی (سندووقی خانەنشینی ئەندازیارانی کەرتی تایبەت) کە ماوەیەکی زۆرە پێشکەش کراوەو هەموو هەنگاوە پێویستەکانی کارگێڕیو یاسایی لەسەر ئەنجام دراوە بۆ ناردنی بۆ پەرلەمان بۆ پەسند کردنو بە یاسا کردنی. بۆیە بەناوی کۆبوونەوەی هاوبەشی (سەندیکاو یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان) لە رۆژی شەممە رێکەوتی (2016/1/16) لە هەولێر، داوا لە بەرێزتان دەکەین بفەرموون بۆ ئەنجام دانی ئەوەی پێویست بێت بۆی. لەگەڵ رێزدا

عبدالرحمن علي كوردە
نەقیبی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
2016/1/16

عبدالمجيد عبدالحميد محمد
سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
2016/1/16

سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
کۆمیتەی باڵا

**وێنەیەك بۆ/**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان، بۆ هەمان مەبەست. لەگەڵ رێزدا.
- وەزارەتی داراییو ئابووری/ نووسینگەی بەرێز وەزیر، بۆ هەمان مەبەست. لەگەڵ رێزدا.
- یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان/ کۆمیتەی باڵا، بۆ ئەنجامدانی پێویست. لەگەڵ رێزدا.
- سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان/ ئەنجومەنی سەندیکا ، بۆ ئەنجامدانی پێویست. لەگەڵ رێزدا.
- لیژنەی نووسینگەکانی هەولێرو سلێمانی، بۆ گشتاندنی. لەگەڵ رێزدا.
- لقو نوێنەرایەتیەکانی سەندیکاو یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان. بۆ گشتاندنی. لەگەڵ رێزدا.
- بەرێز ئەندازیار شمال قادر عمر، تکایە بۆ بەدواداچوون لەسەری. لەگەڵ رێزدا.
- ماڵپەری سەندیکاو یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان، بۆ دابەزاندنی بە فراوانی. لەگەڵ رێزدا.
- دۆسیەی تایبەت.

Mobile, Sulemany: 07701520353 - 07701537318
Web: www.andazyaran.org
E-mail: info@ andazyar.org & info@ keu92.org

Mobile, Hewler: 07504456330 - 07504456300
Web: www.andazyar.org
E-mail: aakurde@yahoo.com & info@ andazyar.org

• هەر لەهەمان کۆبونەوەدا دوو نوسراوی هاوبەش ئاراستەی وەزارەتی پلاندانان کراوە بەمەبەستی ( کارکردنی ئەندازیاران لە کۆمپانیاکان و پۆلێنکردنی کۆمپانیاکان ) و داکۆکی کراوە لەسەر مافی ئەندازیاران.

| | |
|---|---|
| سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان<br>KURDISTAN ENGINEERS UNION<br>نقابة مهندسي كوردستان | یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان<br>KURDISTAN ENGINEERS UNION<br>إتحاد مهندسي كوردستان |

**بۆ/ وەزارەتی پلاندانان/ نووسینگەی بەڕێز وەزیر**

بابەت/ کارکردنی ئەندازیار لە کۆمپانیاکان

بەڕێز ...، لە هەموو باروو دۆخێکدا، کەسانی نەفس نزم هەوڵ دەدەن کەڵك لە هەر دەرفەتێ وەربگرن کە بۆیان دەرەخسێ. بارووەدۆخی ئەمڕۆی عێراقیش گونجاوە بۆ ئەو کەسانە. بۆیە بۆ ڕێگەگرتن لەم دیارەیەو تەزویری بەلگەنامەکانو خۆنیشاندان بە کەسایەتی ئەندازیار کە لەوانەیە بخزێنە ناو کۆمپانیاکان کە ئەو مافەی نەبێت، وەك لایەنێکی راستەوخۆی پەیوەندیدار، بە پێویست دەزانین لە بەڕێزتان داوا بکەین بەهیچ جۆرێك بەبێ پشتگیری ئێمەی نوێنەرانی ئەندازیاران ڕێگا نەدرێت کەس بەناوی ئەندازیار لە کۆمپانیاکان کار بکات. چونکە لەلای ئێمە بۆ ساغ کردنەوەو پشت ڕاست کردنی بڕوانامەکانو کەسایەتی ئەندازیار، چەندین فلتەر دانراوە. لەگەڵ هەموو جددی بوونی ئێمەشدا، جاروبارە حالەتی وا دێتە پێش کە لە فلتەرەکان دەربازی دەبێتو دواتر ڕوون دەبێتەوە بۆمان.

لەگەڵ ڕێزدا.

| | |
|---|---|
| **عبدالرحمن علی کوردە**<br>**نەقیبی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان**<br>2016/1/16 | **عبدالمجید عبدالحمید محمد**<br>**سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**<br>2016/1/16 |

KURDISTAN ENGINEERS UNION

کۆمیتەی باڵا

**وێنەیەك بۆ/**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان، بۆ هەمان مەبەست تکایە بفەرموون بە گشتاندنی. لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان، بۆ هەمان مەبەست. لەگەڵ ڕێزدا.
- یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان، بۆ پشتگیری کردنمان. لەگەڵ ڕێزدا.
- یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان/ کۆمیتەی باڵا، بۆ ئەنجامدانی پێویست. لەگەڵ ڕێزدا.
- سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان ئەنجومەنی سەندیکا، بۆ ئەنجامدانی پێویست. لەگەڵ ڕێزدا.
- لیژنەی نووسینگەکانی هەولێرو سلێمانی، بۆ گشتاندنی لەسەر نووسینگەکان. لەگەڵ ڕێزدا.
- لقو نوێنەرایەتیەکانی سەندیکاو یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان. بۆ ئەنجامدانی پێویست. لەگەڵ ڕێزدا.
- ماڵپەری سەندیکاو یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان، بۆ دابەزاندنی بە فراوانی. لەگەڵ ڕێزدا.
- دۆسیەی تایبەت.

| | |
|---|---|
| Mobile, Sulemany: 07701520353 - 07701537318<br>Web: www.andazyaran.org<br>E-mail: info@ andazyar.org & info@ keu92.org | Mobile, Hewler: 07504456330 - 07504456300<br>Web: www.andazyar.org<br>E-mail: aakurde@yahoo.com & info@ andazyar.org |

سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION
نقابة مهندسي كوردستان

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION
إتحاد مهندسي كوردستان

**بۆ/ وەزارەتی پلاندانان/ نووسینگەی بەڕێز وەزیر**

بابەت/ پۆلێن کردنی کۆمپانیاکان

هەروەك بەڕێزتان ئاگادارن ... بەپێی پەیرەوەکانو ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێم، لەکاتی دامەزراندنو پۆلێن کردنی کۆمپانیاکان، بوونی (ئەندازیارو پارێزەرو ژمێریار) یەکێك بووە لە مەرجە سەرکیەکان. بەڵام ئێستا وەك بیستوومانەو کاری پێدەکرێت، لەلایەن بەڕێزتانەوە فەرمان دراوە بە هەڵگرتنی ئەم مەرجە لەکاتی دامەزراندنو نوێ کردنەوەی پۆلێن (تصنیف)ی کۆمپانیاکانو بەڵێندەران کە ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ پەیرەوی ژمارە (1)ی ساڵی (2007)ی تایبەت بە پۆلێن کردنی کۆمپانیاکان. لەکاتێکدا بوونی ئەم سێ کەسایەتیە لە کۆمپانیاکاندا بە پێویست دەزانرێتو لابردنی ئەم مەرجە زیان دەگەیەنێو نایاساییە، لەهەمان کاتدا دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی هەلی کار بۆ ئەم سێ توێژە بەتایبەتیش لەم بارودۆخەی ئەمڕۆی قەیرانەکاندا. بۆیە لەسەر بڕیاری کۆبوونەوەی هاوبەشی (سەندیکاو یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان) لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (2016/1/16) لە هەولێر، داوا لە بەڕێزتان دەکەین بفەرموون بۆ گێڕانەوەی مەرجی بوونی ئەندازیار لەکاتی نوێ کردنەوەی پۆلێن (تصنیف)ی کۆمپانیاکان. لەگەڵ ڕێزدا.

**عبدالرحمن علي كوردە**
**نەقیبی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان**
2016/1/16

**عبدالمجيد عبدالحميد محمد**
**سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**
2016/1/16

**وێنەیەك بۆ/**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان، بۆ هەمان مەبەست تکایە. لەگەڵ ڕێزدا.
- یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان، بۆ پشتگیری کردنمان. لەگەڵ ڕێزدا.
- یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان/ کۆمیتەی باڵا، بۆ ئەنجامدانی پێویست. لەگەڵ ڕێزدا.
- سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان ئەنجومەنی سەندیکا، بۆ ئەنجامدانی پێویست. لەگەڵ ڕێزدا.
- لیژنەی نووسینگەکانی هەولێرو سلێمانی، بۆ گشتاندنی لەسەر نووسینگەکان. لەگەڵ ڕێزدا.
- لق و نوێنەرایەتیەکانی سەندیکاو یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان. بۆ ئەنجامدانی پێویست. لەگەڵ ڕێزدا.
- ماڵپەری سەندیکاو یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان، بۆ دابەزاندنی بە فراوانی. لەگەڵ ڕێزدا.
- دۆسیەی تایبەت.

Mobile, Sulemany: 07701520353 - 07701537318
Web: www.andazyaran.org
E-mail: info@ andazyar.org & info@ keu92.org

Mobile, Hewler: 07504456330 - 07504456300
Web: www.andazyar.org
E-mail: aakurde@yahoo.com & info@ andazyar.org

● بەهەمان شێوە نوسراوێکی هاوبەشیشیان ئاڕاستەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن کردوە تایبەت بە ( پەیڕەوی نوسینگە ئەندازەیی و ڕاوێژکاریەکان ).

**سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان**
KURDISTAN ENGINEERS UNION
**نقابة مهندسي كوردستان**

**یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**
KURDISTAN ENGINEERS UNION
**إتحاد مهندسي كوردستان**

**بۆ/ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن/ نووسینگەی بەڕێز وەزیر**

بابەت/ پەیڕەوی نووسینگە ئەندازەییو راوێژکاریەکان

بەڕێز ... لەم بارودۆخە قەیراناویەی هەرێمی کوردستانو بێ مووچەیی کارمەندان، هاندانی کارمەندانی حکومەت بۆ کارکردن لە کەرتی تایبەت یەکێکە لە ڕێگاکان بۆ کەم کردنەوەی باری قورسی سەرشانی حکومەت. بۆیە هەر لەم روانگەوە هەردوولامان بۆ بەشداریەکی رەمزی لەم پڕۆسەیەدا هەنگاومان هاوێشتووە بە ڕێگەدان بە ئەندازیارانی کارمەند لە حکومەت کە مۆڵەتی بەبێ مووچە وەردەگرن بۆ کردنەوەی نووسینگەی ئەندازەییو راوێژکاری بۆ خۆیانو رووکردن لە کەرتی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە. بۆ دلگەرمی بۆ ئەم پڕۆسەیەش پێویستە حکومەتی هەرێمیش هاوکارمان بێت بۆ ئەوەی بتوانین بارودۆخێکی گونجاو بۆ ئەم پڕۆسەیە بخوڵقێنین ئەویش بە کارکردن بە پەیڕەوی ژمارە (3)ی ساڵی (2011) کە (پەیڕەوی نووسینگە ئەندازەییو راوێژکاریەکان)و لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە واژۆکراوە. کارنەکردن بەم پەیڕەوە بواری کارکردنی ئەندازیاران زۆر بەرتەسك دەکاتو هیچ چوارچێوەیەك نامێنێ بۆ کارە ئەندازەییو راوێژکاییەکان بەسەر پڕۆژەکانەوە. بۆیە بەناوی کۆبوونەوەی هاوبەشی (سەندیکاو یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان) لە رۆژی شەممە رێکەوتی (2016/1/16) لە هەولێر، داوا لە بەڕێزتان دەکەین بفەرموون بۆ ئەنجام دانی ئەوەی پێویست بێت بۆ کارکردن بەم پەیڕەوە کە خزمەتیش بە حکومەت دەکات. لەگەڵ رێزدا

**عبدالرحمن علي كوردە**
**نەقیبی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان**
**2016/1/16**

**عبدالمجید عبدالحمید محمد**
**سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان**
**2016/1/16**

KURDISTAN ENGINEERS UNION

**وێنەیەك بۆ/**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان. بۆ هەمان مەبەست تکایە. لەگەڵ رێزدا.
- یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان/ کۆمیتەی باڵا، بۆ ئەنجامدانی پێویست. لەگەڵ رێزدا.
- سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان/ ئەنجومەنی سەندیکا، بۆ ئەنجامدانی پێویست. لەگەڵ رێزدا.
- لیژنەی نووسینگەکانی هەولێرو سلێمانی، بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست. لەگەڵ رێزدا.
- بەڕێز ئەندازیار صلاح الدین فخرالدین، تکایە بۆ بەدواداچوون لەسەری. لەگەڵ رێزدا.
- لق و نوێنەرایەتیەکانی سەندیکاو یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان. بۆ ئەنجامدانی پێویست. لەگەڵ رێزدا.
- ماڵپەری سەندیکاو یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان، بۆ دابەزاندنی بە فراوانی. لەگەڵ رێزدا.
- دۆسیەی تایبەت.

Mobile, Sulemany: 07701520353 - 07701537318
Web: www.andazyaran.org
E-mail: info@ andazyar.org & info@ keu92.org

Mobile, Hewler: 07504456330 - 07504456300
Web: www.andazyar.org
E-mail: aakurde@yahoo.com & info@ andazyar.org

● لەهەمان کۆبونەوەی هاوبەشی ڕۆژی شەممەی ٢٠١٦/١/١٦دا فەرمانێکی هاوبەش دەرکراوە تایبەت بە پێکهێنان لیژنەیەک یان سەنتەرێکی تایبەتمەند لەهەردوولا بۆ مەبەستی ( دیراسات و لێکۆڵینەوە و ڕاهێنان )ی کارە زانستیەکان و بەدواداچوون بۆ پرۆژەکان.

سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION
نقابة مهندسي كوردستان

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION
إتحاد مهندسي كوردستان

## فەرمانی هاوبەش

لەسەر بڕیاری کۆبوونەوەی هاوبەشی سەندیکاو یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (2016/1/16) لە هەولێر، بڕیاردرا بۆ:-

کارکردن لەسەر پێکهێنانی لێژنەیەك یان سەنتەرێکی تایبەتمەند لە هەردوولامان وەك ناوەندێك بۆ مەبەستی (دیراسات‌و لێکۆڵینەوەو ڕاهێنان)ی کارە زانستیەکان‌و هەروەهاش بەدواداچوون لەسەر پڕۆژەکان‌و ڕەئیدان لەسەر چونیەتی کارەکانیان لەڕووی ئەندازەییەوە.

عبدالرحمن علی کوردە
نەقیبی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
2016/1/16

عبدالمجید عبدالحمید محمد
سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
2016/1/16

وێنەیەك بۆ/
- یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان/ کۆمیتەی باڵا، بۆ ئەنجامدانی پێویست. لەگەڵ ڕێزدا.
- سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان/ ئەنجومەنی سەندیکا، بۆ ئەنجامدانی پێویست. لەگەڵ ڕێزدا.
- لێژنەی نووسینگەکانی هەولێرو سلێمانی، بۆ ئاگاداریتان. لەگەڵ ڕێزدا.
- لق‌و نوێنەرایەتیەکانی سەندیکاو یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان. بۆ ئاگاداریتان. لەگەڵ ڕێزدا.
- ماڵپەری سەندیکاو یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان، بۆ دابەزاندنی بە فراوانی. لەگەڵ ڕێزدا.
- دۆسیەی تایبەت.

Mobile, Sulemany: 07701520353 - 07701537318
Web: www.andazyaran.org
E-mail: info@ andazyar.org & info@ keu92.org

Mobile, Hewler: 07504456330 - 07504456300
Web: www.andazyar.org
E-mail: aakurde@yahoo.com & info@ andazyar.org

● لەبەرواری ٢٠١٦/٢/١٠دا، ئەندازیارانی کوردستان وەک سەرجەم چین و توێژەکان گردبونەوەیەکی ناڕەزاییان لەبەردەم بارەگای **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** لەشاری سلێمانی ڕێکخست و تیایدا **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** بەیاننامەیەکی ناڕەزایی بڵاوکردەوە دەربارەی کەمکردنەوەی مووچەی ئەندازیاران و فەرمانبەران و برسیکردنی جەماوەری میلەتەکەمان و چەند داواکاریەیان خستە ڕوو..

**نا بۆ کەمکردنەوەی**

**مووچە و برسیکردنی فەرمانبەران و میلەت...**

==============================

• ئاشکرایە ماوەی ٢ ساڵ زیاترە کە هەرێمەکەمان ڕووبەڕووی قەیرانێکی دارایی توند بۆتەوە و لەهەمانکاتیشدا بەرگریەکی قارەمانانە دەکات دژی چەتە و کۆنە پەرستانی داعشی تیرۆریست و قوربانی و گیانفیداییەکی گەورەی نواندوە لەسەنگەری پێشەوەی بەرگریکردندا لەمان و بونی دەسەلاتی کوردی لە ڕۆژئاوا و باشوری کوردستاندا و لەجیاتی هەموو جیهان لە سەنگەری یەکەم و پێشەوەی جەنگی دژی تیرۆردایە .بەلام هەموو ئەم هۆکارانە لە زۆربەی ولاتانی ناوچەکە و تەنانەت عێراقیشدا هەیە و بەلام نەبۆتە هۆی برین و نەدانی مووچەی فەرمانبەران و هۆکاری برسیکردن و ئانبرینی میلەتێکی ٥ ملیۆنی کەسی و نەهێشتنی بازاڕ و بازرگانی و ئاوەدانی و وەستاندنی پرۆژە ئاوادانیەکانیان و تەواوی ژیان وەك لە هەرێمەکەماندا ڕوودەدات.

لەلایەکی تریشەوە بوونی گەندەڵیەکی زۆر و بڕوا نەبوون بە ئازادی و دیموکراسی و سەروەری یاسا و ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتیانەی دەسەلات و حەزکردن بە قۆرخکاری و پاوانی دەسەلات ، بونەتە مایەی لێکترازانی ناوخۆی ماڵی کوردی و نەهێشتنی کۆدەنگی نیشتمانی سیاسی و جەماوەری و پەکخستنی دەزگا شەرعی و هەڵبژێردراوەکانی هەرێمەکەمان لە پەرلەمانی کوردستان و پەکخستنی حکومەتدا .

• وەك ئەندازیاران بە هەموو شێوەیك ئەم کارەی حکومەت ڕەت دەکەینەوە وجەخت لە جێبەجێکردنی ئەم خالانە دەکەینەوە:-

١.دژی ئەم خشتە نوێیەی موچەی فەرمانبەراین بە گشتی و ڕەتیدەکەینەوە.

٢.داوای ئاشکرا کردنی داهاتی ڕاستەقینەی ئەم میللەتەین لە هەموو بوارەکاندا.

٣.داوای گەڕانەوەی پارە بەهەدەردراوەکانی ئەم میللەتەو نەوەکانی داهاتوو ئەکەین لە بانکەکانی دەرەوە.

٤- داوای نەهێشتنی فەرمانبەری بندیوار و خانەنشینی نا ئاسایی کە سەرچاویەکی سەرەکیە بۆ گەندەڵی.

٥.بەرگریکردن و وەرگرتنەوەی مافی ئەندازیاران بەگشتی .

٦- ئەگەر ئەم خالانە جێبەجێنەکرێت وەك ئەندازیاران هەنگاو و هەڵوێستی ترمان دەبێت، وەبەهیچ شێوەیەك بەرپرسین نین لە پەك خستنی کەرتە خزمەتگوزاریەکان، ئەو بوارانەی کە ئەندازیار ڕۆڵی کاریگەریان هەیە تێیدا .

سلاو لە قارەمانێتی پێشمەرگەو سەربەرزی بۆ شەهیدانی کورد و کوردستان

سلاو لە خۆڕاگری و دڵسۆزی ئەندازیاران و سەرجەم چین و توێژەکانی گەلەکان

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان

٢٠١٦/٢/ ١٠

لەبەرواری ٢٠١٦/٢/٢٠ ڕۆژی شەممە کاتژمێر ١١ی پێشنیوەڕۆ لە بارەگای **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** لە سلێمانی ، دەستەی ڕاوێژکاری کە بەرزترین دەسەڵاتە لە **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستاندا** دوای کۆنگرەی گشتی ، کۆبونەوەی ژمارە ( ٥٩ )ی ئاسایی خۆی ئەنجامدا، بە سەرۆکایەتی ئەندازیار/ ڕەنج عبدالحمید / سەرۆکی یەکێتی ئەندازیاران و ئامادەبوونی ئەندامانی کۆمیتەی باڵا و نوێنەرانی سەرجەم لقەکانی (سلێمانی و کەرکوک و هەولێر و خانەقین) و ژمێریاری یەکێتی ئەندازیاران و سەرنوسەری گۆڤاری ئەندازیارانیش ئامادەی کۆبونەوەکە بوون.



سەرەتای کۆبونەوەکە بە ساتێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان و قارەمانێتی پێشمەرگە نەبەزەکانی کورد و کوردستان دەستیپێکرد و دواتر بەپێی بەرنامەی کۆبونەوەکە باس لەسەر بابەتەکان کرا : وەک مەسەلەی دروستکردنی بینایەکی نوێ و تەواوکردنی سەرژمێری ئەندازیاران لە لقەکانداو گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی و پیشەیی بەرانبەر ئەو ئەندازیارانەی کە دوور لە داب و نەریت و ئادابی پیشەیی هەڵوسەکەوت دەکەن بەرانبەر یەکێتی ئەندازیاران و ناوناتۆرە و ناوزڕاندنی نەگونجاو ئاراستەی یەکێتی



ئەندازیارانی دەکەن ،دواتریش نوێنەرانی لقەکانیش هەریەکەیان باسی لەکێشە و گرفت و داواکاریەکانی لقەکانیان کرد و ، بڕیاری پێویست لەبارەیانەوە درا.

● لە کۆتاییدا ڕاپۆرتی دارایی یەکێتی ئەندازیاران لەلایەن ژمێریاری یەکێتیەوە خوێندرایەوە لە بەرواری ٢٠١٥/١/١وە تا ٢٠١٥/١٠/٣١ و لە ئەنجامدا داواکرا کە کۆمیتەی باڵا و لقەکانیش بە لەبەرچاوگرتنی باری ئابوری و قەیرانی دارایی کە هەرێمی گرتۆتەوە هەوڵبدرێت کە خەرجیەکان کەمبکرێتەوە.

دەستەی ڕاوێژکاری ئاسایی هەر سێ مانگ جارێک کۆبونەوەی خۆی ئەنجام دەدات و کۆبونەوەی داهاتوشی لە بەرواری ٢٠١٦/٥/٢٠ ئەنجام دەدات.

جێگەی باسە کە کۆبونەوەکە نزیکەی دوو کاتژمێری خایاند بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات..



● هاوکاری ئازیزمان ئەندازیار ( طاهر عبدالله قادر )/ بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی ، کتێبێکی نوێی بەناونیشانی (فڕۆکەخانە و گەشت) لەساڵی ٢٠١٦دا بە چاپی گەیاندوە .. ئەم کتێبە گرنگیەکی گەورەی هەیە بۆ بواری فڕۆکەوانی و گەشت ..



## کۆمەڵێک کار و چالاکی بۆ خزمەتی ئەندازیاران

● نوێنەرایەتی کەلاری سەر بە لقی کەرکوکی **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** لە نێوان ٨/٩ تا ١١/٢٢/ ٢٠١٥دا زنجیرەیەک کۆڕ و سمینار و سازدانی خولی ئەندازیاری بۆ ئەندازیارانی سنوری نوێنەرایەتیەکەیان سازداوە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری ئەندازیاران و بەدەسخستنی زانست و زانیاری نوێی ئەندازیاری لە بوارە جیاوازەکانی ئەندازیاریدا، ئەوەی جێگەی باسە کە لە سەرجەم ئەو سمینار و خولانەدا ١٩٦ ئەندازیار بەشداریان کردوە، و وانەکانی خولەکانیش لەلایەن ئەندازیارانی بەتوانا و شارەزاوە وتراونەتەوە و هەموو خولەکانیش بەبێ بەرامبەر بوون وەک هاوکاریەک و خزمەتکردنێکی ئەندازیاران. شایانی باسیشە کە ئەم کەس وفەرمانگانەی لای خوارەوەی قەزای کەلار هاوکاربوون بە دابینکردنی ٦ ئامێری تۆتەڵ ستەیشن بۆ خولەکان:

١. پەیمانگای تەکنیکی کەلار/ بەشی رووپێوی
٢. ب. گشتی تەندروستی گەرمیان/ پلان
٣. ب. ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون
٤. ئەندازیار ( کۆمەڵ کریم محمد )

| ز | ناوی خول یان سمینار | بەرواری ئەنجامدانی | کات | ژمارەی بەشداربوان | ڕاهێنەر ( ئەندازیار) |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئۆتۆکاد (Autocad ) | ٢٠١٥/٨/٢٠-٨/٩ | ٤٠:٣٠ تا ٦:٣٠ | ٣٢ | محمد تحسین محمد |
| ٢ | سمینار لەسەر کێشەکانی قیر و چارەسەری | ٢٠١٥/٨/٢٤ | ١٠:٠٠ بەیانی | ٥٣ | دلێر حسن حسین |
| ٣ | مایکرۆسۆفت پرۆجێکت (M.S.Project) | ٢٠١٥/٩/٣ — ٨/٣٠ | ٤:٣٠ تا ٦:٣٠ | ٢٢ | |
| ٤ | تۆتەڵ ستەیشن (Total station ) | ٢٠١٥/٩/١٧ — ٩/١٣ | ٤:٣٠تا٦:٣٠ | ٥٥ | قادر سعدون عبدول<br>کۆمەڵ کریم محمد |
| ٥ | Autocad civil 3d | ٢٠١٥/١١/٢٢ — ١١/٨ | ٤:٣٠ تا ٦:٣٠ | ٣٤ | محمد عباس احمد |





















● لەبەرواری ٢٠١٦/١/٢٠ ڕۆژی ٤ شەممە کاتژمێر ٤ ی پاشنیوەڕۆ لە هۆڵی لقی سلێمانی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان لەلایەن ئەندازیاری ڕاوێژکاری شارستانی (ئاسۆ عبدالغفور فقێ ڕەحیم) ماستەر لە ( Civil-Structure Engineering) سیمینارێکی ئەندازیاری سازکرا بەناونیشانی ( کۆنکرێتکردنی ڕێگا بە سکێچی بەردەوام ) Contiuoaly Renforced Concrte Paverment . شایانی باسە ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندازیاران ئامادەی سیمینارەکە بوون و بەپرسیار و بەشداریکردنیان هێندەی تر سیمینارەکەیان دەوڵەمەند کرد و نزیکەی کاتژمێر و نیوێکی خایاند..





## کۆمەڵێک کار و چالاکی بۆ خزمەتی ئەندازیاران

● به سەرپەرشتی بەڕێز ڕاگری فاکەڵتی ئەندازیاری و هاوکاری ڕاگرایەتی و سەرۆکایەتی بەشی « ئەندازیاری ئاودێری » و نوێنەرایەتی گشتی خوێندکاران ، خولی «ناسینی جۆرەکانی کەسایەتی لە کارو پیشەی ئەندازیاری بە پێوانەی مایرز بریکز» ئەمەریکی لەلایەن ڕاهێنەری باوەڕپێکراوی جیهانی ئەندازیار «م. بڕهان محمد شریف» بۆ ژمارەیەک لە خوێندکاران و دەرچوانی فاکەڵتی ئەندازیاری،لە ڕۆژانی ٢شەممە ٢-٢ بۆ ٥ شەممە ٥-٢-٢٠١٥ لەماوەی «١٢ کاتژمێر»بە سەرکەوتوویی بەکۆتا گەیشت.



● بەسەرپەرشتی بەڕێز ڕاگری فاکەڵتی ئەندازیاری و هاوکاری ڕاگرایەتی و سەرۆکایەتی بەشی « ئەندازیاری ئاودێری » و نوێنەرایەتی گشتی خوێندکاران ، خولی «پلانی ستراتیژی تاکەکەس» لەلایەن ڕاهێنەری باوەڕپێکراوی جیهانی ئەندازیار مامۆستا «بڕهان محمد شریف» بۆ ژمارەیەک لە خوێندکاران و دەرچوانی فاکەڵتی ئەندازیاری ،لە ڕۆژانی ٢شەممە بۆ ٥ شەممە ٨-٣ بۆ ١٠-٣-٢٠١٥ لەماوەی«١٥ کاتژمێر»بە سەرکەوتوویی بەکۆتا گەیشت. شایەنی باسە کۆتا ڕۆژ هاوکات ڕۆژی پۆشینی پۆشاکی کوردی بوو.



- **پەیمانگای ڤیوگروپ** بۆ ڕاهێنان و پەرەپێدان-هۆڵی **یەکێتی** **ئەندازیارانی** **کوردستان**
- خولی پلانی ستراتیجی تاکەکەس

ڕۆژانی ٦بۆ ١٥ –٤ –٢٠١٥ پەیمانگای ڤیوگروپ بۆ ڕاهێنان و پەرەپێدان بە سپۆنسەری کۆمپانیای ڤیوپایەنیر کۆتایی هێنا بە خولی « پلانی ستراتیجی تاکەکەس » بۆ ژمارەیەک لە ئەندازیارانی زیاتر لە « ١٢ » دەزگای حکومی و کەرتی تایبەت لەسنووری شاری سلێمانی ، شایەنی باسە خوولەکە لەلایەن ڕاهێنەری باوەڕپێکراوی جیهانی ئەندازیار « م. برهان محمد شریف » وە پێشکەش کرا .بەشداربوان بە دوو گروپی جیاوازی یەک لەدوا یەک لە دوو هەفتەدا، بۆماوەی ١٥ کاتژمێر لە «٣» ڕۆژدا بەستاندەری –ئەکادیمیای جیهانی باڵیۆزانی گەشەپێدان – پرۆگرامی خولەکەیان وەرگرت ، هەروەها بەشداربوان بڕوانامەی بەشداریکردنی پەیمانگای ڤیوگروپیان پێبەخشراو و بڕوانامەی نێودەوڵەتی «ئەکادیمیای جیهانی باڵیۆزانی گەشەپێدان» یان وەرگرت.





- تەوەرەکانی خولەکە ئەم بابەتانەی لەخۆگۆتبوو:

– ناسنامە و بەهاکان.

- چۆنیەتی پلان دانان.
- چوارگۆشەی دیاریکردنی خاڵە بەهێزو لاوازەکان .هەل و کۆسپەکان و مۆدیلی سواتSOWT.
- دەست نیشانکردنی ستراتیجی گونجاو بۆ ئێستا وئاینده.
- خەون وئامانجەکان،ئامانجی ستراتیجی لە ژیاندا.
- دیاریکردنی روانین و روانینی ستراتیجی لە ژیاندا Visions and Strategic Visions.
- دیاریکردن و نووسینی پەیام لە ژیان Mission.



● کۆرسی فێربوونی « پلان و تەکنیکی ئەندازیاری بۆ دیزاین و دروستکردنی شارێگە و رێگاوبان» رۆژی ٤شەممە بەرواری ٢٠-٥-٢٠١٥ بە هاوکاری لقی زانکۆکانی سلێمانی-کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان،کۆتایی هێنرا بە کۆرسێکی «٤٠» کاتژمێری تیۆری و راهێنان،تایبەت بە- پلان و تەکنیک و هەنگاوە پێویستەکانی دیزاین و دروستکردنی شارێگە و رێگاوبان-بۆ ژمارەیەک لە دەرچووی کولێجی ئەندازیاری , شایەنی باسە ئەم کۆرسە لە ٨-٤-٢٠١٥ دە ستی پێکردوو و لەلایەن راهێنەر و مامۆستا « برهان محمد شریف »وە ووترایەوە لە کۆتایی کۆرسە کە بە شداربوان بروانامەی بە شداربوونیان پێبەخشرا.





خشتەی چالاکیەکانی بەرێز «م. برهان محمد شریف»کە مامۆستا و راهێنەری باوەرپێکراوی جیهانی گەشەپێدانی مرۆییە لە بەشی ئاودێری.

| ز | ناونیشانی چالاکی | دەزگای ڕێکخەری چالاکی | شوێنی چالاکی | ڕۆژی چالاکی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | خولی جۆرەکانی کەسایەتی بە پێوانەی مایرز بریگز بۆ فەرمانبەرانی فاکەڵتی | ڕاگرایەتی فاکەڵتی | هۆڵی فـ١ بەشی ئاودێری | ٢٠-٢٠١٤/٧/٢١ |
| ٢ | خولی جۆرەکانی کەسایەتی بە پێوانەی مایرز بریگز بۆ فەرمانبەران | ڕاگرایەتی فاکەڵتی | هۆڵی فـ١ بەشی ئاودێری | ١٢و ٢٠١٤/٨/١٣ |
| ٣ | خولی جۆرەکانی کەسایەتی بە پێوانەی مایرز بریگز بۆ ئەندازیارو موعیدەکان | ڕاگرایەتی فاکەڵتی | هۆڵی فـ١ بەشی ئاودێری | ١٣و ٢٠١٤/١٠/١٤ |
| ٤ | خولی پلانی ستراتیجی تاکەکەس بۆ ئەندازیارنی فاکەڵتی | ڕاگرایەتی فاکەڵتی | هۆڵی فـ١ بەشی ئاودێری | ٢٥و ٢٠١٤/١٠/٢٦ |
| ٥ | خولی جۆرەکانی کەسایەتی بە پێوانەی مایرز بریگز بۆ مامۆستایانی فاکەڵتی | ڕاگرایەتی فاکەڵتی | هۆڵی فـ١ بەشی ئاودێری | ١١/٣٠ بۆ ٢٠١٤/١٢/٣ |
| ٦ | خولی پلانی ستراتیجی تاکەکەس بۆ مامۆستایانی فاکەڵتی ئەندازیاری | ڕاگرایەتی فاکەڵتی – دڵنیایی جۆری | هۆڵی فـ١ بەشی ئاودێری | ٨ بۆ ٢٠١٤/١٢/١١ |
| ٧ | خولی جۆرەکانی کە سایەتی بە پێوانەی مایرز بریگز بۆ خویندکاران و دە رچوانی فاکەڵتی ئەندازیاری | ڕاگرایەتی فاکەڵتی | هۆڵی فـ١ بەشی ئاودێری | ٢ بۆ ٢٠١٥/٢/٥ |
| ٨ | خولی پلانی ستراتیجی تاکەکەس بۆ خوێندکاران و دەرچوانی فاکەڵتی | ڕاگرایەتی فاکەڵتی | هۆڵی فـ١ بەشی ئاودێری | ٨ بۆ ٢٠١٥/٣/١٠ |
| ٩ | خولی جۆرەکانی کەسایەتی بەپێوانەی مایرز بریگز بۆ خویندکاران | ڕاگرایەتی فاکەڵتی | هۆڵی فـ١ بەشی ئاودێری | ٢٤-٢٠١٥/٣/٢٦ |
| ١٠ | خولی پلانی ستراتیجی تاکەکەس بۆ خوێندکاران | ڕاگرایەتی فاکەڵتی | هۆڵی فـ١ بەشی ئاودێری | ١٤بۆ ٢٠١٥/٣/١١٧ |
| ١١ | کۆرسی پلان و هەنگاوە ئەندازیاریەکانی دیزاین و دروستکردنی شارێگا و ڕێگاوبان | لقی زانکۆکانی سلێمانی کۆمەڵەی خویندکاران | هۆڵی بەڕێوبەرایەتی | ٤/٨ بۆ ٢٠١٥/٥/٢٠ |
| ١٢ | خولی هونەری دەربڕینی کاریگەر – فن الالقاء المؤثر بۆ ئەندازیارانی فاکەڵتی | ڕاگرایەتی فاکەڵتی | هۆڵی فـ١ بەشی ئاودێری | ١٦ و ١٧ ٢٠١٥/١١/ |


پیرۆزبایی
بەبۆنەی
هاتنەوەی جەژنی سەریساڵی کوردی ٢٧١٦
و جەژنەکانی نەورۆز و ڕاپەڕین
گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی ئاڕاستەی سەرجەم ئەندازیارانی ئازیز دەکەین و خوازیارین کە هەموو ڕۆژێکیان هەر جەژن ونوێبونەوە بێت و کوردو کوردستانیش لە جەنگ و بەڵای کۆنەپەرستان و تیرۆریستانی داعش و هاوشێوەکانیان پارێزراو بێت و کوردستانمان لەم قەیرانی داراییە ڕزگاری ببێت و هێزی پێشمەرگەی قارەمانی پارێزەری سەروەت و سامان و شەرەف و کەرامەتی کوردایەتیمان سەربەرز و سەر فرازبن وگیانی ڕاپەڕینیش بەردەوامی هەبێت بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارە نادیموکراسی و دژبە بەرژەوەندی میلەتەکەمان..
وئەندازیارانیش شانبەشانی هێزی پێشمەرگەی قارەمان قۆڵی مەردانەو ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی ئابوری و ژێر خانی داتەپیوی کوردستانی لێهەڵماڵن لە پێناو زیاتر خزمەتکردنی گەلەکەمان و بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشگوزەرانیان.....
دووبارە پیرۆز بێت .....
گۆڤاری ئەندازیاران

# پیشەسازی مۆم

## industry of candles



ئەندازیاری شارەزا
نەوزاد عوسمان عبدالرحمن
بەڕێوەبەری کارگەی جگەرەو پوختەکردن و ترشاندنی توتن لە سلێمانی
nawzad_mohandis@yahoo.com

### پێشەکی :

مـۆم یەکێکە لەبەرهەمـە بەربلاوەکان لـە بەکارهێناندا لەهەمـوو وڵاتانی جیهاندا کە بریتیە لە دروسـتکراوێک لەبەرهەمـی لاوەکـی لەبەرهەمەکانـی پاڵاوتنـی نەوت کـە بریتیە لـە مۆمی پارافین کـە بە برێکـی زۆر هەیە و هەرزانیشـە،ئەو مۆمانەی کە زۆر ناسراون بریتیە لە مۆمی شێوەی لولەیی و گەلێک شێوەی هونەری جۆراوجۆری هەیە.


• مێژووی مۆمی ڕووناککردنەوە Candle History

کاتێـک مرۆڤـی سـەرەتایی لـە ئەشـکەوتەکاندا دەژیا،پێویسـتی بـە ئاگـر بـوو بـۆ خۆگەرمکردنەوە و ڕووناککردنەوەی ناو ئەشـکەوتە تاریک و سـاردەکان، هەربۆیە :

• مرۆڤی سـەدەی بەردینی یەکـەم Paleolithic یەکەم کەس بون کە ئاگریان کردۆتەوە و بەکاریشـیان هێناوە بۆ خـواردن ئامادەکردن.بەتایبەتیش خواردنی گۆشـتی ئاژەڵ.مـرۆڤ لەکاتی خواردن دروسـتکردندا هەسـتی بەوەکردووە کە ڕۆن و چەوریەکان توانای سـووتاندنیان هەیە وەکو سووتەمەنی. بۆیە پێدەچێت کە لێرەوە بیری لە دروستکردنی مۆمی ڕووناککردنەوە کردبێتەوە.

مۆمی مرۆڤە سـەرەتاییەکان لەسەر شـێوەی داروچیلکە و گژوگیـا بوە کە لەناو چـەوری ئاژەڵەکاندا چەقێنراون ودواتر ئاگریـان پێوەنراوە و هەڵگیراون و گوازراونەتەوە لە جێگەیەک بۆ جێگەیەکی تر.ئەو ڕەشـیانەی کە لەسەر دیواری ئەشـکەوتەکان بوون لە فەرەنسـا و ئیسـپانیا کە دەگەڕێنەوە بۆ ژیانی سـەردەمی مرۆڤی سەدەی بەردینی یەکەم بریتین لە دوکەڵی ئەو جۆرە مۆمانەی ئەو سەردەمە.

• میسـریە کۆنەکانیش،یەکەمیـن کەسـن کـە مۆمیـان بەکارهێناوە لـە ڕێگەی بەکارهێنانی مۆمی ڕووەکی Rush کە مۆم هەڵگرەکانیان لێدروستکراوە Torches لەڕێگەی هەڵکۆڵینـی ناوی ئەو لقە دارانەوە و پڕکردنی لە چەوری ئاژەڵ و چەقاندنیان لە ناویدا.



• ڕۆمانەکانیش یەکەم کەسن کە مۆمیان بە فتیلەوە بەکارهێناوە کە چەوری هەڵدەمژێت و ئاگری لێدەکەوێتەوە.

• لەسەدەکانی ناوەڕاستدا Middle Ages، شانەی هەنگ بەکارهاتوە لە دروستکردنی مۆمی ڕووناککردنەوەدا،چونکە شانەی هەنگ مۆمێکی بێ دووکەڵی بێ بۆنی هەیە.ئەم جۆرە لە مۆم تەنها لەلایەن دەوڵەمەندەکانەوە بەکاردەهێنرا لەبەر ئەوەی نرخەکەی گران بوو.

• لەسەردەمی داگیرکاراندا Colonial Time، مۆم دروستدەکران لە مۆمی پالأفتەی بەرهەمهاتوو لە درەختی کەمیت Bayberry لە ڕێگەی کوڵاندنی بەری مێوی Berries وە.

• لەکۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا،مۆمی عەنبەر بەکارهاتوە لە پیشەسازی مۆمی ڕووناککردنەوەدا.مۆمی عەنبەر لە بنچینەدا بریتیە لە جۆرێک لە چەوری هەبوو لە بۆشایی سەری نەهەنگی عەنبەرداSPERM و ئەو چەوریانە کۆبونەتەوە و دەقیان گرتووە و بونەتە ئەوەی کە دەناسرێت بە مۆمی عەنبەر. ئەو جۆرە مۆمە بۆنی نیە و لە هەموو ئەو جۆرە مۆمانە ڕەقترە کە لە سەدەکانی پێشوودا بەکارهاتوون لە پیشەسازی مۆمی ڕووناککردنەوەدا لەبەرئەوەی ئەو ڕووناکیەی کە لەم مۆمەوە دەردەچێت زۆر ڕوون و تیشکدەر بوون.

• لەساڵی ١٨٥٠دا مۆمی ڕووناککردنەوە دروستکرا لە مۆمی پارافین Paraffin Wax کە لەکاتی هەڵکردنیدا بە خاوێنی و نەبونی بۆنی پیس دەناسرێتەوە.توخمی پارافینیش لە پاشماوەی بەرهەمەکانی پالأوتنی نەوتی خاوەوە دەستدەکەوێت و توخمی ترشی ئەستیارکیشی تێدەکرێت Stearic Asid بۆ زیاتر ڕەق بوونی مۆمەکە. وشەی مۆمCandlle لە وشەی لاتینیەوە candera وە هاتوە کە بەمانای هەڵهاتن دێت.

• بەکارهێنانی مۆمیش تەنها لەلایەن میسری و ڕۆمانەکانەوە نەبوە بە تەنها،بەڵکو چینیەکانیش کێرکێیان کردوون کە چەوریان لە تۆوی داری چەور Tallon Tree دەرهێناوە.

• لە ئاسیاشدا مۆم Wax دەرهاتوە لە مێروویەکەوە بەناوی cocus سەرەڕای سەرچاوە ڕووەکیەکان، کە ئەم چەوریانە دەکرانە ناو لولە گەڵای ڕووەکەکانەوە.

• لە هندستانیش ، هندیەکان هەڵدەستان بە کوڵاندنی گوڵی قەرفە cinnamon و کراندنی مۆمە بە جێماوەکە لە دوای کوڵاندن و بەکارهێنانی لەکاری مۆمی ڕووناککردنەوەدا.بەڵام بەکارهێنانی مۆمی دروستکراو لە چەوری ئاژەڵی لە پەرستگاکاندا قەدەغە کرابوو.

• لەوسەری دونیاشەوە،دانیشتوانە ناوچەییەکان هەندێ بەروبومی وەکو بەری دەمانچەی ڕووەکی جوجوبا jojoba nuts کە درەختیلەیەکی بیابانە و جۆرە چەوریەک دەردەکات کە لە ئێستادا بۆ بەرهەمەکانی جوانکاری بەکاردێت بەکاریان دەهێنا کە جێگەی سەرەکی مەکسیک و ئەریزۆنا و کالیفۆرنیا بوو.




• بەرهەمە شیاوەکان بۆ خواردن زەیتی مۆمی wax oil بەرهەم دێنن کە لە پیشەسازی شامپۆکان و دروستکراوە جوانکاریەکاندا بەکاردێن.ئەو جۆرە دارەش ناودەبرێت بە ( Simmondsia chinensis) بۆ دەرهێنانی زەیت. هەروەها درەختیلەی وەکو مۆمی ئوس wax myrtle و کەمیت bayberries بەکاردەهێنا بۆ دەرهێنانی مۆم. کەلەسەر کەنارەکانی ڕۆژهەلاتی ئەمریکای باکور دەڕوێت. کە گەڵای بۆندار و بەری داپۆشراو بەچینێکی مۆمی هەیە و بەکاردەهێنرێت لە پیشەسازی مۆمدا. هەروەها مرۆڤ ئەوەی دۆزیەوە کە ئاژەڵەکانیش مۆمی زەیتی هەیە oil wax،دانیشتوانی سەرەتایی ئەمریکا مۆمی ماسیان بەکارهێناوە candle fish،بەشێوەیەک تەختەیەکیان دەخستە ناو ماسیەکەوە و ئاگریان پێوە دەنا و دەسووتا وەکو گڵۆپ.

• مۆم گەلێک بەکارهێنانی هەیە لەوانە:

١. مۆمی ڕووناککردنەوەی کلاسیکی: کە بەکاردێت بۆ ڕووناکردنەوەی ناو ماڵ و مزگەوت و کەنیسە و چێشتخانە و بۆنەکان و ..هتد.شێوە و قەوارەی جیاوازیشی هەیە کە دەستپێدەکات بە تیرەی ٣ملم بۆ ٤٠ ملم و درێژی ٤٠ملم بۆ ١٠٠٠ملم بەپێی بەکارهێنانەکەی.



٢. مۆمی جوانـــکاری: کە بۆنێکی جیاکەرەوە و جیاوازی هەیە بــە بۆنــی جیـــاواز و بەکاردەهێنرێت بۆ مەبەســتی جوانکاری،زیادکردنــی بۆنەکانیــش یــان بەمەبەســتی بۆنخۆشــکردنی جێگەکەیە یان بەمەبەســتی دەرکردنی مێــرووە فریوەکانە.کــە لێرەدا مۆمــی بەکارهاتوو نرخی گرانــە بەبەراوورد بە مۆمی کلاســیکی و شــێوەی هەمە جۆریشــی هەیە لەســەر شــێوە و هەیکەلی مــرۆڤ یان ڕووەک یان ئاژەڵ یان هەر شێوازێکی هونەری تر.



٣. مۆمــی دیــاری و نایــاب: کە هەمیشــە پەیوەســتە بە بەرهەمێکــی ترەوە کە زیــو یان خەزەف یان شوشــەی تیادایە،بەشێوەیەک مۆمەکە بەشێکە لەبەرهەمە گشتیەکە کە هــاوکار دەبێت بــە پێدانی بەهایەکــی جوانکاری و ڕەنگێتی بۆ بەرهەمە یاریدەدەرەکانی تر بە ئاســانکردنی فرۆشتنی و هەمە جۆر بەکارهێنانی.

• توخمە سەرەکی و سەرەتاییەکانی بەرهەمهێنانی مۆم:

گرنگترین توخمە ســەرەتاییەکان بۆ دروســتکردنی مۆم بریتین لە:

١. مۆمی پارافینی
٢. ترشی ستیریک
٣. بۆیەی ڕەنگەکان
٤. فتیلە

• قۆناغەکانی دروستکردنی مۆم

پرۆســەی بەرهەمهێنانــی مــۆم بەهەمــوو جــۆرە جیاوازەکانیەوە دادەنرێت بە پرۆســەیەکی بەرهەمهێنانی ئاسان کە دەتوانرێت لەماوەیەکی کورتدا ڕاهێنانی لەسەر بکرێــت و پێویســتی بە شــارەزایەکی هونــەری تایبەت نیە،جگە لــە ئامادەکردنی قاڵبەکان لە توخمە ســەرەتاییە جیاوازەکان،قۆناغەکانی بەرهەمهێنان بەکورتی بریتین لە:

١.تواندنەوەی مۆمی خاو

مۆمی سەرەتایی لەســەر شێوەی بلۆکی پێچراوە هەیە کە کێشــەکەی بریتیە لە ٣٠ کغم و دابەشدەکرێتە سەر بەشی جیاواز و دەتوێنرێتەوە لە حەوزی ســتاینلێس ســتیلدا یان ئەلەمنیۆمدا و باشــتر وایــە لە حەوزێکی ئاویــدا بێت کە پلــەی گەرمیەکەی لە ٥٠ پلە زیاتــر نەبێت،و دەکرێت لە فرنی تایبەتیشدا بتوێنرێتەوە.

٢. زیادکردنی ڕەنگەکان

ڕەنگــی دیاریکراو زیاد دەکرێت بۆ برێکی کەم لە مۆمی تواوە، ڕەنگەکان بریتین لە ئۆکســیدەکان لەسەر شێوەی هاراوەن، و ڕەنگی زیاتر زیاد دەکرێت بۆ دەسکەوتنی پلە و چڕی داواکراو و دوای ئــەوەش ڕەنگ زیاد دەکرێت دوای دروســتبوونی بــۆ مۆمی شــڵ و تێکــەڵ دەکرێت بەشــێوەیەکی باش هەتا بە تەواوەتی تێکەڵ دەبن و ڕێک دەکەون لەگەڵ یەکتردا.

٣. زیادکردنی توخمی ڕەقکەر

توخمــی ڕەقکەر زیــاد دەکرێت کە دەبێتــە هۆی زیاتر ڕەقکردنــی مۆمەکــە کــە بریتیە لە ترشــی ســتیریک بە ڕێژەی دیاریکراو کە لە نێــوان ٥-١٠٪ یە، بەپێی جۆری بەرهەمەکــە و بەکارهێنانی کە ئەوەی کاریگەری دەبێت لەسەر تێچوونی کۆتایی بەرهەمەکە.

٤. دارشتنی مۆم:

کە ئەمەش بە دوو ڕێگا دەکرێت:

• مۆمی کلاسیکی

کەناسراوە بە مۆمی شێوە لولەیی بەدرێژی و ئەستوری جیاواز کە دروستدەکرێت یان بە دارشتن لە قالبدا بە ژمارەی بچوک یان لەسەر مەکینە کە بەرهەمی زیاتر دەدات،کەلەهەر ١٥ خولەکێکدا ١٠٠ پارچە مۆم دروست دەکرێت بە کوالێتیەکی بەرزیش.کەلەم ڕێگەیەدا مەکینە و ڕەنگ و درێژی مۆمەکە و دانانی داوەکە ڕێکدەخرێت و دواتر مۆمەکەی بەسەردا دادەڕێژرێت.

• مۆمی جوانکاری و دیاری

لەم ڕێگایەدا، مۆمەکە دادەڕێژرێتەوە ناو ئەو قاڵبانەوە کەلەسەر شێوەی جیاواز و داواکراو دروستدەکرێت،کە ئاسایی لە ئەلەمنیۆم یان فایبەرگلاس یان جۆرەکانی مەتات دروستکراون کە بەرگەی پلەی گەرمی دەگرن بەبێ ئەوەی شێوە گشتیەکەی ون بکات،قاڵبەکان لەسەر شێوەی بەرهەمە کۆتاییەکە دروست دەکرێت کە لە دوو بەش یان زیاتر پێکهاتوە بەهۆی بونی ئالۆزی لە شێوەی قاڵبەکەدا کەوا پێویست دەکات لە چەند بەشێک پێکبێت،قاڵبەکە چەوردەکرێت بە زەیتی گوێزی هندی یان زەیتی مێخەک پێش دارشتنی مۆمەکە بۆ ئەوەی بەرهەمەکە دوای ساردکردنەوە بە ئاسانی دەربهێنرێت.



٥. ساردکردنەوە

قاڵبەکان بە ئاوی ئاسایی سارد دەکرێنەوە لە پلەی گەرمی هەوادا و ماوەی ساردکردنەوەکەش دەوەستێتە سەر ئەستوری مۆمەکە کە لە نێوان ٣٠-٩٠ خولەکدایە.

٦. لێکردنەوەی قاڵبەکان

بەرهەمی کۆتایی لە ماکینە یان قاڵبە جیاوازەکان دەردەهێنرێت و قاڵبەکان خاوێن دەکرێتەوە بە توخمێکی توێنەرەوە و ئامادەکردنی بۆ دەستکردن بەبەرهەمێکی نوێ.

٧. لابردنی زیادەکان


پارچە زیادەکان کە دروست دەبن بەهۆی قاڵبەکانەوە لەسەر مۆمەکە لادەبرێن بەهۆی( چەقۆ)وە بۆ ئەوەی بەرهەمی کۆتایی شێوازێکی جوان و ڕێکو پێکی هەبێت.

٨. تێهەڵکێشان لە گیراوە بریقەدارەکان

مۆمەکە هەڵدەکێشرێت لە گیراوەی مۆمی تواوە کە توخمی بریقەدارکردنی ڕووەکانی تێکراوە،ئەمەش بۆ پاراستنی شێوەی مۆمەکە و ڕێگەگرتن لە کۆبونەوەی تۆزخۆڵ و پیوە لکاندنی.

٩. نەخشاندنی هەندێ مۆمی جوانکاری

هەندێ جۆری مۆمی جوانکاری دەنەخشێنرێت بە زیادکردنی وێنەی زەخرەفە و بەرەنگی جیاواز بۆ ئەوەی بەهایەکی هونەری پێبدات،ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی فلچەی ڕەنگکردنی ئاسایی و ئەو ڕەنگانەی کە بنەمایەکی پلاستیکیان هەیە.




• چۆن پرۆژەیەکی بچووکی دروستکردنی مۆم دادەمەزرێت؟

١. ڕووبەری جێگەکە: پرۆژەکە پێویستی بە ١٠٠ مەتر دووجا زەوی هەیە بۆ وەرشە و مەخزەن و پێویستی بەدوو کەلێکشێکی بەرزیش هەیە لەسەر وەرشەکە بۆ کردنە دەرەوەی دوکەڵی دروستبوو لە ئەنجامی پرۆسەی

توانده‌نه‌وەی مۆمەکە.

٢. پرۆژەکە پێویستی بە کارەبای ٢٢٠ ڤۆلتی بە توانای ٤ کیلۆوات هەیە.

٣. ئەو ئامێر و کەل و پەلانە کە پێویستن بۆ پرۆژەکە:

• مەنجەڵی تواندنەوە: کە قەوارەی جیاوازیان هەیە و لەو کانزایانە دروستکراون کە درز نابەن یان ئەلەمنیۆم و ٤ دانە پێویستە.

• ئاگردانی غازی: کە بەغاز کاردەکەن و ٤ دانە پێویستە.

• مەنجەڵی دارشتنی مۆم: کە دەمێکی تەسکی هەیە بۆ دارشتنی مۆمە تواوەکە بۆ ناو قاڵبە ئەلەمنیۆمەکان بە ژمارەی ٨ دانە.

• مەکینەی دروستکردنی مۆمی ئاسایی: کە لە ئاسن دروستکراوە کە ژمارەیەک دەرچە و جێگەی دانانی فتیلەکانی تیادایە کە ٢ دانە پێویستە.


• قاڵب: قاڵب بە شێوازی جیاواز لە مۆمی جوانکاری کە لە ئەلەمنیۆم دروستکراون کە ٢٠ دانە پێویستە.

• ئامێری ڕێکخەر: کە لە ژمارەیەکی چەقۆی قەوارە جیاواز پێکدێت کە ١٠ دانە پێویستە.

• ئامێری ڕەنگکردن و نەخشەکردن: ژمارەیەک فڵچە و بە پێوانە و قەوارەی جیاواز کە ٢٠ دانە پێویستە.

• مێزی کارکردن: کە لە ستاینلێس ستیل دروستکراون بە قەبارەی ١×٢×٨٫٠م و ٤ دانە پێویستە.

• دۆڵاب: دۆڵاب کە لەتەختە دروستکراون بۆ پاراستنی مۆمەکە لە تەپوتۆز و ٤ دانە پێویستە.




٤. پێداویستی پرۆژەکە لە توخمە سەرەتاییەکان بۆ کارکردنی ( ١ مانگ):

• مۆمی پارافینی/٣ تەن

• مۆمی کریستالید،دروستکراوی مەجەری ،١تەن

• ڕەقکەر(( ترشی سیتریک))،مەجەری،٢٠کغم

• ڕەنگەکان، ٥کغم

• فتیلە(( لۆکە)) ، ١٠ کغم

• پێداویستی لە پاکەت و کارتۆن و نایلۆنی پێچانەوە،نیو تەن

٥. دەستی کار

لەم پرۆژەیەدا تەنها ١ بەڕێوەبەر و ٤ تەکنیکی و ٣ کرێکاری شارەزا پێویستن کە یەک وەجبە کاردەکەن بۆ ماوەی ١٠ کاتژمێر.

٦. بەرهەمەکانی ئەم پرۆژەیە لە مانگێکدا:

• مۆمی ڕووناککردنەوە،٣٠٠٠مۆم

• مۆمی جوانکاری و جۆری نایاب، ١٥٠٠ مۆم

• مۆمی بۆندار، ١٥٠٠مۆم

٧. لە پاکەتنان و پێچانەوە:

ئەم قۆناغە، گرنگە بۆ ئەم پیشەسازیە چونکە بەرهەمەکە دەکرێت بشکێت و بشێوێت لەکاتی گواستنەوە و هەڵگرتندا چونکە بەگەرما کاری تێدەکرێت بەشێوەیەکی گەورە کە دەبێتە هۆی خراپ بوون و فڕێدان.لەبەرئەوە بەرهەمەکە بەگرنگیەکی زۆرەوە دەخرێتە ناو کارتۆنی بەهێزەوە بۆ پاراستنی و لەهەمان کاتدا دەرخستنی شێوەی هونەری بەرهەمەکەش چونکە ڕووکەش و سیمای بەرهەمەکە یاریدەدەرە بۆ فرۆشتنی و مۆمە گرانەکانیش دەخرێتە پاکەتی ڕوو شەفافەوە بۆ دەرخستنی شێوە جوان و هونەری مۆمەکە.لەکاتێکدا مۆمی ئاسایی لە کیسی نایلۆنی شەفافدا هەڵدەگیرێت.

٨. توخمی کوالێتی: کوالێتی باش و بەرز لە دیزاینی باشی مۆمەکەدا دەردەکەوێت کە بەرزی ئاستی هونەری و جوانکاری و ڕێکخستنی قاڵبەکان لەخۆدەگرێت،هەروەها هەڵبژاردنی توخمە سەرەتاییە باشەکانیش کاریگەری گەورەیان دەبێت لەسەر شێوە و ڕەقێتی و بریقەداری بەرهەمەکە.

٩. فرۆشتن و بە بازارکردن

داواکاری لەسەر مۆمی ڕووناککردنەوە و جوانکاری زۆرە، و بازار و کڕیاری باشی هەیە. ئەمەش دەوەستێتە سەر:

• هەرزانی نرخ

• داهێنان لە دیزایندا
• پێچانەوە بەرێگایەک کە جوانی تیادا بێت کە ڕێگر بێت لە شکاندن یان شێواندنی مۆمەکە.

١٠. مەرجە تەندروستی و ژینگەییەکان:

• مەرجە گشتیەکان:


١. دابینکردنی سەرچاوەی هەواگۆڕکێی سروشتی پێویست.
٢. دابینکردنی هۆکارەکانی ئاگرکوژاندنەوەی پێویست.
٣. دابینکردنی سەرچاوەی هەمیشەیی ئاو.
٤. هەبوونی تۆڕی گشتی ئاوەڕۆی تەندروستی و پیشەسازی.

• مەرجە تایبەتەکان:

١. دابینکردنی سیستەمی هەواگۆڕکێ و ڕاکێشانی میکانیکی بۆ نزمکردنەوەی چڕی دەرچووەکان.
٢. خۆرزگارکردنی سەلامەتی لە پاشماوە ڕەقەکان و نەکردنە ناو ئاوەڕۆی تەندروستیەوە و هەوڵدانیش بۆ بەکارهێنانەوەی.

• جۆرەکانی مۆم

١. مۆمی پارافینی : کە ئەم جۆرە یەکێکە لە پێکهاتەکانی نەوتی خاو،لەدوای جیاکردنەوەی لە پێکهاتەکانی تر دەستدەکەوێت لە ئەنجامی دلۆپاندنی نەوتی خاوەوە.و پێی دەوترێت چەوری پارافینی پالافتە refind wax ،وشەی پارافینیش وشەیەکی لاتینیە و پێکهاتوە لە Paraum بەمانای کەم یان لەگەڵ، و وشەی affinis بەمانای پەیوەندی یان ڕاکێشان دێت.



لە بنچینەدا توخمی کیمیاوی کەم هەن کە کارلێک



دەکەن لەگەڵ مۆمدا یان پێکەوە بلکێن، و لەسەر شێوەی پارچە پارچە یان پاودەر هەیە. کە ڕەنگدار یان بێڕەنگیشە. ئەم جۆرە لە مۆمە سروشتیەکان دادەنرێت.

٢. مۆمی هەنگ bees wax : ئەم جۆرە کەم بلاوە بەلام زیاتر بەناوبانگە لە پیشەسازی مۆمی ڕووناککردنەوەدا candle.و بەهەمان شێوە لە مۆمە سروشتیەکان دادەنرێت کە لە هەنگوینەوە دەست دەکەوێت بەهۆی بەکارهێنانی لەدروستکردنی حەپی هەنگویندا.



ئەم جۆرە لە مێوی هەنگوینی کەمە بەلام گرانە و لە ئامادەکردنی پێداویستیە جوانکارییەکاندا بەکاردێت. ئەم جۆرە لە مۆم خاوێن و بێ دووکەڵ و بێ بۆنە، بە پێچەوانەی مۆمی دروستکراو لە چەوری ئاژەلیەوە کە دوکەڵ و بۆنێکی ناخۆشی زۆر هەیە و ژینگەش پیس دەکات.لەم جۆرەدا پێویست بە زیادکردنی ڕەنگ و بۆن ناکات،چونکە بۆخۆی ڕەنگی سەوزێکی زەیتونی نەرمی هەیە. بەلام گران بەهایە.



٣. مۆمی صۆیا Soy Wax :مۆمی پاقلەی صۆیا لە نوێترین جۆرەکانی مۆمە کە بەکاردەهێنرێت لە پیشەسازی مۆمی ڕووناککردنەوەدا، بەلام لە ئێستادا بۆتە بەربلاوترین مۆمی میللی.لەبەرئەوەیسەرچاوەیەکە دەتوانرێت نوێبکرێتەوە re newableهەروەها مۆمێکە توانای هەلوەشانی هەیە biodegradable و دەتوانرێت لە فرنی مایکرۆیڤدا بتوێنرێتەوە.ئەم جۆرە بەوە جیادەکرێتەوە زۆر نەرمە لەبەرئەوە لە مۆمی کۆنتێنەرەکاندا بەکار دەهێنرێت. دەتوانرێت فتیلەی گەورە یان فتیلەی کاغەزیشی تیادا



بەکاربهێنرێت.



٤. مۆمی جێڵی Gel Wax: لەم جۆرەدا بڵقی ئاشکرا دەبینین لەناو مۆمەکەدا،ئەم جۆرە مۆمە دروستدەکرێت لە یەکگرتنی زەیتی کانزایی mineral oil لەگەڵ فاکتەری گلینج gelling agent .ئەم جۆرە مۆمە روون وپێکهاتەیەکی مەتاتی هەیە.و ئەم جۆرە زۆر مەترسیدارە چونکە بەگرانی دەگەینە پلەی تواندنەوە بە بەکارهێنانی مەنجەڵی دووبەرگی double boilerو نابێت لەکاتی کوڵان و تواندنەوەدا چاوی لەسەر هەڵبگیرێت،چونکە گەر پلەی گەرمیەکەی بگاتە خاڵی گرگرتن Flash Point ئەوا دەبێتە هۆی تەقینەوەیەکی بەهێز.هەربۆیە بەهێواشی و لەسەر خۆ گەرم دەکرێت و درێژ بونەوەی ماوەی گەرمکردنیش دەبێتە هۆی کەمبونەوەی بڵقەکان.



باشترە هیچ ڕەنگ و بۆنێک نەکرێتە ئەم جۆرە مۆمەوە چونکە کاردەکاتە سەر پلەی تواندنەوەی و خاڵی گرگرتن. و زیادکردنی بۆنەکانیش باشترە بۆنە بنچینەییە ژەنگیەکان بێت نەک کحولیەکان،مۆمی جێڵی لە پلەی گەرمی ٩٠-٩٨ دەتوێتەوە بۆ ئەوەی بڵقی کەمی تیادا بێت، بەڵام لە پلەی ٧٦-٨٨ پلەی سەدی بڵقی زۆری تیادا دەبێت و فتیلەکانیش لە جۆری زینک دەبێت و لۆکە نەبێت.




• گرنگی بونی مۆم لە بونی ئاگرەکەیدایە،بۆ ڕووناککردنەوە و پیرۆزی و ئارام بەخشی لەکەش وهەوا ڕۆمانسی و ئاینیەکاندا. و هەر ئەم ئاگرە بە جولە و شەپۆلاویەکەی دەبێتە هۆی بلاوبونەوەی بۆن و ئارامی دەبەخشێت.بۆیە گرنگە بزانین ئەو ئاگرە چیە و ئەو نهێنیە جادوییە چیە تیایدا؟ و چۆن ڕوناکی لێوە دەردەچێت؟



ئاگر شتێکی نامۆیە،شتێکە تێگەیشتنی قورسە،بەڵام ئەوەی هەستپێدەکەین لە ئاگری مۆمەوە ئاگری ڕاستەقینە نیە،بەهیچ شێوەیەک، کاریگەری ئاگر چیە؟ ئاگری ڕاستەقینە لەلایەنی ڕاستیەوە شاراوەیە لە بینینی ڕووت،ئەو بریتیە لە گەرمیەکی تیژ و بەهێز کە دروستکراوە لە

ئەنجامــی کارلێکــی کیمیاویەوە،ئــەو رووناکیــەی کە دەیبینین و پێیدەڵێن ئاگر Flame بریتیە لە درەوشــانەوەی ئەو توخمانەی کە پلەی گەرمیان بەتوندی بەرزدەبێتەوە. بەڵام ناسوتێن.

گــڕی ئاگری مــۆم بریتیە لــەو روناکی و شــەوقەی کە دروست دەبێت لە گەردیلەی کاربۆنی شاراوە کە لەکاتی رزرگابونیــدا و توانای ســووتاندنی نیــە بەرزدەبێتەوە بۆ سەرەوە کە هەواکەی گەرمە و دەبێتە گەردیلەی کاربۆنی رۆشن.

• **لەکۆتاییدا**، پرۆژە و پیشەسازی مۆم لە کوردستاندا بۆتە پێویستیەکی ئەم قۆناغە لەلایەک لەبەر کەمبونەوەی کارەبا و ســووتەمەنی و لەلایەکی تریشــەوە بەهۆی ئەوەی ئەم پیشەسازیە پیشەســازیەکی سانایە و کەرەسەخاوەکانیشی بەهەرزانــی دەســتدەکەوێت. و کرێی دەســتی کاریش هەرزانە و مۆمیــش وەک بەرهەمێک بۆ رووناککردنەوە و جوانکاری و ...هتد.بەکارهێنان و بازارێکی پر فرۆشــی هەیە و دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت وەک هەنگاوێک بــۆ بوژاندنــەوە و گەشــەپێدانی بــواری پیشەســازی و کەمکردنــەوەی بێکاری و دەســکەوتنی داهاتی زیاتر بۆ حکومەت و کەرتی تایبەتیش.

بەهیــوای ئــەوەی کــە بەپلانــی زانســتی و ئابــوری و واقعــی هەولــی بەگەرخســتنەوەی کارگــە بەرهەمهێنە پیشەسازیەکان و پرۆژە پیشەسازیە بچووکەکانی کەرتی تایبەت بدرێت و پیشەســازی بکەینەوە ســەرچاوەیەکی داهات و پێشخستنی ولات و کۆمەڵگاکەمان و چیدی بە شێوەیەکی رەها پشت نەبەستینە سەر داهاتی نەوت و غازی سروشتی کە بەداخەوە تاکو ئێســتا نەبونەتە فریادرەس و نیعمەت بەڵکو تا ئێســتا هەر بونەتە مایەی برســیکردن و قاتوقری و نیقمەت لەســایەی نەزانیــن و بەرێوەبردنێکی نازانستی و ناروون لەلایەن دەسەڵاتداران و بەرێوەبەرانی ئەو کەرتە گرنگ و هەستیارەی پیشەسازی.

**سەرچاوە :**

===========

- پێگە جیاوازەکانی ئەنتەرنێت.










# پێکهاتە و بەکارهێنانی غازی شل

ئەندازیار
ئازاد محمد ئەمین

## پێشەکی

غازی شل بە هەردوو جۆرەکانیەوە کە بریتین لە (LPG) ، کورت کراوەی Liquefied Petroleum Gas وە (NLG) کورت کراوەی Gas Natural Liquids ، بە سەرچاوەیەکی زۆر گرنگی ووزە دەژمێردرێن لە هەموو جیهاندا.

بەکارهێنانی غازی شل لە زووربەی وولاتانی جیهاندا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوو لە زیاد بوونە . ئێستا لە زۆر شوێن غازی شل نەک هەر وەک ووزەیەکی گەرمکردنەوە یان چێشت لێنان بەڵکو لە زۆر بواری تردا وەک سوتەمەنی ئۆتۆمبێل وەیان وێستگەکانی دابینکردنی ووزەی کارەبا ، بەکار دەهێنرێن.

بە داخەوە تاکو ئێستا لە عێراق و هەرێمی کوردستان، تەنها یەک جۆری غازی شل بەکاردەهێنرێت کە (LPG) یەو ئەویش تەنها بۆ چێشت لێنان بەکار دەهێنرێت .

خۆشبەختانە ئەمە چەند ساڵێکە وورده وورده بەکارهێنانی غازی شل (بە هەردوو جۆرەکەیەوە) لە هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەک ڕوو لە زیادبوونە .

لە ساڵی ٢٠٠٨ بە دواوە غازی شل لە جۆری (NLG ) لە لایەن کۆمپانیایەکی دەرەکیەوە لە کێڵگەکانی خۆر مۆر لە قادر کەرەم بەرهەم دەهێنرێت و بە بۆری دەگوازرێتەوە بۆ دوو ویستگەی وەبەرهێنانی کارەبا لە چەمچەماڵ و لە هەولێر.

لە پاڵ ئەم کۆمپانیا بیانیانەدا چەند ساڵێک دەبێت کە لە بواری بەکارهێنانی غازی (LPG)ش کۆمپانیای ناوخۆ و بیانیش دروست بوون کە سیستەمی غازی بەردەوام دادەنێن بۆ ماڵان و شوێنە گشتیەکان.

ئەم کۆمپانیایانە تانکی غازی (LPG) بە قەبارەی جیاواز و بە هەردوو جۆری سەر زەوی و ژێر زەوی دادەنێن و هەرکاتێکیش پێویست بکات بەهۆی لۆری تایبەتەوە تانکیەکان لە جێگای خۆیدا پڕدەکەنەوە لە غازی شل.


مەرامی ئەم تۆژینەوەیە بریتیە لە پێدانی زانیاری سەبارەت بە جۆرەکانی غازی شل و ئەو بوارانەی کە تێیدا بەکاردەهێنرێن بە شێوەیەکی گشتی و تیشک خستنە سەربەکارهێنانی غازی شل لە جۆری (LPG) بە مەبەستی گەرمکردنەوە و دابینکردنی سیستەمی گەرمی ناوەندی بۆ ماڵان و شوێنە گشتیەکان بەتایبەتی.

دانانی سیستەمی گەرمی نوەندی لە ڕێگەی بۆیلەر یان بێرنەری غازەوە کە بە غازی(LPG) کاردەکەن ، دەکرێت وەک سەرچاوەیەکی گرنگی گەرم کردنەوە بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاربهێنرێت. ئەم کارە خۆی لە خۆیدا دەبێتە پاڵ پشتێکی گەورە بۆ ووزەی کارەبا .

لەکۆتایی ئەم تۆژینەوەیەدا چەند ڕاسپارد و ئامۆژگاریەک ئاماژەی بۆ کراوە، بە ئومێدی ئەوەی بەپێی توانا بخرێنە بەرنامەوەو لایەنە پەیوەندی دارەکان پلانی تایبەتی بۆ دابنێن و هەنگاوی پێویست بگرنەبەر.
بەئومێدی ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هاندەرێک بێت بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە لەم بوارەدا خەریکن وە هەروەها بە شێوەیەک لە شێوەکان هاووڵاتیان هان بدات کە ئەو سیستەمانە بەکاربهێنن .
جۆری یەکەمی غازی شل واتە (LPG) بە شێوەیەکی بەرفراوانتر لە غازی (NLG ) بەکاردەهێنرێت، ئەم تۆژینەوەیە زیاتر تیشک دەخاتە سەر ئەو جۆرە غازە.

## ١-غازی (LPG)

غازی (LPG) بە سەرچاوەیەکی ووزەی ژینگە پارێز دەژمێردرێت کە زۆر بە بەربڵاوی بەکاردەهێنرێت لە بواری بەکارهێنانی ناوماڵ (وەک گەرمکردن، چیشت لێنان، خۆشتن) و بواری پێشەسازی و کشتوکاڵ وەیان بۆ سوتەمەنی ئۆتۆمۆبێل.
غازی (LPG) لە سەدان کەرەستە و ئامێری جیاوازدا بەکاردەهێنرێت کە ڕۆژانە لەلایەن ملێونەها کەسەوە لە سەرتاسەری جیهاندا بەکاردەهێنرێن.



کاتێک غازی (LPG) دەسوتێت، پاشماوەکەی بە پاکترین پاشماوە دەژمێردرێت لە ناو هەموو ئەو سوتەمەنیانەی کە لە نەوتەوە دەردەهێنرێن. ئەم پاشماوەیە کەمترین ڕێژەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنی تێدایە.
(LPG) کورتکراوەکەی دەکاتە:"Liquefied Petroleum Gas" بە مانای: غازی پیترۆلی شل کورتکراوەی (LPG) بەکاردێت وەک دەربڕینێک بۆ دوو ئەندامی چالاکی هایدرۆکاربۆنەکان لە خێزانی غازی سروشتی شل Natural Gas Liquids.
ئەو دوو ئەندامەش یەکێکیان غازی پرۆپانە (C3H8) و ئەوی تریشیان غازی بوتانە (C4H10).
ئەو دوو ئەندامەی تر کە لەم خێزانە ماونەتەوە بریتین لە غازی ئیسان و غازی دڵۆپێنراو کە هەردووکیان بەکارهێنانی تایبەتی خۆیان یان هەیە.
لە دەوروبەرێکی ئاسایدا و لە ژێر پەستانی ئەتمۆسفیر و پلەی گەرمای (15°C ) دا، (LPG ) لە باری غاز دایە.
ئەگەر بێت و لەهەمان دەوروبەردا ئەم غازە بخەینە ژێر پەستانی 1.7 تا 7.5 بارەوە، ئەوا غازەکە دەگۆڕێت بۆ باری شل. ئەم سیفەتەی غازی (LPG) وایکردوە کە ئەمبارکردن و گواستنەوەی ئەم مادەیە ئاسان بێت.
یەک لیتر مادەی شلی (LPG ) واتە پرۆپان لە ژێر پلەی گەرمای (15°C ) و پەستانی ئەتمۆسفیردا، بەرامبەرە بە 270 لیتر لە هەمان مادە لە حاڵەتی غازدا.
پلەی کوڵانی غازی پرۆپان واتە ئەو پلەیەی کە غازە شلەکە لەسەر لێواری بون بە غازیەتی، بریتیە لە (C42°-) . ئەم سیفەتەش وای لە غازی (LPG) کردوە کە بەباشترین سوتەمەنی بژمێردرێت بۆ گەرمکردنەوە، چێشت لێنان و بەکارهێنانی لە بواری پیشەسازیدا.
سەرچاوەکانی ئەم غازە بریتین لە دوو سەرچاوەی سەرەکی کە یەکێکیان پاڵاوتگەکانی نەوتەو ئەوی تریشیان ئەو کێڵگانەیە کە غازی سروشتیان لێوە دەردەهێنرێت.
لە عێراق و هەرێمی کوردستان هەردوو سەرچاوەکەی غازی (LPG) هەیە، پاڵاوتگەکانی نەوت وەک (دۆرە و بێجی) وەک سەرچاوەی یەکەم و دەرهێنانی غازی سروشتیش لەلایەن (کۆمپانیای دانا غازە)وە لە نزیک قادرکەرەمەوە وەک سەرچاوەی دووهەم.

## ١-١- سودەکانی غازی LPG

غازی (LPG) بە سەرچاوەیەکی گرنگی سوتەمەنی دەژمێردرێت بۆ چێشت لێنان لە ناوماڵ و لە هوتێل و چێشتخانەکاندا.
لە بەر ئەوەی تاکو ئێستا غازی (LPG) بەشێوەیەکی بەردەوام (واتە بەهۆی بۆری یان بەهۆی تانکی غازەوە) نەگوێزراوەتەوە، بواری بەکارهێنانەکەی زۆر دیاریکراو بووە. بە دانانی تانکی غازی شل لە لایەن چەند کۆمپانیایەکەوە کە هەر ئەوکۆمپانیایانە خۆشیان ئەرکی گواستنەوەی غازەکەیان گرتۆتە ئەستۆ،بە دڵنیاییەوە بواری بەکارهێنانەکەی ووردە ووردە بەرفراوان دەبێت.
بۆ نمونە غازی (LPG) دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ دابینکردنی سیستەمی گەرم کردنی ناوەندی (لەڕێگای شۆفاژەوە) یان بۆ ئاوگەرمکردن لە ڕێگای بۆیلەری غازەوە.
بە دڵنیاییەوە بەکارهێنانی غازی (LPG) نەک هەر بە تەنها دەبێت هۆکاری ژینگەیەکی پاک ، بەڵکو دامەزراندن

و بەکارهێنانیشی هەرزانتر دەکەوێت.

بە هۆی هەرزانی ئەو غازەی کە بەهۆی تانکی غازەوە لە سەر بەکارهێنەر دەکەوێت، ئەو مەسرەفەی کە دەچێتە دامەزراندن و دانانی بۆریەکان، لە ماوەی یەک تا دوو ساڵدا پاشەکەوت دەکرێتەوە.

## ٢-١- پەیوەندی غازی (LPG) و ژینگە

غازی (LPG) بە بەراورد کردنی لەگەڵ سوتەمەنیەکانی تردا، کەمترین ڕێژەی کاربۆن پاش سوتانی بەجێ دەمێنێت.



ئەگەر غازی (LPG) بەراورد بکرێت لەگەڵ نەوتدا، ڕێژەی کاربۆن 11.7% کەمترە لە نەوت بۆ نمونە گەربێت و هەردوو سوتەمەنیەکە یەک کیلۆ وات لە کاتژمێرکدا گەرمی بدەن.

کەمکردنەوەی زیاتری ڕێژەی کاربۆن بۆتە بابەتی ئەو زانایانەی کە لەم بوارەدا کاردەکەن و بەردەوام ڕێژەی کاربۆن لە پاشماوەی سوتانی ئەم غازە کەمتر دەکەنەوە.

## ٣-١- پاکی غازی (LPG)

بە بەراووردکردنی ئەم غازە لەگەڵ سوتەمەنیەکانی تردا، ئەم غازە پاش سوتانی دوکەڵ ناکات، گەربێت و ڕێژەی هەوا بەرامبەر بە غاز 23 بەش بە 1 بەش بێت.




پاش بەرکەوتنی ئەم غازە بۆ سەر زەوی یان گەربێت و بەر جل و بەرگ بکەوێت هیچ پاشماوەیەک بەجێ نامێنێت، ئەمەش تەواو بەپێچەوانەی نەوت یان ڕۆنەوەیە.

## ٤-١- پاڵپشتی (LPG) بۆ ووزەی کارەبا

دابینکردنی سیستەمی گەرمی ناوەندی لە ڕێگەی بێرنەر یان بۆیلەری تایبەتیەوە کە بە غازی (LPG) ئیش دەکەن، نەک هەر ئەبێتە هۆی ڕەخساندنی گەرمیەکی پاکی ناوەندی بەڵکو لە هەمان کاتدا دەبێتە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ ووزەی کارەبا (سپلیت و هیتەر یان گەرم کەرەوەکانی تری کەم دەبنەوە بەمەش داواکاری لەسەر ووزەی کارەبا بۆ گەرم کردنەوە،کەمتر دەبێتەوە

## ٢-جۆرەکانی تانکی ئەمبارکردنی غازی (LPG)

تانکی ئەمبارکردنی غاز جۆرێکی تایبەتە لە تانکی غاز کە دروست کراوە بە پێی ستاندەردی جیهانی بۆ پاراستن و ئەمبارکردنی غازی (LPG).

ئەم تانکیانە بە پێی ئەو داواکاریەکانە دروست کراون کە لە ستانداردی ئەورووپی ژمارە (EG/97/23)دا هاتوون.

ئەم تانکیانە سێ جۆریان هەیە کە بریتین لە:

تانکی سەرزەوی، و تانکی ژێر زەوی و تانکی نیواو نیو واتە نیوەی لە سەرزەویەو نیوەکەی تری لەژێر زەویدایە.



وێنەکانی جۆرەکانی تانکی ئەمبارۆکی غاز

## پێکهاتەی تەکنیکی تانکیەکان

| | |
|---|---|
| بەرگەگرتنی تانکی بۆ پلەی گەرما بە پێی دیزاینەکەی | -10 / + 50 °C پلەی سەدی |
| بەرگەگرتنی پەستانی ناودودی تانکی بە پێی دیزاینەکەی | 17,16 بار |
| پەستانی تێست پێکراو | 25,74 بار |
| ڕێژەی پڕکردنی تانکی ڕێپێدراو | %85 کۆی گرتنی تانکی |
| کۆدی ستانداردی ئەورووپی غازی ناو تانکی | LPG Din 51622 / EN 589 |

تانکیەکان دەبێت بە پێی ستانداردی ئەورووپی ژمارە (EUROPEN DIRECTIVE 97/23/EC) مۆدێلی (B +D, CE 0036) وەیان بە پێی ستانداردی ئەمریکی (ASME) دروست کراین.

سیستەمی پەستانی ناو تەنکی و ڕێژەی مادەی غازی شل لە ناو تانکیەکەدا سیستەمێکی کۆنترۆڵ کراوە بە هۆی زمانەی سەلامەتی، زمانەی پڕکردنەوەی غاز، گێچی نیشاندانی غازی شل لە ناو تانکیەکەدا، زمانەی دەرهێنانی غازی شل، زمانەی دەرهێنانی (LPG ) لە باری غازدا بە مانۆمەترەوە وە ڕێکخەری پەستانی ناو تانکی بۆ ئامادەکردن بۆ بەکارهێنان.

هەموو ئەو تانکیەکانە دەبێت یەک بەیەک تێستی پەستانی ئاویان بۆکرابێت وە بە گوێرەی سیستەمی جۆرێتی (DVFG).

دیوی ناوەوەی تانکی دیوێکی زبرە و دیوی دەرەوە پێش بۆیەکردن لم باران کراوە بە جۆرێک لم کە دەناسرێت بە (SA ½2).

تانکی غازی جۆری ژێر زەوی بە جۆرێکی تایبەت لە بۆیەی پەمپ کە بە ئەستوری ١ مم تانکیەکەی پێ ڕوپۆش دەکرێت بۆ پاراستنی لە ژەنگ هەڵ هێنان. ئەم بۆیە کردنە بە پێی ستانداردی (DIN 4681/3, ISO DISRUPTIVE DISCHARGE TEST 10-20 KV) ئەنجام دەدرێت.

تانکی غازی سەر زەوی بە پێی ستانداردی ئەوروپی (-PU painting) بۆیە دەکرێن و ئەستوریەکەیان بەلایەنی کەمەوە١٢٠ ,٠مم دەبێت .

## ١-٢ سودەکانی تانکی غاز

- سەلامەتی

یەکێک لە گەورەترین سودەکانی تانکی غاز بە بەراورد کردنی لەگەڵ بوتڵی غازی عێراقیدا، ڕێژەی بەرزی سەلامەتیەکەیەتی.

ئەم تانکیانە لە دەرەوەی ماڵ یان دامەزراوەکە دادەمەزرێنرێن و لەوێوە بۆریەکان بە ژێر زەویدا دەهێنرێتە بیناکەوە.

سەرەڕای ئەمەش خودی تانکیەکە چەند زمانەو ڕیکخەری پێوەیە کە هەمووی لە پێناوی دابینکردنی سەلامەتیەکی زیاترە بۆ بەکارهێنەر.

- ڕاحەتی و کار ئاسانی

هەر تانکیەک بەلایەنی کەمەوە ٥٠٠لیتر غاز دەگرێت، لە بەرهۆی کشانی مادەی LPG دەبێت ٨٥٪ تێبکرێت واتە ٨٥٠ لیتر.

ئەم هێندی غازە بەرامبەرە بە ئەو هێندە غازەی کە دەکرێتە ناو ١٨ بوتڵی غازی عێراقیەوە. هەرکاتێکیش هێندی غازی ناو تانکیەکەت گەیشتە ٢٠٪ ، بەشی خزمەت گوزاری ئەو کۆمپانیایەی کە تانکی غازەکەی دامەزراندوە، تانکیەکە پڕ دەکاتەوە لە غاز.

- دابین کردنی غازی بەردەوام

زوربەی ئەو ئامێرانەی کە دروست کراون بۆ ئیش پێکردن بە غازی (LPG)، دروست کراون بۆ ئەوەی کە غازەکەیان بە بەردەوامی بۆ بڕوات. بوتڵی غازی عێراقی ناتوانێت پێدانی غازی بەردەوام دابین بکات و خاوەنەکەی نازانێت کەی بوتڵەکەی خاڵی دەبێتەوە.

یەکێک لەو ئامێرە گرنگانەی کە بە غازی بەردەوام ئیش دەکات بۆیلەری ئاو گەرمکردنە، وەک دەبینین بەڕێژەیەکی هێجگار کەم ئەم ئامێرە گرنگە لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەکاردەهێنرێت! هۆیەکەشی بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی غازی بەردەوام.

بە دانانی تانکی غاز لەم گرفتە ڕزگارتان دەبێت و لەمەودوا دەتوانن سوود لەبەکارهێنانی غاز وەربگرن نەک هەر بۆ چێشت لێنان بەڵکو بۆ زۆر بواری تر.

- پاشەکەوت کردنی پارە

پڕکردنەوەی بوتڵی عێراقی پرۆسێسێکی پڕ مەسرەفە، پڕکردنەوەی ٨٠ بوتڵ (کە دەکاتە هێندی غازی ناو یەک تانکی) واتە ٨٠ x ٢٥٠ دینار کە دەکاتە ٢٠٠٠٠ دینار تەنها بۆ پڕکردنەوەی بوتڵەکان. گوێزانەوەی بوتڵ لە کارگەی غازەکانەوە بۆ گۆڕەپانی غاز وە لەوێشەوە بۆ دەست گێڕەکان کارێکی وای کردوە کە ئەو بوتڵە غازەی کە نرخەکەی ٤٠٠٠ دینارە، بگاتە دەست بەکارهێنەر بە ٧٠٠٠ دینار.

بە هاتنی ئەم سیستەمە بەدڵنیاییەوە سەرباری سەلامەتی زیاتر و ڕاحەتر زیاتر، هێندێک پارە دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنەر و ئەو مەسرەفەی کە کردویەتی پاش ماوەیەک بۆی دەگەڕێتەوە.

## ٢-٢ بەکارهێنانی ئەم جۆرە تانکیانە لە جیهاندا

زوربەی وڵاتانی ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، مێژوویەکی دوور و درێژیان هەیە لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە تانکیانەدا کە دەگەڕێتەوە بۆ زیاد لە ٥٠ ساڵ لەمەوبەر.

لەگەڵ ئەوەشدا کە زوربەی ئەو وڵاتانەی کە ئەم سیستەمەی تیایە، سیستەمی نەقڵی غازی سروشتیشیان تیایە کە بە بۆری بۆ ماڵان نەقڵ دەکرێت بەڵام هێشتا بەکارهێنانی تانکی غاز بە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێت بۆ بەکارهێنان! هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆر جار سوود وەرگرتن لە تانکی غاز هەرزان تر دەکەوێت

لەسەر بەکارهێنەر وەک لە راکێشانی بۆری غاز.

### ٢-٣ پڕکردنەوەی تانکی غاز

ئەو تانکی غازانەی کە لە ماڵان و شوێنەگشتیەکان دانراون ، بەهۆی تانکەری تایبەتەوە پڕ دەکرێنەوە کە قەبارەیان بچوکترە لەو تانکەرانەتی کە غازی پێدەگوێزرێتەوە لە دەرەوەی شارەکاندا.

ئەو تانکی غازانەی کە لە ماڵان و شوێنەگشتیەکان دانراون گێچێکیان پێوەیە کە رێژەی غازی شلی ناو تانکیەکە نیشان دەدات.

پاش گەیشتنی گێچەکە بە رێژەیەکی دیاری کراو، خاوەنی ئەو تانکی غازانە پەیوەندی دەکات بەو کۆمپانیایەی کە تانکی غازەکەی بۆ دامەزراندوە. ئەوانیش بەو تانکەرە تایبەتانە کە پێیان دەوترێت (BOBTAIL)، تانکیەکە بە بڕی غازی شلی پێویست پڕدەکەنەوە.



## ٣ دابینکردنی سیستەمی گەرمی ناوەندی

### ٣-١ پێناسەی سیستەمی گەرمی ناوەندی:

سیستەمی گەرمی ناوەندی هەروەک لە ناوەکەیەوە دیارە، بریتیە لە دابینکردنی ووزەی گەرمی بۆ ماڵان و شوێنە گشتیەکان لە رێگەی ناوەندێکەوە کە توانای دابینکردنی ووزەی گەرمی هەیە بەپێی خواستی بەکارهێنەر.

یەکێک لەو سیستەمە سەرکەوتوانەی کە لە زووربەی ووڵاتانی دنیادا پەیرەو دەکرێت بریتیە لە دابینکردنی سیستەمی گەرمی ناوەندی لە ریگای شۆفاژ (رادیاتەر) وە بۆیلەری غازی تایبەتیەوە یە کە ناسراوە بە کۆمبی بۆیلەر.

تاکو ئێستا لە ووڵاتی ئێمەدا زیاتر بۆیلەر یان گیزەری کارەبایی بە کارهاتووە کە ئەمەش بارگرانیەکی گەورەیە بۆ سەر ووزەی کارەبا چونکە ئیش پێکردنی ئەو ئامێرانە وزەیەکی کارەبای زۆری دەوێت.

جۆرێکی تری بۆیلەر کە تا رادەیەک لە ماڵان و شوێنە گشتیەکاندا بەکاردێت بریتیە لە بۆیلەری غازی.

ئەم جۆرە بۆیلەرانە تەنها ئاوی گەرم دابیندەکەن بۆ بەکارهێنان لە چێشتخانە و گەرماوی ئەو شوێنانەی کە بۆیلەرە غازیەکەی تیا دامەزراوە.

### ٣-٢ سیستەمی گەرمی ناوەندی بە گازۆایل

چەند ساڵێکە لە هەرێمی کوردستاندا سوود وەردەگیرێت لە سیستەمێکی تازە بۆ دابینکردنی گەرمی ناوەندی.

ئەم سیستەمە لە رێگەی دانانی شۆفاژەوەیە کە بە بێرنەری گازۆایل ئاوی گەرمی پێویست بۆ شۆفاژەکان دابین دەکرێت.

#### زیانەکانی ئەم سیستەمە:

- **پیسکردنی ژینگە**

یەکێک لە زیانەکانی ئەو سیستەمەی کە ئێستە بەبڵاوی بەکاردەهێنرێت بریتیە لە پیسکردنی ژینگە. سوتەمەنی گاز کە بۆ ئیش پێکردنی ئەو بێرنەرانە بەکاردەهێنرێت، بە بەراوردکردن بە جۆرەکانی تری سوتەمەنی بە رێژەیەکی زۆر زیاتر گازی ( Co2) دەکاتە دەوروبەرەوە و ژینگە پیس دەکات

- **گرانی بڕی گازی پێویست**

گەر بێت وئەو بڕە گازەی کە پێویستە بۆ گەرم کردنی ئاوی پێویست بۆ شۆفاژەکان بەراورد بکرێت بە سوتەمەنیەکانی تر وەک غاز بۆ نمونە، بە دڵنیاییەوە چەند قات گرانتر دەکەوێت لەسەر بەکارهێنەر.

- **خزمەتکردنی پێویست و بەردەوام بۆ سیستەمەکە**

زووربەی ئەو بێرنەرانەی کەئێستا بۆ دابینکردنی سیستەمی گەرمی ناوەندی لە ریگەی شۆفاژەوە بەکاردەهێنرێت بە گاز ئیش دەکەن. لەپێکهاتەی تەکنیکی ئەم سیستەمانەدا فلتەری گاز بەکاردەهێنرێت کە پاش بەکارهێنانی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پیس دەبێت و دەگیرێت و دەبێت بگۆڕدرێت بە فلتەرێکی تازە. ئەمەش سەرباری مەسرەفێکی زیاد بۆ بەکارهێنەر، دەبێتە هۆی پیس کردن و چەورکردنی ئەو دەوروبەرەی کە بێرنەرەکەی تیا دامەزراوە.

### ٣-٣ سیستەمی گەرمی ناوەندی بە شۆفاژ و کۆمبی بۆیلەر


ئەم جۆرە بۆیلەرە دادەنرێت بە باشترین رێگە بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ووزە.

هەروەک بە ناوەکەیا دیارە ئەم بۆیلەری بە شێوەیەکی هاوبەش ئاو گەرم دەکات بۆ دوو مەبەستی سەرەکی، یەکەمیان بۆ گەرماو چێشتخانە وە دووهەمیان بۆ گەرم کردنی ئەو ئاوەی کە پێویستە بۆ سیستمی شۆفاژ بۆ گەرمکردنی ناوەندی


وێنەی دانانی کۆمبی بۆیلەر لە ناو چێشتخانەی ماڵێکدا




وێنەی دانانی کۆمبی بۆیلەر لە ناو چێشتخانەی ماڵێکدا





وێنەیەک لە بەشی پشتەوەی کۆمبی بۆیلەر




هێڵکاری چۆنێتی ئیشکردنی کۆمبی بۆیلەر

- **پێناسەی کۆمبی بۆیلەر**

کۆمبی بۆیلەر بەو بۆیلەرە دەوترێت کە توانای پێدانی ڕاستەوخۆی ئاوی گەرمی هەیە بۆ دوو مەبەستی سەرەکی کە یەکێکیان بۆ گەرمکردنەوە و ئەوی تریان بۆ دابینکردنی ئاوی گەرم بۆ بەکارهێنانی تر بۆ نموونە لە گەرماو یان چێشتخانەی ئەو شوێنەی لێی دادەنرێت.




ڕوون کردنەوەی شێوەی ئیشکردنی کۆمبی بۆیلەر

- **تایبەتمەندیەکانی کۆمبی بۆیلەر**

کۆمبی بۆیلەر دادەنرێت بە باشترین چارسەر بۆ کەم جێگایی و بەخشینی دەوروبەرێکی جوان بەو جێگایەی کە لێی دادەنرێت.

یەکێک لە تایبەتمەندێتیە گرنگەکانی ئەم جۆرە بۆیلەرە ئەوەیە کە تانکی تایبەتی کۆکردنەوەی ئاوی گەرمی ناوێت، تەنها تانکی ئاوی ساردی بەسە کەلێی دەبەسترێت. لەبەر ئەم هۆیەشە کە کەمتر جێگا دەگرێت لەو شوێنەی کە لێی دادەنرێت.

یەکێکی تر لە سوودەکانی ئەم جۆرە بۆیلەرە ئەوەیە کە پەستانی ئاوی ئەو سەرچاوەیەی کە لێی دەبەسترێت بەسە بۆ دابینکردنی ئاوی گەرم لەو بەلوعەیەوە کە لە گەرماوەکە یان لە چێشتخانەکەوە لەکاتی پێویستدا بەکاردەهێنرێت بەبێ ئەوەی پێویست بە پەمپ بکات.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانی کۆمبی بۆیلەر ئەوەیە کە بە غازی بەردەوام ئیش دەکات.. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە تاکو ئێستا لە وڵاتی ئێمەدا ئەم جۆرە بۆیلەرانە زۆر دەگمەنن.

## ٣-٤ کەرەستە و پێداویستیەکانی سیستەمی گەرمی ناوەندی

- **شۆفاژی ناو ماڵ**

پێکهاتەی تەکنیکی ئەم جۆرە شۆفاژانە لە شێوەی پەرەکەدایە کە بە ئاسانی دەتوانرێت لەیەک بدرێن و ڕووبەری پێویستی لێ دروست بکرێت.

کانزای ئەم شۆفاژانە بریتیە لە ئەلەمنیۆم کە ئەمەش یارمەتیدەرێکە بۆ دابەشکردن و دانەوەی ئەو برە ووزەیەی کە وەریدەگرێت چونکە کانزای ئەلەمنیۆم گەیەنەرێکی

باشە.

یەکێکی تر لە تایبەت مەندێتیەکانی تری ئەلەمەنیۆم ئەوەیە کە ژەنگ هەڵ ناهێنێت ئەمەش فاکتەرێکی باشە بۆ بەرگەگرتنی شۆڤاژەکە بۆ ماوەیەکی درێژتر بەرامبەر بەو بڕە ئاوەی کە بەناویدا تێپەڕدەبێت.

• **شۆڤاژی گەرماو**

پێکهاتەی تەکنیکی ئەم جۆرە شۆڤاژانە تایبەتە بە بەکارهێنانی شۆڤاژەکە لە شوێنێکی شێداردا.

هەروەها سەرباری ئەوەی کە گەرمای پێویست دەدات بە ژووری گەرماوەکە، یارمەتیدەرێکیشە بۆ ووشککردنەوەو هەڵواسینی خاولی

• **شۆڤاژی جوانی**

ئەم جۆرە شۆڤاژە سەرباری ئەوەی کە ووزەی گەرمی بۆ دەووبەری دابین دەکات، هەروەها هۆکارێکیشە بۆ بەخشینی دیکۆرێکی جوان لەو شوێنەی کە لێی دادەنرێت.

• **ڕاخستنی بۆری بۆ گەرم کردنی زەوی**

ئەو بۆیلەرە هاوبەشانەی کە هێناومانن بریتین لە ٦ مۆدێل وەیان جۆری جیاواز.

جیاوازیەکان لە نێوان بۆیلەرەکاندا بریتین لە بڕی ووزە، هێندی ئاوی پێویست، پلەی گەرمای ئەو ئاوەی کە گەرمی دەکات وە ئەو ڕووبەرەی کە بۆیلەرەکە دەتوانێت گەرمی بکات.

بۆ زانیاری زیتر سەبارەت بە پێک هاتەی تەکنیکی بۆیلەرەکان، بڕوانە پەراوێزی ئەم ڕاپۆرتە.

• **بۆری و عەکسی تایبەت.**

ئەو بۆری و عەکسانەی کە بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنرێت ،تایبەتین بۆ بەکارهێنانی لە دابینکردنی سیستەمی گەرمی ناوەندی لە ڕێگەی شۆڤاژ و بۆیلەری هاوبەشەوە.

ئەو بۆریانە بریتیە لە پێنج توێ. توێی دەرەوە و ناوەوە لە مادەی پولی ئەسیتلین پێک دێت ( PE). توێی ناوەوەی بۆریەکە بریتیە لە کانزای ئەلەمنیۆم. لە نێوان ئەم سێتوێیەدا دوو توێی مادەی چەسپ کەر هەیە.



بۆری و عەکسی تایبەت بۆ دابینکردنی سیستەمی گەرمی ناوەندی

### ٤- ڕاسپاردەکان بۆ بەکارهێنانی غازی شل

هەر وەکو لە پێشەکی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی بۆ کراوە، دوو جۆر غازی شل هەیە کە خۆش بەختانە هەردووکیان لە هەرێمی کوردستاندا دەست دەکەوێت.

مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە لایەنە پەیوەندی دارەکان ڕابسپێررێت کە بوارەکانی بەکارهێنانی غازی شل بە هەردوو جۆرەکەیەوە پەرە پێبدەن و گرنگی زیاتر بدەن بەم سوتەمەنیە گرنگە.

لە بەر تایبەت مەندیە جیاوازەکانی ئەو دوو جۆر غازە شلەی کە هەمانە،بەباشی دەزانین کە ڕاسپاردەکانیش بۆ ئەو دوو جۆرە غازە لە یەکتری جیا بکەینەوە.

### ٤-١- ڕاسپاردەکان بۆ بەکارهێنانی غازی سروشتی (NLG)

• لە بەر ئەو پێکهاتە تەکنیکیانەی کە غازی سروشتی هەیەتی، دەتوانرێت بە ئاسانی بە بۆری غاز بگوێزرێتەوە بۆ ئەو جێگایانەی کە دووریەکی جوگرافیایی زۆریان هەیە لە کێڵگە غازیەکەوە.

غازی سروشتی کە بەرهەم دەهێنرێت،سەرەتا لە ژێر پەستانی ٣٠٠ بار دایە. ئەم سیفەتەی وای لێدەکات ئەم جۆرە غازە بەبێ هیچ یاریدەدەرێک ( پەمپ یان هەر ئامێرێکی تر) بۆ دوورترین جێگای مەبەست بگوێزرێتەوە.

ئەو کێڵگانەی کە ئەم جۆرە غازەیان تیا بەرهەم دەهێنرێت لە هەرێمی کوردستان ( لەوانە کێڵگەی خۆر مۆر لە قادر کەرەم) توانای گواستنەوەی غازی سروشتیان هەیە بۆ چەند وێستگەیەکی دروستکردنی ووزەی کارەبا.

ئێستا دوو وێستگەی کارەبا، یەکێکیان لە چەمچەماڵ و ئەوی تریشیان لە هەولێر، بە بۆری غاز بەستراونەتەوە بە کێڵگەی خۆرمۆرەوە و لە تواناییاندایە بە غازی سروشتی کاربکەن.

دەکرێت لە پاڵ ئەم وێستگانەدا، وێستگەی تریش دروست بکرێن (نەک هەر وێستگەی بەرهەم هێنانی کارەبا) کە بە غازی سروشتی کار بکەن و بە کیڵگەکانی خۆرمۆرەوە ببەسترێنەوە.

• وەک ئاشکرایە لەم چەند ساڵەی دوایدا وەبەرهێنانێکی زۆر کراوە لە بواری دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون لە شێوەی شارو شارۆچکەدا.

هەر لەگەڵ بناتنانی ئەو پرۆژانەدا ، دەکرێت غازی سروشتی بۆ ئەوشار و شارۆچکانە بە بۆری تایبەت بگوێزرێتەوە و تۆڕی دابەشکردنی غازەکەش بەسەر ئەو یەکانەدا دابەش بکرێت.

لێرەدا وەک پێشنیهادێک، داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی پێدانی مۆڵەت بەو پڕۆژانە دەکەین کە ڕەچاوی سیستەمی دابینکردنـــی تۆڕی غازی بـــەردەوام بکەن بۆ ئەو پڕۆژانەو و ( وەک مەرجێـــک ) داوا لـــە لایەنـــی جێبەجێکاری ئەو پڕۆژانـــە بکەن کە ئـــەو مەرجە جێبەجی بکات تا مۆڵەتی بدرێتێت.



کێڵگەی خۆر مۆر لە قادر کەرەم بۆ وەبەرهێنانی غازی شل (NLG) و (LPG)

### ٢-٤- ڕاسپاردەکان بۆ بەکارهێنانی غازی (LPG)

- برەو پێدان بە بەکارهێنانی سیستەمی گەرمی ناوەندی.

ئێســـتا لە هەرێمی کوردســـتان هەمـــوو یەکەیەک کە تازە دروســـت بکرێت دەبێت نەخشـــەی ئەندازیاری شارستانی و کارەبـــا پەســـەندیان بکات، ئینجا ڕێکارە یاســـاییەکانی مۆڵەت پێدان دەست پێدەکات.

پێشـــنیهاد دەکەم کە نەخشـــەی ئەندازیـــاری میکانیکیش زیاد بکرێت بۆ ئەو مۆڵەت پێدانە.

دەکرێت هاو شـــێوەی وڵاتی ئێرانی دراوســـێمان، خاوەن یەکـــە ناچار بکرێت کە سیســـتەمی گەرمـــی ماڵەکەی بە غازی (LPG) بێت.ئەگینا مۆڵەتی پێنادرێت.

مەرج نیە گەرم کردنەکە بە شێوەی گەرمی ناوەندی بێت، بەڵکو دەتوانێت لە کورەی غاز وە یان هەر سیســـتەمێکی تر کە بە غاز ئیش بکات.

بەدڵنیایـــەوە ئـــەم کارە دەبێت بە پاڵ پشـــتێکی باش بۆ کەمکردنـــەوەی بەکارهێنانـــی ووزەی کارەبـــا لـــە وەرزی زستاندا.


- بـــرەو پێـــدان بـــە بەکارهێنانـــی غاز وەک ســـوتەمەنی ئۆتۆمبێل

ســـاڵانێکی زۆرە لە زوربەی وڵاتانی جیهاندا، غازی شـــل (بە هەردوو جۆرەکەیەوە) وەک سوتەمەنیەکی ئۆتۆمبێل بەکاردەهێنرێت.

کۆمپانیاکانـــی دروســـتکردنی ئۆتۆمبێـــل زۆر جار هەر لە ســـەرەتاوە سیســـتەمی غازەکـــەو تانکی غازی پێویســـت دەخەنە ناو هێڵەکانی بەرهەم هێنانی ئۆتۆمبێلەکانیانەوە.

یـــان خـــاوەن ئۆتۆمبێـــل هەر کاتێـــک بیەوێـــت دەتوانێت سیستەمی غاز بۆ ئۆتۆمبێلەکەی دابنێت.

ئەم بابەتە خۆی لە خۆیدا بابەتێکی بەر بڵاوەو دەبێت زۆر بەوردی پلانی بۆ دابنرێت.



هێڵکاری بەکارهێنانی غاز وەک سوتەمەنی ئۆتۆمبێل

ئێستا لە هەرێمی کوردستان چەند کۆمپانیایەک سەرگەرمی هێنانی ئەم سیستەمەن . بە هیوای ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا بتوانن دەست بەکار ببن.

پێشـــنیهاد دەکەم کە لە هەر شـــارێک لە شـــارەکان چەند بەنزیـــن خانەیـــەک تایبـــەت بکرێن بە دانانی سیســـتەمی غـــاز بۆ تێکردنـــەوەی ئەو تانکی غازانـــەی کە لە ناو ئەو ئۆتۆمبێلانەدا دادەمەزرێن.

تـــا بتوانرێـــت هاوشـــێوەی بەنزیـــن و گازوایـــل، غازیـــش بفرۆشرێت بەو ئۆتۆمبێلانە.

بەم کارە هاو شێوەی وڵاتانی پێشکەوتوو وابەست نابین بـــە یەک جـــۆر ســـوتەمەنی ، بەڵکوو غازیـــش دەبێت بە ئەڵتەرناتیڤێکی گونجاو.

بەم کارە خزمەتێکی زۆری ژینگەش دەکەین و دەیپارێزین لە ($CO_2$) بە ڕێژەیەکی بەرچاو.



# ڕێکخراوی فڕینی شارستانی نێودەوڵەتی

## ( ICAO )







ئەندازیار / طاهر عبدالله قادر
بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی نێو دەوڵەتی سلێمانی

بەشی حەوتەم

### ( پاشکۆی ژمارە ١٤ ) Annex 14



International Standards
and Recommended Practices

Annex 14
to the Convention on
International Civil Aviation

**Aerodromes**

Volume I
Aerodrome Design and Operations

This edition incorporates all amendments adopted by the Council prior to 28 February 2004 and supersedes, on 25 November 2004, all previous editions of Annex 14, Volume I.

For information regarding the applicability of Standards and Recommended Practices, see Chapter 1, 1.2 and Foreword.

Fourth Edition
July 2004

پاشکۆی ١٤ - فڕۆکەخانەکان

### ١. فڕۆکەخانەکان Aerodromes

پێشـەکی: ئەگەر فڕین لە ئاسـماندا بێ بوونـی فڕۆکە و سـتافی فڕۆکـەوانْ نەتوانرێت ئەنجام بدرێـت تەنانەت ئەگەر فڕۆکەکە بێ فڕۆکەوانیش بێت پێویسـتە لەسـەر زەوی فڕۆکەوانێـک کۆنتـڕۆڵ و ئاراسـتەی بـکات، ئەگەر یاسـای فڕۆکەوانی و هەموو دۆکۆمێنتە پەیوەندی دارەکان زیاتـر جێبەجێ کردنیان لە پرۆسـەکانی فڕین لە ئاسـماندا دەردەکەوێت و ئەگـەر چەندین کۆمپانیای تایبەتمەنـد سـەرقاڵی دروسـتکردن و لێکۆڵینـەوەی بەردەوامبن بۆ پێشخستنی ئامێر و ئامرازەکانی فڕۆکەوانی وبواری ئاسایش وسەلامەتی بەڵام ئەگەر شوێنیک نەبێت لەسـەر زەوی ئەو ئامێر و ئامرازانـەی تیا دانەمەزرابێت و ڕووبەرێکی گونجاویان بۆ تەرخان نەکرێت بۆ سورانەوە و وەستان و جموجوڵی فڕۆکەکان بۆ پەیرەو کردنی ڕێسا و ڕێنمایەکان بوونی ئەو ئامێر و ئامرازانە بێ هودە دەبن.

ڕێکخراوی ICAO لە قۆناغی دامەزراندن و ئیش کردنیدا چۆن سـەرقاڵی دانانی میکانیزم و ڕێسـای تایبەت بوو بۆ بوارە جیا جیاکانی فڕۆکەوانی پێویستی کرد پاشکۆیەکی تایبـەت بە دیزاین و دروسـت کردنـی فڕۆکەخانەکان ڕێک بخـات بۆ ئەو مەبەسـتە ڕۆژی ٢٩ ئایاری سـاڵی ١٩٥١ و بەپێـی مـادەی ٣٧ لـە ڕێکەوتنی شـیکاغۆ بۆ فڕۆکەوانی شارسـتانی ئەنجومەنی ڕێکخراوەکە بڕیاری لەسەر پاشکۆی ژمارە ١٤ دا کە تیایدا پێوەرە نێودەوڵەتییە سـتاندەرەکان و ڕاسـپاردە تایبەتەکانـی پەیوەسـت بە

دیزاینی فرۆکەخانەکان و بەگەرخستنیان دەرکرد

**٢. سیستمە گشتیەکان کە پاشکۆی ژمارە ١٤ ی لەسەر بەندە Comment Reference System**

ئەو سیستمانەی کە پاشکۆی ژمارە (١٤) پەیرەوی دەکات بۆ دەستکەوتنی زانیاریە بنەرەتیەکانی سەر زەوی ئەمانەی لای خوارەوەن:

**أ- سیستمی دیاری کردنی پێگەی ئاسۆیی فرۆکەخانە:** بۆ دیاری کردنی پێگەی ئاسۆیی فرۆکەخانە پاشکۆی ژمارە ١٤ پشت دەبەستێت بە سیستمی جیودیتکی جیهانی سالی ١٩٨٤ World Geodetic System (WGS 84) کە بەهۆیەوە دەتوانرێت کۆردینەتی فرۆکەخانەکان دیاری بکرێت لەسەر هێلی درێژی و پانی (Latitude & Longitude).

**ب- دیاری کردنی بەرزی فرۆکەخانەکان** بۆ دیاری کردنی ئاستی بەرزی فرۆکەخانەکان پشت بە ئاستی رووی دەریا دەبەسترێت MSL (Mean see Level) وەک بنەمایەک بۆ دیاری کردنی بەرزی فرۆکەخانەکان.

**٣. بڕوایپێدانی فرۆکەخانەکان Certification of Aerodromes**

لەسەر هەموو دەوڵەتانی ئەندام پێویستە بروانامەی پەسەندکراوی فرۆکەخانەکان بەپێی پێداویستی یەکانی پاشکۆی ژمارە ١٤ دابین بکات و فرۆکەخانە بەپێی خشتەیەکی زەمەنی دیاری کراو بپشکنرێت بۆ دڵنیا بوون لە دروست بوونی پێداویستی و پێکهاتەکانی تا دڵنیای هەبێت بۆ سەلامەتی فرۆکەخانە و فرۆکەوانی.

**٤. دیزاینی فرۆکەخانەکان Airport Design**


چۆن بۆ دیزاینی رێگا و بیناو دامەزراوە ئەندازیاریەکان چەندین تیۆرو رێگای تایبەت هەیە بۆ دیزاین هەر بەو جۆرەش چەندین رێگا هەیە بۆ دیزاینی فرۆکەخانەکان بەپێی گەورە و بچوکیان بەمەبەستی دروست کردنی یان شوێنی دروستکردنی یان بۆ جۆری فرۆکەکانی کە پێویستە لەو دیزاین بنەما سەرەکیەکانی هاتوو لە پاشکۆی ژمارە ١٤ هەبێت وەک مەرج و سنوری تایبەت بە فرۆکەخانەکان.

**٥. دیاری کردنی نیشانەی فرۆکەخانە Aerodrome Reference Point**

لەهەر فرۆکەخانەیەکدا خاڵێک دیاری دەکرێت کە پێی دەوترێت reference Point وەک چۆن Bare mark دادەکوترێت ئەو خاڵەش ئەو خاڵەیە کە لێوەی سەرجەم کۆردنیەیتی خاڵەکانی تری ناو فرۆکەخانەکەی لێوە وەردەگیرێت یان بۆی دەگەرێنەوە بۆ دۆزینەوە و دیاری کردنی کۆردنیەیتی خاڵەکانی تری پێویست.

واتە پێویستە لەهەر فرۆکەخانەیەکدا خاڵێک دیاری بکرێت کە لێوەی خاڵەکانی تری لێوە دیاری بکرێت دەکرێت یان باشترە ئەو خاڵە لە چەقی (run way) دابێت و جێگیر کرابێت و نەگۆرێت.

**٦. بەرزی فرۆکەخانە و فرگە Aerodrome and runway elevation**




دیاری کردنی بەرزی فرۆکەخانەیەك لە ئاستی رووی دەریادا

وەک باسکرا لە خاڵی (٢) کە بەرزی فرۆکەخانەکان لەسەر ئاستی دەریاوە وەردەگیرێت و پێویستە ئەوەندە بە وردی وەربگیرێت کە جیاوازی لە نیو مەتر زیاد یان کەم لانەدات، بەشێک هەیە لە فرۆکەخانەکان پێیان دەوترێت زانیاری فرۆکەوانی تایبەتە بە پێدانی بەرزی فرۆکەخانەکان بۆ هەر لایەنێکی تایبەت کە داوا بکات.


Republic of the Philippines
Department of Transportation and Communications
CIVIL AVIATION AUTHORITY OF THE PHILIPPINES

AERODROME CERTIFICATE

CERTIFICATE NUMBER: AGA – C-01-2011

This certificate authorises

MACTAN-CEBU INTERNATIONAL AIRPORT AUTHORITY (MCIAA)

to operate

MACTAN-CEBU INTERNATIONAL AIRPORT

This certificate is issued under Civil Aviation Regulation Governing Aerodromes -139.050. The operation and use of the aerodrome is subject to Republic Act 9497, the Civil Aviation Regulation Governing Aerodromes, and any relevant directions issued by the Civil Aviation Authority of the Philippines (CAAP), including any conditions specified by the Director General.

This certificate is not transferable and shall remain in effect until suspended or cancelled.

RAMON S. GUTIERREZ
Director General

Date: 14 JUL 2011

COPY 1 OF 2

Aerodrome and Air Navigation Safety Oversight Office (AANSOO)

بڕوانامەی پەسەندکردنی یەکێك لە فرۆکەخانەکان کەلەدەستەڵاتی فرۆکەوانی فلیپینەوە دەرچووە

فڕۆکەخانە لەبنەڕەتدا پێکدێت لە فرگەیەک بۆ فرین و نیشتنەوە بەشێوازێک دروست دەکرێت کە بگونجێت بۆ فرین لەدرێژی یان پانی و هێزی ئەو دارشتەیەی کە پێی دروست دەکرێت هەروەها ئەگەر فڕۆکەخانەکە لەرووی خزمەتگوزاریەوە گەورەتر کرا ئەوا قولەی چاودێری و بنکەی ئاگرکوژاندنەوە و بەشەکانی تری ئۆپەرەیشن و کەشناسی و ئاسایش و ..... هتد زیاد دەکرێت.

### ٧. هێزی دارشتە Strength of Pavements

نمونەیەك لەسەر هێزی (تۆكمەیی) فرگەیەك

**PCN 80 / R / B / W / T**

PCN 80 = توانای فرگەی ناوەند

R = جۆری دارشتەی فرگە كۆنكرێت

W = فشاری تایەی فڕۆكەكە بێ سنور

T = رێگای دیاری كردنی تۆكمەی فرگەی هاوكێشەی

جۆری فرگە و هێزی تواناكەی پێویستە لە بەڵگەی زانیاریەكانی فرین (AIP) دا كە وڵاتەكە لێ ی بەرپرسە بلاوی بكاتەوە

PCN = Pavement Classification Number


(ژمارەی پۆلێنی دارشتەكە)

هەموو جۆرە فڕۆکەیەک پۆلێنێکی تایبەتی هەیە لەسەر بنەمای کاریگەری فشاری ڕۆیشتن و فرینی لەسەر فرگەکان پێی دەوترێت Aircraft Classification code or number (ACN و هەر فرگەیەکیش لەسەر بنەمای هێز و توانای بەرگەگرتن بۆ کاریگەری کێش و ڕۆیشتنی فڕۆکەکان پۆلین دەکرێت و پێی دەوترێت Pavement Classification Number (PCN) .

لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی سەرەوە پێویستە بۆ دابینکردنی باشترین سەلامەتی بۆ فڕۆکەکان هێزی دارشتەیی فرگەی فڕۆکەخانە کە بەجۆرێک بێت کە پۆلینی فڕۆکەکە یەکسان بێت یان کەمتربێت لە پۆلینی هێزی دارشتەکە تا بتوانێت فرگەکە بەکاربهێنرێت بۆ فرین بێ ڕەچاوکردنی بارودۆخی کەش و هەواو فشاری تایەی فڕۆکەکان و کێشی فڕۆکەکە.

### ٨. شوێنی بلند پێوی لە فڕۆکەخانەکاندا پێش فرین Per- Flight altimeter check location

لەسەر Apron واتە پارکی وەستانی فڕۆکەکان و شوێنی ئیش پێکردنی فڕۆکەکان یان نزیک لەو شوێنە پێویستە خاڵێک یان زیاتر هەبێت کە بەکاردەهێنرێت بۆ مەبەستی چێککردنی بەرزی فڕۆکەکە لە رووی دەریاوە پێش دەستکردن بە فرینی فڕۆکەکە بۆ دڵنیا بوون لە دروستی ئامێری پێوانی بلندی ناو فڕۆکەکە چونکە فڕۆکەوان پێویستە لە ئاسماندا بە بەردەوامی دڵنیایی هەبێت بلندی فڕۆکەکەی لەسەر ئاستی زەوی یان ئاستی دەریاوە و دەبێت چێکی بەرزی شوێنەکە بکات لەسەر فڕۆکەخانەکە ئەوەندەش وردبکرێتەوە تا سنوری ١٠ پێی کەم یان زیاد نزیک بکرێتەوە.




### ٩. دوریە ڕێگە پێدراوەکان Declared Distances


بۆ مەبەستی دڵنیا بوونی فڕۆکەوان لە بوونی مەودای گونجاو و شیاو بۆ وەستان و ڕۆیشتن و فرینی فڕۆکەکەی لەسەر فرگە پێویستە زانیاریەکانی تایبەت بەو مەودایانە لە دۆکۆمێنتەکاندا بەوردی دیار و جێگیر کرابێت تابتوانرێت فڕۆکەوان لە کاتی پێویستیدا بۆیان بگەڕێتەوە ئەو ماوانەش ئەمانەی لای خوارەوەن:

أ- ماوەی بەردەست بۆ جولەی فڕۆکە بەمەبەستی فرین Take off Run Available TORA ئەو ماوەیەیە کە یەکسانە بە درێژی ئەو بەشەی فرگە کە گونجاوە بۆ فرین.

ب- ماوەی پەیوەست بۆ فرین Take off Distance Available TODA یەکسانە بەدرێژی فرگەکە لەگەڵ ئەو ماوەیەی کە خالیە لە بەربەست لەسەر درێژایی فرگە.

ت- ماوەی بەردەست بۆ وەستانی Accelerate- stop Distance Available یەکسانە بە درێژی فرگە کۆ ماوەی دیاری کراو بۆ وەستان لە کۆتایی فرگە.

پ- ماوەی بەردەســت بۆ نیشتنەوە Landing Distance Available LDA یەکسـانە بـەو درێژیـەی فرگەکـە گونجـاوە بۆ جوڵەی فڕۆکەکە لەسـەر زەوی. دەکرێت هـەر چوار ماوەکـەی ئاماژەبۆکراو لە خاڵـی ( ١، ٢، ٣، ٤ ) یەکسـان بێت بە درێژی فرگەکە. TORA =TODA =ASDA=LDA




## ١٠. فریاکەوتن و کوژاندنەوە Rescue & Fire Fighting



ئامێری کوژاندنەوەی ئاگر و ئاستەکانی پێویستە دابین بکرێت

لەبـەر گرنگـی بـواری کوژاندنــەوە و فریاکەوتـن لە فڕۆکەوانیــدا ڕێکخــراوی ICAO پۆلێنێکــی تایبەت بە ئاســتەکانی بواری کوژاندنەوە و فریاکەوتن داناوە پشت بەستن بە پێویستی هەر فڕۆکەخانەیەک بەپێی پۆلینەکەی



فڕۆکەخانەی نایروبی پێش گرگرتن

و پێویســتە ســەرجەم زانیاریەکانی پەیوەست بەو توانا و ئامێــر و ئامرازانەی کە پەیوەندی بە پۆلێنی فریاکەوتنەوە هەبێت لــە دۆکۆمێنتی فڕۆکەخانەکەدا جێگیر کرابێت و لە بڵاوکراوەی AIP دا بڵاوکرابێتەوە.



گرگرتنی فڕۆکەخانەی نایروبی ساڵی ٢٠١٣



کارمەندانی ئاگرکوژاندنەوەی فڕۆکەخانەکە مەشق ئەکەن لەسەر چۆنیەتی کۆنترۆڵ کردنی سوتان لە یەکێك لە فڕۆکەکان

## ١١.سیستمەکانی نزیک بوونەوەی بینراو Visualapproach slop Indicator system

کاتێک کە فڕۆکەیەک نزیک دەکەوێتەوە بۆ نیشتنەوە لە فڕۆکەخانەیەک ئەو قۆناغەی نزیک بوونەوەیە پێی دەوترێت Approach جا بۆ ئەوەی فڕۆکەوان بەباشـی دیاردەکانی سـەر زەوی فڕۆکەخانە بەچاو ببینێت چەند ئامێریک لەمەو لای فرگەوە دادەنرێت یان چەند نیشـانەیەک دادەنرێت بۆ یارمەتی دانی بینینی فرگەکە کە ئەمانەی خوارەوەن:

- ژمارەی فرگە – هەر سەرێکی فرگە ژمارەیەکی هەیە بۆ سلێمانی ژمارەی ١٣ و ٣١ کە بەفۆنتی گەورە دەنوسرێت و بەشێوازێک لە ئاسمانەوە ببینرێت.

جۆری سیستمی بینین PAPI , VASI کە گڵوپن و بەشەویش دیارن VASI- Visual Aid System Indicator

PAPI- Precision Aid path Indicator

- لەچەند لایەکی فڕگەکەوە ئەو سیستمانەدانراوە (چەپ یان ڕاست)
- نزمترین بەرزی کە فڕۆکـەوان بتوانێت ڕووناکیەکەی لێوە ببینێت.




کاتی روناکیەکان هەمویان سپی دەرئەکەون بەمانا فڕۆکەکە زۆر بەرز هاتوە



کاتێك نیوەی سور و نیوەی سپی بەمانا فڕۆکەکە لەبەرزی گونجاودایە



کە کاتێك هەموو گڵۆپەکان سور ئەبینرێن بەمانا فڕۆکەکە زۆر نزم هاتووە

سیستمی بینینی جریوە PAPI . (پاشکۆی ١٤)

## ١٢. چاکسازی فڕۆکەخانە Aerodrome Maintenance



پرۆسەی لابردنی پاشماوەی تایەی فڕۆکەکان لەسەر فرگە




پرۆسەی چاکسازی نیشانەکانی فرگە و ڕاڕەوەکانی تر




ئۆتۆمبیلی پێوانی پلەی زبری (خشاندنی ) روکەشی فرگە رۆژانی بەفر وباران

لەسەر ستافی بەڕێوەبردنی هەر فڕۆکەخانەیەک پێویستە بەرنامەیەکی تۆکمە و ڕێک و پێک دابنێت بۆ چاکسازی پێکهاتەکانی فڕۆکەخانە لە فرگە و کارەبا و ئامێری فڕۆکەوانی و ئامێری پشکنین و کەشناسی و گەیاندنی فڕۆکەوانی و ڕادار و ئامرازەکانی هاتوچۆ بەردەوام ئەو بەرنامەیە لە جێبەجێکردندا بێت بەو شێوازەی کە سەلامەتی و ڕێک بەڕێوەبردنی ملاحەی ئاسمانی و سەلامەتی و جموجۆڵی فڕۆکەکان لە ناو فڕۆکەخانەکاندا دابین بکات.




پاشکۆی ژمارە (١٤) پێوانە و درێژی و پانی (پیت و ژمارە)کانی دیاری ئەکات کە بەکارئەهێنرێت بۆ ناونانی فرگەکان (پێوانەکان بەمەتر)




ناونانی فرگە تەریبەکان/ (L) بۆ چەپ (R) بۆ راست بەکارئەهێنرێن بۆ جیاکردنەوەی لەنێوان دوو فرگەی تەریب کە هەمان ناویان هەیە


ناونانی فرگەکان/ هەر فرگەیەك بەپێی ئاراستەکەی ناوی ئەهێنرێت و سفرەکەی لا ئەبرێت وەك لەو وێنانەدا دیاری کراوە




ناوی ئەم فرگەیە (١٠) ە بەمانای ئاراستەکەی ١٠٠ پلەیە و سفرەکەی لابراوە (پاشکۆی ١٤)



ناوی ئەم فرگەیە (٢٧) ە بەمانا ئاراستەکەی ٢٧٠ پلەیە و سفرەکەی لابراوە (پاشکۆی ١٤)




ئەو هێمایانەی کە بەکارئەهێنرێن بۆ ئاراستەکردنی ئەو ڕارەوانەی کە فڕۆکەکان ئەیگرنە بەر (پاشکۆی ١٤)




سیستمی ڕووناك کردنەوەی فڕگە و نزیك بونەوە (پاشکۆی ١٤)




ڕۆشنایی قەراغ ڕارەوی ڕۆیشتنی فڕۆکەکان ڕەنگەکانیان شینە (پاشکۆی ١٤)



ڕۆشنایی قەراغی فڕگە بەڕەنگی سپی (پاشکۆی ١٤)

(پاشکۆی ژمارە ١٥) (Annex 15)





پاشکۆی ١٤ - فڕۆکەخانەکان

## خزمەت گوزاریەکانی زانیاری فڕۆکەوانیەکان
## Aeronautical information Services

١. پێشەکی: لە ١٥ ی مانگی مایس ساڵی ١٩٥٣ و بەپێی مادەی ٣٧ لە ڕێکەوتن نامەی شیکاغۆ بۆ فرۆکەوانی شارستانی ئەنجومەنی ڕێکخراوی فرینی شارستانی بریاری لەسەر پاشکۆی ژمارە (١٥)ی دا کەپەیوەستە بە پێوەرە نێودەوڵەتییە ستاندەرەکان و ڕاسپاردەکانی تایبەت بە خزمەتگوزاری زانیاریەکانی فرۆکەوانی.

زانیاریەکانی فرۆکەوانی بریتیە لە ژمارەیەک زانیاری و داتا سەبارەت بە پێکهاتەکانی فرۆکەخانە و ئەو زانیاریانەی کە پەیوەستن بە دابینکردنی سەلامەتی و ڕێکخستن و بەهێزی پرۆسەی ملاحەی ئاسمانی بەشێوازێکی ڕێک و پێک کە پێویستی پرۆسەکانی پەیوەند بە جموجۆڵی ئاسمانیەوە هەبێت.


8 - NOTAM REQUEST FORM

| A - CONTACT DETAILS | | |
|---|---|---|
| Contact Person | | |
| Title | | |
| Contact Telephone / email | | |
| Contact Fax | Number of Pages (Including this page) | |

نمونەی ١ : بڵاوکراوەی فڕۆکەوانەکانی ژمارە (٤) کەلەبەشی زانیاریەکانی فڕینی فڕۆکەخانەی سلێمانیەوە دەرچووە

| NOTAM TYPE | New ☐ | Cancel ☐ | Replace ☐ |
|---|---|---|---|
| Previous NOTAM Number for Cancel or Replace | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| A | Location | | |
| B | Valid From Time | UTC/LOCAL | FORMAT:YYMMDDhhmm |
| C | Valid To Time | UTC/LOCAL | |
| D | Daily Schedule | | |
| E | NOTAM Text | | |

ORSU
1402280715 //

QFALC
SULAIMANIYAH INT. AIRPORT CLOSED DUE TO VISIBILITY BELOW OPERATING MINIMUM
WEATHER IMPROVEMENT NOT DETERMINED



## ٢. ئەرک و بەرپرسیاریەتیەکان Responsibilities and functions

أ- بەرپرسیارتی دەوڵەت State Responsibilities هەموو ولاتێکی ئەندام لە ڕێکخراوی ICAO پێویستە هەستێت بە پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری پەیوەست بە زانیارییەکانی فرۆکەوانی لەسەر ئەرکی خۆی یان بەرێکەوتن لەگەڵ وڵاتێک یان ولاتانی دی کە ئەندامن لە ڕێکخراوەکەدا و دەتوانرێت لایەنێکی تری دەرەوەی حکومەت(میری) دەست نیشان بکات (تخویل) بەرپرسیارێتی ئەو ئەرکە لە ئەستۆبگرێت بە مەرجێک

ئەو لایەنە پەیرەوی پێوەرە نێودەوڵەتییە ستاندەرەکان و ڕاسپاردەکانی ڕێکخراوی ICAO بکات کە لە پاشکۆی ژمارە(١٥) داهاتووە.

ب- بەرپرسیارێتی بەشی خزمەتگوزاری زانیاری فڕۆکەوانی Responsibilities of Aeronautical information Services

پێویستە لەسەر ئەو بەشە تایبەتە کە سەرپەرشتی پێدانی خزمەتگوزاریەکانی زانیاری فڕۆکەوانی دەکات دڵنیابێت لە بوونی داتا و زانیاریەکانی فڕۆکەوانی پەیوەست بە سەلامەتی و ڕێک و پێکی و تۆکمەیی پرۆسەکانی ملاحەی ئاسمانی بەپێی پێویستیەکانی بەگەڕخستنی تایبەت بە پرۆسەی ڕێکخستنی جموجۆڵی ئاسمانیەوە بە تایبەت:

أ- پەیوەست بە پرۆسەکانی بەگەڕخستن و دەستەی گەشتەکان و تاقیگەکانی ڕاهێنانی فڕۆکەوانی.

ب- پەیوەست بە یەکە بەرپرسەکان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری جموجۆڵی ئاسمانی.

٣. بلاوکراوەی زانیاری فڕۆکەوانی AIP Aeronautical information Publication


الله اكبر

جمهورية العراق

دليل الطيران العراقي

REPUBLIC OF IRAQ
AERONAUTICAL INFORMATION PUBLICATION (AIP)

Fifty Eight EDITION
Effective 28 June 2012

DIRECTORATE GENERAL IRAQ CIVIL AVIATION AUTHORITY
AERONAUTICAL INFORMATION SERVICE (AIS)
BAGHDAD INTERNATIONAL AIRPORT
PO BOX 55103
BAGHDAD, IRAQ

CONSULT NOTAMs FOR LATEST INFORMATION

Changes and Amendments in Red

Deletions by bolded D in side bar

CAPT. NASSER HUSSAIN BANDER
DIRECTOR GENERAL
IRAQI CIVIL AVATION AUTHORITY

المنشاة العامة للطيران المدني
Iraqi Civil Aviation Authority
working for better Iraq

بەڵگەنامەی فڕینی عێراق بەهەموو زانیاریەکانی ئاسمانی عێراق و سەرجەم فڕۆکەخانەکانی عێراق

دەستەی فڕۆکەوانی هەر وڵاتێکی ئەندام لە ڕێکخراوی ICAO پێویستە سەرجەم زانیاری و داتا و پێکهاتەکانی فڕۆکەخانەکانی وڵاتەکەی و ئەو ئامێر و ئامرازانەی کە بەکاردەهێنرێن بۆ نیشتنەوە و دابینکردنی سەلامەتی فڕۆکەوانی لەگەڵ لەرەلەری پەیوەندیەکان و تواناکانی ئاگرکوژاندنەوە و فریاکەوتن و کەش ناسی و کاژێرەکانی کارکردن و هەر زانیاریەکی تر پەیوەست بە شوێن و پێگە و کۆردنەیت و زانیاریەکانی دی لەناو خشتەیەک کە ڕێکخراوی ICAO کلێشەکەی داناوە ڕێک بخات بەوەرزی و لە ڕوودانی هەر گۆڕانکاریەک کە ڕوویدات لە فڕۆکەخانەکەدا زووبەزوو Update بکرێتەوە ئەو خشتەیە کە زانیاریەکانی تیا بلاودەکرێتەوە و دەبێت بە سەرچاوەی زانیاری بۆ هەر لایەنێکی فڕۆکەوانی پێی دەوترێت رابەری زانیاریەکانی فڕۆکەوانی بەکورتکراوەیی پێی دەوترێت AIP کە تیایدا ئەم داتا و زانیاریانەی خوارەوەی تیادا بلاودەکرێتەوە:

بەشی یەکەم: زانیاریە گشتیەکان General ئەم زانیاریە گشتیانە لەخۆ دەگرێت:

- پێویستی و ڕێنمایە لۆکاڵیەکان (نیشتمانیەکان) National Regulations and Requirements
- سیستەمی بەکارهاتوو بۆ دیاری کردنی پێگەی ئاسۆیی Horizontal Reference System
- سیستەمی بەکارهاتوو بۆ دیاری کردنی پێگەی ستونی Vertical Reference System
- لیستی ئامراز و ئامێرەکانی فڕۆکەوانی List of Radio Navigation AIDS
- کاتی ڕۆژ هەڵاتن و ڕۆژ ئاوا بوون Sunset and Sunrise
- نەخشەکانی فڕۆکەوانی Aeronautical Charts
- خزمەتگوزاریەکانی جموجۆڵی ئاسمانی Air traffic Services
- خزمەتگوزاری پەیوەندیەکان(گەیاندن) Communication Services
- خزمەتگوزاری کەشناسی Metro logical Services
- سۆراغ کردن و فریاکەوتن Search and Rescue
- باجەکانی فڕۆکەخانە و خزمەتگوزاری ملاحەی ئاسمانی Charges for Aerodrome and Air Navigation Services

بەشی دووەم :بەکارهێنانی ڕارەوە ئاسمانیەکان En-Route :لەم بەشەدا ئەم داتا و زانیاریە ووردانە بە بەکارهێنانی ڕارەوە ئاسمانیەکان لە خۆ دەگرێت:

١. بنەما گشتیەکانی فڕۆکەوانی General Flight Rules

٢. بنەماکانی فڕین بەچاو (بینین) Visual Flight Rules (VFR)

٣. بنەماکانی فڕین بە ئامێر Instrument Flight Rules (IFR)

٤. پۆلێنکردنی ئاسمانی فڕۆکەخانە ATS Airspace Classification and Description

٥. ڕێکارەکانی فڕین و نزیک بونەوە و بەجێ هێشتن Holding ,Approach and Departure Procedures

٦. ڕێکارە بەرجەستەکراوەکانی جموجۆڵی ئاسمانی و خزمەتگوزاری هەواڵ گری ATS Surveillance Services and Procedures

٧. ڕێکاری دیاری کردنی بڵندی فڕۆکەکان Altimeter Setting Procedures

٨. بەڕێوەبردنی جموجۆڵی ئاسمانی و ئاسمانی فڕۆکەخانە Air traffic flow Management and Airspace Management

٩. پلانی گەشتی فڕۆکە Flight planning

١٠. بەرگرتنی فڕۆکە شارستانیەکان Interception of civil Aircraft


١١. دەست درێژی نایاسایی Un Lawful interference

١٢. ڕووداني فڕۆکەوانی Air traffic incident

١٣. خزمەت گوزاری جموجۆڵی ئاسمانی Air traffic services

١٤. خزمەت گوزاری جموجۆڵی ئاسمانی لەسەر ڕارەوەکان ATS Routes

١٥. ئامێرەکانی فڕۆکەوانی Radio Navigation Aids




پۆلێنی کایەی ئاسمانی عێراق (بەڵگەنامەی فڕینی عێراقی / بەشی دووەم

١٦. ئاگاداریەکانی تایبەت بە پرۆسەکانی ملاحەی ئاسمانی (شوێنە قەدەغەکراو و سنووردار و مەترسی دارەکان) Navigation Warnings (prohibited restricted and danger areas)

١٧. نەخشەی ڕارەوە ئاسمانیەکان En –Route charts

## بەشی سێیەم: فڕۆکەخانەکان Aerodromes:

ئەم بەشەی ڕابەری زانیاریەکان تەواوی زانیاریەکانی پەیوەست بە بەکارهێنانی فڕۆکەخانە تیا نیشان دەدرێت:

١. خزمەتگوزاریەکانی گەڕان و کوژاندنەوە و پلانی لابردنی بەفر Rescue and Firefighting Services and snow plan

٢. پەسەندکردنی فڕۆکەخانە status of certification of aerodrome

٣. نیشانەی فڕۆکەخانە و ناوی فڕۆکەخانە Aerodrome Location indicator and name

٤. داتای جوگرافی و کارگێری فڕۆکەخانە Aerodrome geographical and administration

٥. کاتەکانی بەگەڕخستنی فڕۆکەخانە Operational hours

٦. خزمەتگوزاریەکان و ڕایی کردن Handling services and Facilities

٧. ئاسانکاری بۆ ڕایی کردنی ڕێوان passenger Facilities

٨. وەرزی ساڵانەی کارکردنی فڕۆکەخانەکان seasonal availability

٩. داتای تایبەت بە ئاپرون و شوێنی وەستانی فڕۆکەکان و taxiways وشوێنی پشکنین Aprons ,taxiways and check locations / positions data

١٠. ڕێ نیشاندەر جموجۆڵی زەمینی فڕۆکەخانە وسیستمی کۆنترۆڵ و نیشانەکان surface ,movement guidance and control System and marking

١١. بەربەستەکانی فڕۆکەخانە Aerodrome obstacle

١٢. زانیاریەکانی کەشناسی بۆ فڕۆکەخانە metrological information provided

١٣. ڕەوشەکانی فڕگە Runway physical characteristics

١٤. ئەو ماوانەی کە ڕێگە پێدراون declared distances

١٥. ئامێرەکانی ڕووناک کردنەوەی فڕگە و ناوچەی نزیک بوونەوە approach and runway lighting

١٦. ناوچەی نیشتنەوەی فڕۆکەی هەلی کۆپتەر

helicopter landing area

١٧. خزمەتگــوزاری جموجوڵی ئاســمانی لە ئاســمانی فڕۆکەخانەدا air traffic services airspace

١٨. ئامرازەکانی ملاحە و نیشتنەوە Radio Navigation and landing aids


١٩. ڕێکارە نیشتمانی و لۆکاڵیەکانی تایبەت بە فڕۆکەخانە Local aerodrome regulations

٢٠. ڕیکارە تایبەتەکانی بە قەدەغەکردنی ژاوەژاو Noise abatement procedures

٢١. نەخشــەکانی تایبەت بە فڕۆکەخانە charts related to an aerodrome




نەخشەی ڕاڕەوە ئاسمانیەکان لە ئاسمانی عێراق (بەڵگەی فڕینی عێراق – بەشی دووەم)




LEGEND


| Facility name | Elevation (m) | Height (m) |
|---|---|---|
| GP | 758 | 12 |
| MET 1 | 756 | 11 |
| WDI 3 | 745 | 8 |
| PSS 1 | 750 | 6 |
| PSS 2 | 756 | 6 |
| MET 2 | 768 | 11 |
| LLZ | 760 | 2 |
| DVOR | 760 | 6 |
| WDI 1 | 756 | 8 |
| Tower | 810 | 33 |
| WDI 2 | 764 | 8 |
| GP | 744 | 17.5 |

Declared distances


| RWY 13 | | RWY 31 |
|---|---|---|
| 3500 | TORA | 3500 |
| 3800 | TODA | 3800 |
| 3560 | ASDA | 3560 |
| 3500 | LDA | 3500 |

نەخشەی بەربەستەکانی دەوری فڕگەی فڕۆکەخانەی سلێمانی




نەخشەی نزیك بونەوە و نیشتنەوە لە فڕۆکەخانەی سلێمانی – فڕگەی 31 (لای خواروو / بەڵگەی فڕینی عێراقی – بەشی سێهەم)




نەخشەی نزیك بونەوە و نیشتنەوە لە فڕۆکەخانەی سلێمانی – فڕگەی 31 (لای ژوورو)/ بەڵگەی فڕینی عێراقی بەش سێهەم

# تەکنۆلۆجیای ئامێری پزیشکی
# ئامێرەکانی شیکاری تاقیگەیی بۆ پشکنینی نەخۆشییەکان
# Laboratory Equipment




ئەندازیار
مەریوان قەفتان
E-mail: marywan_kaftan@yahoo.com


یەکێک لە بەشە سەرەکییەکانی نەخۆشخانەکان بریتییە لە تاقیگە (کە چەندەها بەشی وەک هیماتۆلۆجی ، مایکرۆبایۆلۆجی ، کیمیا ، پاسۆلۆجی ، بانکی خوێن و بەشی پاکژی لەخۆدەگرێت) بۆکاری شیکارکردن بە مەبەستی دیاریکردنی نەخۆشی و گرفتە جەستەییەکانی مرۆڤ ، بە پشکنینی نەخۆش لە ڕێی زانینی بڕ و ڕێژەی پێکهاتەکانی: خوێن (وەک خڕۆکەی سوور و سپی و پلازما و گاز و...... ) و میز و پاشەڕۆ و شانەکان و شەکر و چەوری و کۆلیسترۆل و پشکنینی ووردکە ئۆرگانیزمەکانی وەک (algae، protozoa and viruses، bacteria، fungi ، parasites)


لەم بەشانەدا چەندەها جۆر لە ئامێری سادە و ئاڵۆز بەکاردێت وەک :


١. سەنتەرفیوج
٢.ئامێری گەشەکردنوبەخێوکردنیووردکەئۆرگانیزمەکان
٣. گەرماوی ئاوی
٤. ووردبین - مایکرۆسکۆپ
٥. سپێکترۆفۆتۆمیتەر
٦. ئامێری پێوانی ترشێتی و تفتێتیpH
٧. ئامێری پشکنینی شەکری خوێن
٨. مایکرۆتـۆم
٩. فلەیم فۆتۆمیتەر
١٠. هیمۆگلۆبین پێو
١١. بیلرۆبین پێو
١٢. ئامێری خۆشیکاری خوێن
١٣. ئامێری خۆشیکاری کیمیایی
١٤. شیکاری گازەکانی خوێن
١٥. شیکاری ئەلەکترۆلایتی
١٦. شیکاری میز
١٧. شیکاری ئەمینۆئەسید
١٨. شیکاری خوێنمەیین
١٩. شیکاری ئیلایزا
٢٠. ئامێرەکانی پاکژی


## ئامێری سەنتەرفیوج Laboratory Centrifuge


لە زۆربەی بەشەکانی تاقیگە بەکاردێت بۆ جیاکردنەوە و نیشاندانی پێکهاتە و بەشە ڕەقەکانی ناو شلەکانی وەک خوێن و میز بە بیرۆکەی چەقەهێز بە خێراییەکی زۆر (جیاکردنەوە و نیشاندن بە ئاستی جیاواز بەپێی جیاوازی لە چڕی و شێوە و سایز) بۆ دیاریکردنی نەخۆشی بە پێی کاری بەراووردکاری لە ڕێژە و ستاندارد و پێوانەییە ئاساییە پزیشکیەکان (بۆ نموونە ڕێژەی پلازما و خڕۆکەی سوور و سپی لە خوێنی مرۆڤێکی ئاساییدا


جێگیر و دیاریکراوە ، بە کەم و زیادبوونی ، ئاماژەیە بۆ جۆرێک لە نەخۆشی کە کاری پسپۆری بواری پزیشکییە) ، جگە لە بواری پزیشکی ئامێری سەنتەرفیوج لە بوارەکانی پیشەسازی و شیرەمەنیشدا بەکاردێت.




بەشەکانی ئامێری سەنتەرفیوج :

١. ماتۆر

٢. رۆتۆر

٣. تایمەر

٤.کۆنترۆڵی خێرایی


٥. سویچی ناهاوسەنگی


٦. سویچی دەرگا داخەر

٧. برێک (وەستێنـەر) بۆ وەستاندنی ماتۆر

٨. سویچی ئیشپێکردن ، گڵۆپی نیشاندەر

٩. چامبـەر ، دەرگا ، رووپۆشی رۆتۆر ، بۆدی ئامێر




هێڵکاری کارەبای ئامێری سەنتەرفیوج

رۆتۆر گرنگترین بەشی ئامێری سەنتەرفیوجە و راستەوخۆ بەستراوە بە شەفتی ماتۆرەوە بۆ هەڵگرتنی تیوبەکان ، چەند جۆرێکی هەیە بەپێی شێوە و قەبارە و بەکارهێنانە جیاوازەکان ، وەک :

١. رۆتۆری تیوب جولاو Swing rotor

٢. رۆتۆری گۆشە جێگیر Fixed angle rotor

٣. رۆتۆری ستوونی جێگیر Vertical rotor

٤. رۆتۆری دەزوولە تیوب Capillary rotor

٥. رۆتۆری بوتڵ یان کیسە خوێن Blood Bag or Bottle rotor







Swing rotor رۆتۆری تیوب جولاو







Fixed angle rotor رۆتۆری گۆشە جێگیر










Vertical rotor رۆتۆری ستوونی جێگیر







Capillary rotor رۆتۆری دەزوولە تیوب





Blood Bag or Bottle rotor رۆتۆری بوتڵ و رۆتۆری کیسەخوێن




چەند جۆرێک رۆتۆری جیاواز لە شێوە و قەبارە

## جۆرەکانی ئامێری سەنتەرفیوج

سەنتەرفیوج بە چەند شێوەیەک و لەسەر بنەمای جیاواز پۆلێن دەکرێت وەک :

١. جۆرەکانی ئامێری سەنتەرفیوج بەپێی جۆری رۆتۆرەکان:

- سەنتەرفیوجی ئاسایی بە رۆتۆری تیوب جولاو
- سەنتەرفیوجی ئاسایی بە رۆتۆری گۆشە جێگیر
- سەنتەرفیوجی ئاسایی بە رۆتۆری ستوونی
- سەنتەرفیوجی هیماتۆکریت (بەرۆتۆری دەزوولە تیوب)
- سەنتەرفیوجی بانکی خوێن (بە رۆتۆری بوتڵ یان کیسە خوێن)


سەنتەرفیوجی ئاسایی بە رۆتۆری تیوب جولاو


سەنتەرفیوجی ئاسایی بە رۆتۆری گۆشە جێگیر


سەنتەرفیوجی هیماتۆکریت (بە رۆتۆری دەزوو لە تیوب)



سەنتەرفیوجی بانکی خوێن (بە رۆتۆری کیسەخوێن یان بوتڵ)

٢. جۆرەکانی سەنتەرفیوج بەپێی جۆر و سایزی تیوبی سامپڵەکان وەک:

- سەنتەرفیوجی ئاسایی بۆ تیوب ئاسایی
- مایکرۆ سەنتەرفیوج بۆ مایکرۆتیوب
- سەنتەرفیوجی هیماتۆکریت (بۆ دەزوولە تیوب)
- سەنتەرفیوجی بانکی خوێن (بۆ کیسە خوێن یان بوتڵ و تیوبی زۆر گەورە)



سەنتەرفیوجی ئاسایی بۆ (تیوبی ئاسایی)


مایکرۆسەنتەرفیوج بۆ (مایکرۆتیوب)


سەنتەرفیوجی هیماتۆکریت (بۆ دەزوولە تیوب)



سەنتەرفیوجی بانکی خوێن (کیسەی خوێن)

٣. جۆرەکانی سەنتەرفیوج بەپێی سایز و قەبارەی ئامێرەکە لە بچوکەوە بۆ گەورە بەپێی ژمارە و گەورەیی تیوب و رۆتۆرەکان وەک ئەم وێنانەی خوارەوە :






ئامێری سەنتەرفیوج بە قەبارەی جیاواز

٤. جۆرەکانی سەنتەرفیوج بەپێی خێراییە جیاوازەکانی ئامێرەکە لە کەمەوە بۆ زۆر بۆ نموونە ٤٠٠٠ سورانەوە لە خولەکێکدا بۆ ٦٠٠٠٠ سورانەوە لە خولەکێکدا.

٥. جۆرەکانی سەنتەرفیوج بە پێی بەکارهێنانە جیاوازەکانی ئامێرەکە وەک بواری پزیشکی ، بواری شیرەمەنی یان بواری پیشەسازی و ....



سەنتەرفیوجی دەستی




یەک ئامێری سەنتەرفیوج بە بەکارهێنانی سێ جۆر رۆتۆر و سێ جۆر تیوبی جیاواز

## چۆنیەتی بەکارهێنانی سەنتەرفیوج

- هەڵبژاردنی تیوبی گونجاو لە قەبارە و شێوەدا
- تیوبەکان دادەخرێن بە قەباغی تایبەت بە خۆیان
- دانانی تیوبەکان بە هاوتایی و هاوسەنگی (بۆ رێگریکردن لە لەرینەوە و شکاندن)
- لە کاتی تاکژمارەییدا تیوبێکی پڕلە ئاو دادەنرێت بۆ هاوتاکردن و هاوسەنگکردن
- داخستنی دەرگای سەنتەرفیوج
- دیاریکردنی خێرایی و کاتی گونجاو بە پشکنینەکە
- کردنەوەی دەرگا پاش وەستانی ماتۆر بە تەواوی
- دەرهێنانی تیوبەکان بەهێواشی بۆ رێگریکردن لە دووبارە تیکەڵبوونیان




چۆنیەتی دابەشکردنی تیوبەکان لە ناو رۆتۆردا بۆ مەبەستی هاوتایی و هاوسەنگی

## ئامێری گەشەکردنی تاقیگەیی Laboratory Incubator

ئامێری ئینکیوبەیتەری تاقیگەیی بریتییە لە ئامێرێکی سادەی گەرمی بەخش بۆ گەرمکردنی هەوا لە پلەی گەرمی ٢٥ پلەی سەدی بۆ ٦٠ پلەی سەدی ، بەکاردێت بۆ بەخێوکردن و گەشەکردنی ووردکە ئۆرگانیزمەکان Microorganisms


### بەشە سەرەکییەکانی ئامێرەکە

١. بۆکسێکی رووپۆشکراو بە مادەی پەشمە شووشە fiberglass

٢. دەرگایەکی میتاڵی رووپۆشکراو بە مادەی پەشمە شووشە

٣. دەرگایەکی شوشەیی بۆ سەیر کردن و چاودێریکردنی کاری گەشەکردن

٤. سویچی ئیشپێکردن ، گڵۆپی نیشاندەر
٥. سیرمۆستات (جۆری میکانیک یان ئەلەکترۆنی) بۆ دیاریکردنی پلەی گەرمی هەوا
٦. هیتەری کارەبایی جۆری هەوایی
٧. گەرمیپێو (جۆری جیوە ، گێج یان ئەلەکترۆنی) بۆ خوێندنەوەی پلەی هەوا



هێلکاری کارەبای ئینکوبەیتەر



ئامێری گەشەکردن- ئینکوبەیتەر Laboratory Incubator

## ئامێری گەرمــاو Water Bath

بەکاردێت بۆ گەرمکردنی ئاو لە پلەی ٢٥ تا پلەی ١٠٠ی سەدی بۆ مەبەستی کارلێکە کیمیایی و بایۆلۆجیەکان و هەندێک جار بەکاردێت بۆ گەرمکردنی دەرخەرە کیمیاییەکان و تاقیکردنەوەکانی بەکتریازانی و تواندنەوەی سامپڵەکان و شیکارە مایکرۆبایۆلۆجیەکان.

### بەشەکانی ئامێری گەرماو:

١. تانکییە کی دروستکراو لە مادەی ستیل
٢. سەرقاپێکی میتالی
٣. تایمــەر
٤. سویچی ئیشپێکردن ، گڵۆپی نیشاندەر
٥. سیرمۆستات (جۆری میکانیک یان ئەلەکترۆنی) بۆ دیاریکردنی پلەی گەرمی ئـاو
٦. هیتەری کارەبایی جۆری ئـاوی
٧. گەرمیپێو (جۆری جیوە ، گێج یان ئەلەکترۆنی) بۆ خوێندنەوەی پلەی گەرمی ئاو
٨. سویچی پاراستنی هیتەر بۆ کوژاندنەوەی هیتەر لەکاتی کەمی یان نەبوونی ئـاو




هێلکاری کارەبای گەرمـاو



چەند جۆرێک ئامێری گەرمـاو

## ووردبین - مایکرۆسکۆپ

پێکهاتووە لە دوو ووشە: مایکرۆ بە مانای وورد یان بچوک ، سکۆپ واتە ئامێریک بۆ بینین ، ماناکەی دەبێتە ووردبین یەکەم ووردبینی ئاوێتە لە ساڵی ١٥٩٥ لەلایەن زەکەریا یانسن دروستکرا بەهێزی گەورەکردنی ٣ جار و ٩ جار



یەکەم ووردبین

کاری ووردبین بریتیە لە گەورەکردن و باشبینین بەهۆی فرە هاوێنە Resolution & Magnification و چەند بەشێکی تر بۆ دەرخستن و بینینی پێکهاتە زۆر وووردەکانی کە بە چاو نابینرێن بە شێوەی ڕوون و ئاشکرا.

**بەکارهێنانەکانی ووردبین**

لە چەندەها بواری جیادا بەکاردێت وەک : تاقیگە پزیشکیەکان ، نەشتەرگەری ، توێکاری ، ڕووەکناسی ، فێرکاری ، توێژینەوەی زانستی ، پیشەسازی ، زانستی ماددەکان.

ووردبین ئامێرێکی سەرەکیە لە بواری تاقیگەی پزیشکی و کلینیکیدا بە تایبەت لە بەشەکانی وەک :

١. کیمیا لە شیکاری میزدا
٢. هیماتۆلۆجی لە شیکاری خوێن و پێکهاتەکانی
٣. سایتۆلۆجی و هیستۆلۆجی لە دۆزینەوەی گۆڕانکاریە نائاساییەکانی خانە وشانەکاندا
٤. مایکرۆبایۆلۆجی بۆ ناسینەوەی بەکتریاکان و کەڕوو و مشەخۆرەکان

**ئامێری ووردبین چەند جۆرێکی هەیە وەک :**

١. ووردبینی ڕووناکی کە چەندجۆرێکی هەیە وەک :
• ووربینی ئاوێتە دوو سیستم هاوێنە بەکاردێنێت بۆ گەورەکردن تا ڕادەی ١٠٠٠ جار
• ووردبینی فێرکاری بۆ کاری فێرکردن و ڕاهێنان
• ووردبینی ستریـۆ کە لە بواری توێکاریدا بەکاردێت بۆ گەورەکردن تا ڕادەی ١٠٠ جار
• مایکرۆسکۆپی نەشتەرگەری زیاتر لە نەشتەرگەری چاودا بەکاردێت
• ووردبینی سەروو وەنەوشەیی بۆ باشتر بینین و زیاتر ڕوونکردنی وێنەکان
• ووردبینی لەیزەری بەکاردێت بۆ باشبینینی زۆر بەرز و کۆکردنەوەی وێنەکان لە شێوەی سێ ڕەهەندیدا

٢. ووردبینی تیشکە ئێکس گورزە تیشکە ئێکس بەکاردێت بۆ دەستکەوتنی وێنە
٣. ووردبینی ئەلەکترۆنی بۆ گەورەکردن تا ڕادەی ٢ ملیۆن جار

بەڵام لە تاقیگە کلینیکیەکاندا بە زۆری ئامێری ووردبینی ڕووناکی ئاوێتە وهەندێک جارجۆری سەروو وەنەوشەیی بەکاردێت.

لە ئامێری ووردبینی ڕووناکی ئاوێتە (تیشکی ڕووناکی بینراو بەکاردێت بە هۆی گلۆپێکەوە لە جۆری تەنگستن هالۆجین)

لە ئامێری ووردبینی سەروو وەنەوشەیی تیشکی سەروو وەنەوشەیی بەکاردێت لە ڕێی گلۆپێکی تایبەت بە بەرهەمهێنانی تیشکی سەروو وەنەوشەیی بۆ باشتر بینین و زیاتر ڕوونکردنی وێنەکان


**ئامێری ووردبینی ڕووناکی (جۆری ئاوێتە)**

مەبەست لە ئاوێتە ، بەکارهێنانی زیاتر لە هاوێنەیەکە بۆ دووجار گەورەکردن

**بەشەکانی ئامێری ووردبینی ڕووناکی (جۆری ئاوێتە) :**

١. بنکـە
٢. قـۆڵ
٣. سەر
٤. سەکـۆ
٥. بەشەکانی گەورەکردن(هاوێنەی چاو و هاوێنەی شت)
٦. بەشەکانی ڕووناککردنەوە ( گلۆپ ، کۆندێنسەر ، دایفرام – داخەرە)





ووردبینی ئاوێتە



ووردبینی فێرکاری



ووردبینی فێرکاری



ووردبینی ستریـۆ



ووردبینی نەشتەرگـەری



ووردبینی سەروو وەنەوشەیی



ووردبینی لەیـزەری



# بۆ زاخاوی مێشک

ئەم گۆشەیە تایبەتە بە هەندێ کاری سەیروسەمەرە و سەرسورهێنەر و داهێنەرانە کە جۆرێک لە جۆرەکانی دیقەت و پێوانە سازی وبیرکردنەوەی تیادایە کە نزێکە لەکاری ئەندازیاریەوە. هەربۆیە پێمان باش بوو کە ئەم گۆشەیە دروستبکەین بۆئەوەی هەندێ دووربکەوینەوە لە خوێندنەوەی بابەتە ئەندازەییەکان و کەمێکیش مێشکمان هێور ببێتەوە. بەهیوای لێرازیبون سوودگەیاندنی.


هەرلێرەشەوە داواکارین لە ئەندازیارانی ئازیز کە لەم جۆرە بابەتەمان بۆ بنێرن بۆ بڵاوکردنەوە.

لەگەڵ رێزماندا.....

ئامادەکردنی

گۆڤاری ئەندازیاران

## پێنج گەورەترین و گرنگترین دورگەی دروستکراو لە جیهاندا بناسە



وەکو فێرکراوین لـە قوتابخانەدا کە دورگــە بریتیە لەو پارچــە زەویە وشــکانیەی کــە هەرچــوار دەوری بە ئاو گیــراوە، بــەڵام ئایا دورگەی دروســتکراو چیــە؟ بەپێی پێناســەی ( پێگەی ویکیپیدیا) بریتیە لــەو دورگانەی کە مــرۆڤ دروســتیان دەکات لەجیاتی ئــەوەی بەهۆکاری سروشــتی دروســت بووبن.ئەم دورگانە دروستدەکرێن لە رێگــەی فراوانکردنی دورگــە هەبوەکانەوە،هەروەها بینادەکرێن لەســەر بنکەی چلوپۆپە مەرجانیە کانیشــەوە، یان بە لێکدان و تێکەڵکردنی چەند دورگەیەکی سروشتی لەگەڵ یەکتــرداو دروســتکردنی دورگەیەکی گەورەتر دێنە ئاراوە.

جــا با پێنج لــەو دورگە دروســتکراوە گرنگانــەی دونیا بناسین:

### ١. دورگــەی (دارخوورمــا) لە دوبــەی لە وڵاتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو

هەندێــک بە هەشــتەمین سەرســورهێنەرەکانی دونیای دادەنێــن لەبــەر زۆری جوانــی و گەورەیــی، کــە لە ٣



دورگەی دروستکراو پێکدێت کە لەسەر کەناری دوبەی دروستکراوە. وە لە ٣ گەورەترین دورگەکانی دونیا دادەنرێت، کە لە لایەن کۆمپانیای دارخوورماوە دروست کراوە.

## ٢. دورگەی ( جیهان )لە دوبەی لە ولاّتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو



کۆمەڵێکی بچووکە لە دورگە کە دروستکراوە بەنزیکی لەسەر شێوەی نەخشەی جیهان، کە دەکەوێتە دووری ٤ کم بەرامبەر کەنارەکانی دوبەی،ئەم دورگەی جیهانە پێک دێت لە لمی نیشتووی کەنارەکانی دوبەی،پێشخەرو گەشەپێدەری دورگەی جیهان بریتیە لە کۆمپانیای دارخورمای بیناسازی.ساڵی ٢٠٠٣ دەستکرا بە بیناکردنی ٣٠٠ دورگەکە،بەلاّم لەساڵی ٢٠٠٨دا بەهۆی قەیرانی دارایی جیهانیەوە کار تێیدا وەستا، لەگەڵ ئەوەی ٦٠٪ ئەو دورگانە فرۆشران بە بەڵێندەرانی کەرتی تایبەت لە ساڵی ٢٠٠٨دا.

## ٣.دوورگەی ( بەندەر) لە کوبی لە ولاّتی یابان



بریتیە لە دورگەیەکی دروستکراو لە کوبی لە یابان، کە ئێستا بۆتە جێگەی نیشتنەوەی هەلیکۆپتەر، کە چەندین میوانخانە و دامەزراوەی گەشتوگوزار وەک مۆزەخانەی قاوە و شوێنی بازرگانی ئایکیای بەناوبانگ لەخۆدەگرێت.

## ٤.دورگەی (چیک لاپ کوک)ی بەناوبانگ بە دورگەی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی لە هۆنگ کۆنگ



ئەم دورگەیە لە پلەی چوارەمدایە لە رووی گەورەیی رووبەرەکەیەوە لەناو دورگە دروستکراوەکان لە جیهاندا،کە لەساڵی ١٩٩٨دا بەتایبەتی دروستکراوە بۆ مەبەستی دامەزراندنی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هۆنگ کۆنگ،کە دادەنرێت بە قەرەباڵغترین دەروازەی بارکردنی کەلوپەل لە جیهاندا.

## ٥.دورگەی (بوندوقیە) لە فلۆریدا لە ولاّتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا

بریتیە لە زنجیرەیەک لە دوورگەی دروستکراو لە هەردوو



شاری میامی و میامی بیتش لە فلۆریدا، کە پێک دێت لە ٦ دورگەی قەرەباڵغ بە دانیشتوان و دورگەی حەوتەمیش چۆڵە کە تەنها بەکاردێت بۆ کات بەسەربردن، دورگەکان پێکەوە بەستراون بەهۆی پردەوە کە درێژ دەبنەوە لە وشکانی سەرەکی لە شاری میامیەوە بۆ میامی بیتش.

# گەورەترین ١٠ كارگەی پیشەسازی لەسەر ئاستی جیهان

كارگە پیشەسازیە گەورەكان لە پێدانی سیفاتی پێشبركێ بە كۆمپانیاكان،بەشێوەیەك بەكاریان دەهێنێت لە فراوانكردن و زیادكردنی بەرهەمدا، ئەوەش لە سایەی دابەزینی تێچووی كۆی بەرهەم بۆ نزمترین ئاستی ڕێگەپێدراو،لەبەرئەوە پێگەی (ریجست) ڕاپۆرتێكی ئامادەكردوە كە تیایدا گەورەترین كارگە پیشەسازیەكانی لەسەر ئاستی جیهان دیاریكردووە.

**١. كارگەی (فۆلكس واگن) لە شاری (فۆلفسبۆرگ) لە ئەلمانیا:**



كە بەگەورەترین كارگەی دروستكردنی ئۆتۆمبێل دادەنرێت لە جیهاندا، بەشێوەیەك ٤٠ ملیۆن ئۆتۆمبێلی بەرهەم هێناوە لەماوەی سالانی ڕابوردوودا، كە ڕووبەری كارگەكە زیاترە لە ٦,٥ ملیۆن مەتری چوارگۆشە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی كە كرێكارەكان پاسكیل بەكاربهێنن بۆ هاتوچۆیان لەناو كارگەكەدا، ئەوەی كە زیاتر كارگەكە جیادەكاتەوە ئەوەیە كە كرێكارەكان دەتوانن بەشداری بكەن لە بەرهەمهێنانی ٥ ئۆتۆمبێلی جیاوازدا لەهەمان كاتدا بەبێ ئەوەی دەستهەلگرن لە توانا و كوالێتی بەرز.

**٢. كارگەی (هیۆندای مۆتۆر) لە شاری(ئۆلسان) لە كۆریای باشوور:**

كۆی ڕووبەری كارگەكە بریتیە لە زیاتر لە ٥ ملیۆن




مەتر چوارگۆشە و درێژ دەبێتەوە لەسەر زەویەك كە ڕووبەرەكەی زیاترە لە ١,٥ فەدان كە هەر فەدانێكیش یەكسانە بە ٤٢٠٠ مەتر چوارگۆشە،و ٥ كارگە لە خۆ دەگرێت كە دەتوانن هەر ١٢ چركە یەك ئۆتۆمبێل بەرهەم بهێنن، هەروەها نەخۆشخانەیەك و بنكەی ئاگركوژێنەوە و تۆرێكی ڕێگاوبان و بەندەرێكی تایبەتیشی تیادایە كە ٣ كەشتی كەلوپەل دەگرێت كە هەریەكەیان توانای ٥٠ هەزار تەنی هەیە.

**٣.بینای (سەمیر فلاوەر ئەكشن) لە هۆلەندا:**



دادەنرێت بە گەورەترین بینا لە جیهاندا كە ڕووبەرەكەی دەگاتە ٥١٨ هەزار مەتر چوارگۆشە، لەكاتێكدا درێژیەكەی دەگاتە ٧٤٠ مەتر و پانیەكەشی دەگاتە ٧٠٠ مەتر،كە جێگەی گەورەترین زیادكردنی فرۆشتنی گوڵە لە هەموو جیهاندا،كەجێگەی گەورەترین زیادكردنی فرۆشتنی گوڵە لە سەر ئاستی جیهان، بەشێوەیەك مامەلەی كرین و فرۆشتنی ٢٥ ملیۆن گوڵی تیادا دەكرێت ڕۆژانە لە (كینیا )و (كۆلۆمبیا) و ...هتد.

**٤.كارگەی ( تسلا) لە ولاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا:**



كارگەی پیشەسازی ئۆتۆمبێل لە ئەمریكادا تایبەت بە

کۆمپانیای(تسلا) درێژدەبێتەوە لەسەر رووبەری ٥١٠ هەزار مەتر چوارگۆشە لە شاری (فریمۆنت) لە ولایەتی (کالیفۆرنیا)، ئەو کارگەیە لە ڕابووردوودا موڵکایەتیەکی هاوبەشی هەبوو لە نێوان(جەنەراڵ مۆتۆرز) و (تویۆتا)دا، بەڵام کۆمپانیای (تسلا) کڕیەوە بەرانبەر بە ٤٢ ملیۆن دۆلار.

## ٥. کارگەی (بۆینگ) لە (ئیفرێت) لە ولایەتی (واشنتۆن) لە ئەمریکا:



لەساڵی ١٩٦٦ دروستکراوە،دادەنرێت بە گەورەترین دامەزراوە بۆ کۆمپانیای دروستکردنی فڕۆکەی (بۆینگ) لەسەر ئاستی هەموو جیهان کە رووبەرەکەی دەگاتە ٣٩٨ هەزار مەتر چوارگۆشە و درێژ دەبێتەوە لەسەر رووبەری ٩٨,٣ فەدان،کە فڕۆکەی لە مۆدێلی (٧٤٧ و٧٦٧ و٧٧٧ لەگەڵ ٧٨٧ دریملاینر) ی تیادا دروستکراوە کە بەم نزیکانە بەرهەم هاتوە.

## ٦. کارگەی (میسۆبیشی مۆتۆرز) لە ئەمریکای باکوور:



لەساڵی ١٩٨١دا دامەزراوە،کە (میسۆبیشی مۆتۆرز ئەمریکای باکوور) سەرپەرشتی دەکاتە سەر دروستکردن و بەرهەمهێنان و فرۆشتنیش، سەرەرای کرداری بەدواچوون و پێشخستن بۆ ئۆتۆمبێلی مارکەی بازرگانی (میسۆبیشی) لە هەموو جێگایەکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و مەکسیک و ناوچەی دەریای کاریبی و کەنەداش.

## ٧. کارگەی ( بیلفیدیر ئەسەمبلی پلانت) لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا:




لە ولایەتی( ئیلینۆی) ئەمریکادایە کە بریتیە لە کارگەی (کرایسلەر) کە تیایدا کاری بەستن و کۆکردنەوە بۆ هەندێ مارکەی ئۆتۆمبێل وەکو (جێب کۆمباس) و (جێب پاتریۆت) و ( دۆج دارت) دەکرێت،دەکەوێتە سەر رووبەری ٣٣٠ هەزار مەتر چوارگۆشە و درێژ دەبێتەوە لەسەر رووبەری زیاتر لە ٢٨٠ فەدان.

## ٨.کارگەی(تارجێت ئەمپۆرت وێر هاوس) لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا:



(تارجێت) دادەنرێت بە دووەم گەورەترین زنجیرەی جێگەی بازرگانی بۆ دروستکردنی پارچە لە وڵاتە یەکگرتوەککانی ئەمریکادا،لەبەر ئەوە پێویستی بە کۆگای زۆر گەورە هەیە بۆ هەڵگرتنی کەل وپەل، (تارجێت ئەمپۆرت وێر هاوس) کە دروستکراوە بۆ دابەشکردنی بەرهەمە هەناردەکراوەکان دادەنرێت بە گەورەترین کۆگای هەڵگرتن کە رووبەرەکەی زیاترە لە ١٨٥,٨ هەزار مەتری چوارگۆشە.

## ٩. کارگەی (جان لۆک لاجاردێر) لە فەرەنسا:

ئەم کارگەیە دەکەوێتە ناوچەی(پلانیاک) لە شاری (تۆلۆز)ی فەرەنساوە لەسەر رووبەری١٢٢,٥هەزار مەتری چوارگۆشە،بەشێوەیەکی سەرەکی بەکاردەهێنرێت



وەک هێڵێکی کۆکردنەوەی کۆتایی لە بەرهەمهێنانی فڕۆکەی(ئێر باس) مۆدێلی (٣٨٠ ئەی) کە ( ٨٠٠ کورسی) لەخۆدەگرێت، بەشێوەیەک پارچەکانی لە زۆر جێگە دروستدەکرێن لەوانە (ئیسپانیا) و ( بەریتانیا) و (ئەلمانیا) و دواتر لەم کارگەیەدا دەبەسرێن بەیەکەوە.

**١٠. کارگەی (لاوما فابریس) لە وڵاتی لاتڤیا:**

بریتیە لە گەورەترین کارگەی چنین لەسەر ئاستی جیهان، کە هەڵدەستێت بە بەرهەمهێنانی قوماش و کەلوپەلی خاوی پێویست بۆ دروستکردنی جلوبەرگی



ژێرەوە، ئەم کارگەیەش دروستکراوە لەسەر رووبەرێک کە زیاترە لە١١٥,٦هەزار مەتری چوارگۆشە لەساڵی ١٩٦٥ دا لە شاری (لیبایا) لە وڵاتی ( لاتڤیا).

## میوانخانەیەکی نوێ لە دوبەی دەبێتە یەکەم لە هەموو جیهاندا...



دوبەی بەردەوام دەبێت لە داهێنانی هەموو پرۆژە نوێگەرا و درەوشاوە و سەرسوڕهێنەرەکان لە پرۆژە گەشتیارییەکاندا و لەو بوارەشدا میوانخانەیەکی نوێ دروست دەکات، کە یەکەم و بێ وێنەیە لەسەر ئاستی هەموو جیهان.

ئەم میوانخانە نوێیە کە ناوی (رۆز مۆنت) ە دارستانێکی هەڵواسراو لەخۆ دەگرێت لەسەر رووبەری ٥ر٢٢ هەزار مەتری چوارگۆشە کە مەلەوانگەیەک و چایخانەیەکی نایاب لەخۆ دەگرێت.

بەپێی راپۆرتێکیش کە گۆڤاری( فۆربس) بلاویکردۆتەوە، تێچووی پرۆژەکەی خەملاندوە بە ٥٥٠ ملیۆن دۆلار.

میوانخانەکە کەنارێکی دروستکراو لەخۆ دەگرێت بەبێ لم، هۆڵێکی وەرزشی (بۆلینگ) و هۆکاری کاتبەسەربردنی تریشی تیادایە. پشتدەبەستێتە سەر ئاوێک کە دووبارە گەڕێنراوەتەوە یان کۆکراوەتەوە لە پرۆسەی چڕکردنەوەدا لە دارستانە هەڵواسراوەکەوە.

پرۆژەکە بەتەواوەتی دەکەوێتە سەر رووبەری زیاتر لە ٣٠٠ هەزار مەتری چوارگۆشە لەسەر شەقامی شێخ زاید، کە لەلایەن کۆمپانیای (ZAS Architects)ی تەلارسازیەوە دیزاین کراوە.


پرۆژەکە دوو هەوربڕ لەخۆ دەگرێت کە یەکەمیان بریتیە لە میوانخانەکە کە پێکهاتووە لە ٥٣ نهۆم و دووەمیشیان بینای نیشتەجێبوونە کە پێکدێت لە ٥٥ نهۆم.

بەم شێوەیە پرۆژەکە ٤٤٨ ژووری میوانخانەیی لەخۆدەگرێت سەرەرای ٢٨٠ شوقەی نیشتەجێبوون کە بە کەل و پەلی ناومالی گران بەها و نایاب پڕکراوەتەوە و لەگەڵیشیدا ناوچەیەکی کاتبەسەربردنیشی تیادایە لەسەر رووبەری ١٨٩٠ مەتری چوارگۆشە کە یانەیەکی تەندروستی تایبەت و گەرماوێکی هەڵمی و (جاکوزی) و مەلەوانگەیەک کە تاقگەی تیادایە لەخۆ دەگرێت.

پێشبینی دەکرێت کە لە ساڵی ٢٠١٨دا پرۆژەکە بکرێتەوە.



# لیستی بەرزترین بینا لە جیهاندا




چوار پێوەر بەکاردەهێنرێت بۆ پۆلێنکردنی بەرزترین بینا لەسەر ئاستی جیهان کە بریتین لە :

١.بەرزی لەسەر بنەمای لوتکەی بینا یان تەلارسازی.

٢.بەرزی لەسەر بنەمای بەرزترین نهۆمی راستەقینە لە بیناکەدا.

٣. بەرزی لەسەر بنەمای بەرزی رووی بیناکە.

٤. بەرزی لەسەر بنەمای بەرزی ستاندی سەر رووی بیناکە.


هەندێک لەم بینایانەی کە لە لیستەکەدا هەن هێشتا لە قۆناغی دروستکردندان.

| ز | ناوی بینا | شار | وڵات | بەرزی | نهۆم | بەرواری بیناکردن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | تاوەری خەلیفە | دوبەی | ئیمارات | m ٨٢٨ | ١٦٣ | ٢٠١٠ |
| ٢ | تاوەری شانغهای | شەنغهای | چین | m ٦٣٢ | ١٢٣ | ٢٠١٥ |
| ٣ | تاوەرەکانی ماڵ | مەکە | سعودیە | m ٦٠١ | ١٢٠ | ٢٠١٢ |
| ٤ | Ping An Finance Centre | شنجن | چین | m ٥٩٩ | ١١٥ | ٢٠١٦ |
| ٥ | Goldin Finance 117 | تیانجین | چین | m ٥٩٦,٥ | ١١٧ | ٢٠١٦ |
| ٦ | سەنتەری بازرگانی جیهان ١ | نیویۆرک | ئەمریکا | m ٥٤١,٣ | ١٠٤ | ٢٠١٤ |
| ٧ | CTF Finance Centre | گوانزۆ | چین | m ٥٣٠ | ١١١ | ٢٠١٦ |
| ٨ | تایپێ ١٠١ | تایپێ | تایوان | m ٥٠٩ | ١٠١ | ٢٠٠٤ |
| ٩ | سەنتەری شانغهای دارایی جیهانی | شەنغهای | چین | m ٤٩٢ | ١٠١ | ٢٠٠٨ |
| ١٠ | سەنتەری بازرگانی جیهان | هۆنگ کۆنگ | هۆنگ کۆنگ | m ٤٨٤ | ١١٨ | ٢٠١٠ |
| ١١ | تاوەری بتروناس ٢ | کوالالمپور | مالیزیا | m ٤٥٢ | ٨٨ | ١٩٩٨ |
| ١٢ | سەنتەری نانجینغ گرینلاند دارایی | نانجینغ | چین | m ٤٥٠ | ٨٩ | ٢٠١٠ |
| ١٣ | تاوەری ویلیس | شیکاغۆ | ئەمریکا | m ٤٤٢ | ١٠٧ | ١٩٧٤ |
| ١٤ | KK100 | شنجن | چین | m ٤٤٢ | ١٠٠ | ٢٠١١ |
| ١٥ | Guangzhou International Finance Center | گوانزو | چین | m ٤٤٠ | ١٠٣ | ٢٠١٠ |
| ١٦ | Wuhan Center | ووهان | چین | m ٤٣٨ | ٨٨ | ٢٠١٦ |
| ١٧ | مارینا ١٠١ | دوبەی | ئیمارات | m ٤٢٦,٥ | ١٠١ | ٢٠١٥ |
| ١٨ | Park Avenue 432 | نیویۆرک | ئەمریکا | m ٤٢٦ | ٨٨ | ٢٠١٥ |
| ١٩ | Trump International Hotel and Tower | شیکاغۆ | ئەمریکا | m ٤٢٣ | ٩٨ | ٢٠٠٩ |

| ز | ناوی بینا | شار | وڵات | بەرزی | نهۆم | بەرواری بیناکردن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠ | Jin Mao Tower | شەنغهای | چین | m ٤٢٠,٥ | ٨٨ | ١٩٩٩ |
| ٢١ | Princess Tower | دوبەی | ئیمارات | m ٤١٤ | ١٠١ | ٢٠١٢ |
| ٢٢ | تاوەری سور | کوێت | کوێت | m ٤١٣ | ٨٠ | ٢٠١١ |
| ٢٣ | Two International Finance Centre | هۆنگ کۆنگ | هۆنگ کۆنگ | m ٤١٢ | ٨٨ | ٢٠٠٣ |
| ٢٤ | مارینا 23 | دوبەی | ئیمارات | m ٣٩٥ | ٨٩ | ٢٠١٢ |
| ٢٥ | CITIC Plaza | گوانزۆ | چین | m ٣٩١ | ٨٠ | ١٩٩٧ |
| ٢٦ | بینای دەستەی بازاری دارایی | ریاز | سعودیە | m ٣٨٥ | ٧٧ | ٢٠١٥ |
| ٢٧ | Shun Hing Square | شنجین | چین | m ٣٨٤ | ٦٩ | ١٩٩٦ |
| ٢٨ | ١ Eton Place Dalian Tower | دالیان | چین | m ٣٨٣ | ٨١ | ٢٠١٥ |
| ٢٩ | Burj Mohammed bin Rashid | ئەبوزەبی | ئیمارات | m ٣٨١,٢ | ٨٨ | ٢٠١٤ |
| ٣٠ | بینای ئیمپایەر ستین | نیویۆرک | ئەمەریکا | m ٣٨١ | ١٠٢ | ١٩٣١ |
| ٣١ | Elite Residence | دوبەی | ئیمارات | m ٣٨٠,٥ | ٨٧ | ٢٠١٢ |
| ٣٢ | Central Plaza | هۆنگ کۆنگ | هۆنگ کۆنگ | m ٣٧٤ | ٧٨ | ١٩٩٢ |
| ٣٣ | Federation Tower East Tower | مۆسکۆ | روسیا | m ٣٧٤ | ٩٥ | ٢٠١٥ |
| ٣٤ | Dalian International Trade Center | دالیان | چین | m ٣٧٠,١ | ٨٦ | ٢٠١٦ |
| ٣٥ | The Address the BLVD | دوبەی | ئیمارات | m ٣٦٨ | ٧٢ | ٢٠١٦ |
| ٣٦ | تاوەری شاینا تاور | هۆنگ کۆنگ | هۆنگ کۆنگ | m ٣٦٧ | ٧٠ | ١٩٩٠ |
| ٣٧ | Bank of America Tower | نیویۆرک | ئەمەریکا | m ٣٦٦ | ٥٤ | ٢٠٠٩ |
| ٣٨ | تاوەری ئەڵماس | دوبەی | ئیمارات | m ٣٦٣ | ٦٨ | ٢٠٠٩ |
| ٣٩ | JW Marriott Marquis Dubai Tower 1 | دوبەی | ئیمارات | m ٣٥٥ | ٨٢ | ٢٠١٢ |
| ٤٠ | Emirates Office Tower | دوبەی | ئیمارات | m ٣٥٤,٦ | ٥٤ | ٢٠٠٠ |
| ٤١ | OKO Tower - South Tower | مۆسکۆ | روسیا | m ٣٥٤ | ٨٥ | ٢٠١٥ |
| ٤٢ | The Marina Torch | دوبەی | ئیمارات | m ٣٥٢ | ٨٦ | ٢٠١١ |
| ٤٣ | Forum 66 Tower 2 | شنیانگ | چین | m ٣٥١ | ٦٨ | ٢٠١٥ |
| ٤٤ | The Pinnacle | گوانزۆ | چین | m ٣٥٠,٣ | ٦٠ | ٢٠١٢ |
| ٤٥ | Tuntex Sky Tower | کاوهسیۆنگ | چین | m ٣٤٨ | ٨٥ | ١٩٩٧ |
| ٤٦ | Aon Center | شیکاگۆ | ئەمەریکا | m ٣٤٦,٣ | ٨٣ | ١٩٧٣ |
| ٤٧ | The Center | هۆنگ کۆنگ | هۆنگ کۆنگ | m ٣٤٦ | ٧٣ | ١٩٩٨ |
| ٤٨ | John Hancock Center | شیکاگۆ | ئەمەریکا | m ٣٤٤ | ١٠٠ | ١٩٦٩ |
| ٤٩ | ADNOC Headquarters | ئەبوزەبی | ئیمارات | m ٣٤٢ | ٧٦ | ٢٠١٥ |
| ٥٠ | Ahmed Abdul Rahim Al Attar Tower | دوبەی | ئیمارات | m ٣٤٢ | ٧٦ | ٢٠١٥ |
| ٥١ | The Wharf Times Square | ووشی | چین | m ٣٣٩ | ٦٨ | ٢٠١٤ |
| ٥٢ | Chongqing World Financial Center | تشونغتشینگ | چین | m ٣٣٨,٩ | ٧٨ | ٢٠١٤ |
| ٥٣ | Mercury City Tower | مۆسکۆ | روسیا | m ٣٣٨,٨ | ٧٥ | ٢٠١٢ |
| ٥٤ | Tianjin Modern City Office Tower | شنجین | چین | m ٣٣٨ | ٦٥ | ٢٠١٥ |
| ٥٥ | Tianjin World Financial Center | شنجین | چین | m ٣٣٧ | ٧٩ | ٢٠١٠ |
| ٥٦ | Twin Towers Guiyang, East Tower | غوییانگ | چین | m ٣٣٥ | ٧٤ | ٢٠١٧ |
| ٥٧ | Twin Towers Guiyang, West Tower | غوییانگ | چین | m ٣٣٥ | ٧٤ | ٢٠١٧ |
| ٥٧ | Shimao International Plaza | شەنغهای | چین | m ٣٣٣ | ٦١ | ٢٠٠٥ |

| ز | ناوی بینا | شار | وڵات | بەرزی | نهۆم | بەرواری بیناکردن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥٨ | Rose Tower | دوبەی | ئیمارات | m ٣٣٣ | ٧٢ | ٢٠٠٧ |
| ٥٩ | Minsheng Bank Building | ووهان | چین | m ٣٣١ | ٦٨ | ٢٠٠٨ |
| ٦٠ | China World Trade Center Tower 3 | پەکین | چین | m ٣٣٠ | ٧٤ | ٢٠٠٩ |
| ٦١ | Ryugyong Hotel | پیونغیانگ | کۆریای باکور | m ٣٣٠ | ١٠٥ | ١٩٩٢ |
| ٦٢ | Hon Kwok City Center | شنجن | چین | m ٣٢٩,٤ | ٨٠ | ٢٠١٥ |
| ٦٣ | Keangnam Hanoi Landmark Tower | هانۆی | ڤیێتنام | m ٣٢٨,٦ | ٧٢ | ٢٠١٢ |
| ٦٤ | Al Yaqoub Tower | دوبەی | ئیمارات | m ٣٢٨ | ٦٩ | ٢٠١٣ |
| ٦٥ | Longxi International Hotel | دێی هواشی | چین | m ٣٢٨ | ٧٢ | ٢٠١١ |
| ٦٦ | Wuxi Suning Plaza 1 | ووشی | چین | m ٣٢٨ | ٦٨ | ٢٠١٤ |
| ٦٧ | The Index | دوبەی | ئیمارات | m ٣٢٦ | ٨٠ | ٢٠١٠ |
| ٦٨ | The Landmark | ئەبوزەبی | ئیمارات | m ٣٢٤ | ٧٢ | ٢٠١٢ |
| ٦٩ | Deji Plaza Phase 2 | نانجینگ | چین | m ٣٢٤ | ٦٢ | ٢٠١٣ |
| ٧٠ | Yantai Shimao No.1 The Harbour | یانتای | چین | m ٣٢٣ | ٥٩ | ٢٠١٥ |
| ٧١ | Q1 | گۆڵد کۆست | ئوستراليا | m ٣٢٢,٥ | ٨٠ | ٢٠٠٥ |
| ٧٢ | Wenzhou World Trade Center | ونتشو | چین | m ٣٢٢ | ٦٨ | ٢٠١٠ |
| ٧٣ | Guangxi Finance Plaza | نانینغ | چین | m ٣٢١ | ٦٨ | ٢٠١٦ |
| ٧٤ | بورجی عەرەب | دوبەی | ئیمارات | m ٣٢١ | ٦٠ | ١٩٩٩ |
| ٧٥ | Nina Tower | هۆنگ کۆنگ | هۆنگ کۆنگ | m ٣٢٠,٤ | ٨٠ | ٢٠٠٧ |
| ٧٦ | Sinar Mas Center 1 | شەنغهای | چین | m ٣١٩,٦ | ٦٦ | ٢٠١٦ |
| ٧٧ | بینای کرایسلەر | نیۆیۆرک | ئەمەریکا | m ٣١٨,٩ | ٧٧ | ١٩٣٠ |
| ٧٨ | Global City Square | گوانزۆ | چین | m ٣١٨,٩ | ٦٧ | ٢٠١٥ |
| ٧٩ | New York Times Building | نیۆیۆرک | ئەمەریکا | m ٣١٨,٨ | ٥٢ | ٢٠٠٧ |
| ٨٠ | HHHR Tower | دوبەی | ئیمارات | m ٣١٧ | ٧٢ | ٢٠١٠ |
| ٨١ | Chongqing IFS T1 | تشونگتشینگ | چین | m ٣١٦ | ٦٥ | ٢٠١٦ |
| ٨٢ | Nanjing International Youth Cultural Centre Tower 1 | نانینگ | چین | m ٣١٥ | ٦٨ | ٢٠١٥ |
| ٨٣ | MahaNakhon | بانکۆک | تایلاند | m ٣١٤,٢ | ٧٥ | ٢٠١٦ |
| ٨٤ | Bank of America Plaza | ئەتلانتا | ئەمەریکا | m ٣١٢ | ٥٥ | ١٩٩٢ |
| ٨٥ | Moi Center | شین یەنگ | چین | m ٣١١ | ٧٥ | ٢٠١٢ |
| ٨٦ | U.S. Bank Tower | لۆس ئەنجەلۆس | ئەمەریکا | m ٣١٠,٣ | ٧٣ | ١٩٨٩ |
| ٨٧ | Menara Telekom | کوالالمپور | مالیزیا | m ٣١٠ | ٥٥ | ٢٠٠١ |
| ٨٨ | Ocean Heights | دوبەی | ئیمارات | m ٣١٠ | ٨٢ | ٢٠١٠ |
| ٨٩ | Fortune Center | گوانزۆ | چین | m ٣٠٩,٤ | ٧٣ | ٢٠١٥ |
| ٩٠ | Pearl River Tower | گوانزۆ | چین | m ٣٠٩,٤ | ٧١ | ٢٠١١ |
| ٩١ | Jumeirah Emirates Towers Hotel | دوبەی | ئیمارات | m ٣٠٩ | ٥٦ | ٢٠٠٠ |
| ٩٢ | Stalnaya Vershina | مۆسکۆ | روسیا | m ٣٠٨,٩ | ٧٢ | ٢٠١٥ |
| ٩٣ | بورجی رافاڵ | ریاز | سعودیە | m ٣٠٨ | ٦٨ | ٢٠١٣ |
| ٩٤ | Wanda Plaza 1 | کۆنمینغ | چین | m ٣٠٧ | ٧٠ | ٢٠١٦ |
| ٩٥ | Wanda Plaza 2 | کونمینغ | چین | m ٣٠٧ | ٧٠ | ٢٠١٦ |
| ٩٦ | Franklin Center | شیکاگۆ | ئەمەریکا | m ٣٠٦,٩ | ٦٠ | ١٩٨٩ |

| ز | ناوی بینا | شار | وڵات | بەرزی | نهۆم | بەرواری بیناکردن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩٧ | تاوەری سیان | دوبەی | ئیمارات | m ٣٠٦,٤ | ٧٦ | ٢٠١٣ |
| ٩٨ | East Pacific Center Tower A | شنجن | چین | m ٣٠٦ | ٨٥ | ٢٠١٢ |
| ٩٩ | One57 | نیۆیۆرک | ئەمەریکا | m ٣٠٦ | ٧٥ | ٢٠١٣ |
| ١٠٠ | The Shard | لەندەن | بەریتانیا | m ٣٠٦ | ٧٣ | ٢٠١٢ |
| ١٠١ | JPMorgan Chase Tower | هوستن | ئەمەریکا | m ٣٠٥,٤ | ٧٥ | ١٩٨٢ |
| ١٠٢ | تاوەری یەکێتی ٢ | ئەبو زەبی | ئیمارات | m ٣٠٥,٣ | ٧٩ | ٢٠١١ |
| ١٠٣ | Northeast Asia Trade Tower | ئنتشون | کۆریای باشور | m ٣٠٥ | ٦٨ | ٢٠١٠ |
| ١٠٤ | هوتێلی بایۆک سکای | بانکۆک | تایلاند | m ٣٠٤ | ٨٥ | ١٩٩٧ |
| ١٠٥ | Wuxi Maoye City - Marriott Hotel | ووشی | چین | m ٣٠٣,٨ | ٦٨ | ٢٠١٤ |
| ١٠٦ | Two Prudential Plaza | شیکاگۆ | ئەمەریکا | m ٣٠٣,٣ | ٦٤ | ١٩٩٠ |
| ١٠٧ | Diwang International Fortune Center | لاوزو | چین | m ٣٠٣ | ٧٥ | ٢٠١٥ |
| ١٠٨ | Chang Fu Jin Mao Tower | شنجن | چین | m ٣٠٣ | ٦٨ | ٢٠١٦ |
| ١٠٩ | KAFD World Trade Center | ریاز | سعودیە | m ٣٠٣ | ٦٧ | ٢٠١٥ |
| ١١٠ | Jiangxi Nanchang Greenland Central Plaza 1 | نانتشانگ | چین | m ٣٠٣ | ٥٩ | ٢٠١٥ |
| ١١١ | Jiangxi Nanchang Greenland Central Plaza 2 | نانتشانگ | چین | m ٣٠٣ | ٥٩ | ٢٠١٥ |
| ١١٢ | Heung Kong Tower | شنجن | چین | m ٣٠٣ | ٦١ | ٢٠١٤ |
| ١١٣ | Leatop Plaza | گوانزۆ | چین | m ٣٠٣ | ٦٥ | ٢٠١١ |
| ١١٤ | Wells Fargo Plaza | هۆستن | ئەمەریکا | m ٣٠٢,٤ | ٧١ | ١٩٨٣ |
| ١١٥ | تاوەری شانشین | ریاز | سعودیە | m ٣٠٢,٣ | ٤١ | ٢٠٠٢ |
| ١١٦ | The Address Downtown Burj Khalifa | دوبەی | ئیمارات | m ٣٠٢,٢ | ٦٣ | ٢٠٠٨ |
| ١١٧ | Gate of the Orient | سۆجۆ | چین | m ٣٠٢ | ٦٨ | ٢٠١٥ |
| ١١٨ | Moscow Tower | مۆسکۆ | روسیا | m ٣٠٢ | ٧٦ | ٢٠١٠ |
| ١١٩ | Greenland Puli Center | جینان | چین | m ٣٠١ | ٦٠ | ٢٠١٥ |
| ١٢٠ | We've the Zenith Tower A | بوسان | کۆریای باشور | m ٣٠١ | ٨٠ | ٢٠١١ |
| ١٢١ | Gran Torre Santiago | سانتیاگۆ | چیلی | m ٣٠٠ | ٦٢ | ٢٠١٢ |
| ١٢٢ | Abeno Harukas | ئۆساکا | یابان | m ٣٠٠ | ٦٠ | ٢٠١٤ |
| ١٢٣ | تاوەری ئالاّ ٢ | کوێت | کوێت | m ٣٠٠ | ٦٠ | ٢٠٠٩ |
| ١٢٤ | Aspire Tower | دەوحە | قەتەر | m ٣٠٠ | ٣٦ | ٢٠٠٧ |



# کاتێک بەڕێوەبەرێک پرسیاری لە (٣) فەرمانبەر کرد لە کاتی کارکردندا ووتی ئایا ٢+٢=٥ ؟



ئەنجامەکان بەم شێوەیە بوون!
فەرمانبەری یەکەم وەڵامی دایەوە: بەڵێ گەورەم =٥
فەرمانبەری دووەم وەڵامی دایەوە: بەڵێ گەورەم =٥ ئەگەر ١ مان بۆ زیاد کرد
فەرمانبەری سێیەمیش وەڵامی دایەوە: نەخێر گەورەم هەڵەیە و = ٤

لەڕۆژی دواتردا فەرمانبەرەکان هاوڕێی سێیەمیان نەبینەوە لەکاردا و دوای پرسیارکردن دەربارەی زانییان کە لەکارەکەی دەرکراوە!

جێگری بەڕێوەبەر سەری سوڕما لەو کارە و بە بەڕێوەبەرەکەی ووت بۆ ئەو فەرمانبەرەی لەکارەکەی دەرکراوە؟

بەڕێوەبەر وەڵامی دایەوە:
کە فەرمانبەری یەکەم درۆزنە و دەشزانێت کە درۆ دەکات ( ئەم جۆرەمان بەدڵە )
بەڵام فەرمانبەری دووەم زیرەکە و دەشزانێت کە زیرەکە ( ئەم جۆرەشیانمان بەدڵە )
بەڵام فەرمانبەری جۆری سێهەم ئەو ڕاستگۆیە و دەشزانێت کە ڕاستگۆیە ( ئەم جۆرە ماندووکەرە و کارکردن لەگەڵیدا سەختە )

هەربۆیە بەڕێوەبەرەکە لە جێگرەکەی هەمان پرسیاری کرد: ئێستا ئایا ٢+٢=٥
جێگرەکەی وەڵامیدایەوە:
گوتەکەی تۆم بیست گەورەم بەڵام نەمتوانی لێکیبدەمەوە چونکە مرۆڤی وەکو من ناتوانێت گوتەی زاناکان لێکبداتەوە.

بەڕێوەبەرەکە وەڵامی دایەوە: ئەم جۆرەش دوو ڕووە(هەربۆیە ئەم جۆرە خۆشەویستن )
چەندە دۆخێکی بە ئازارە !!
بەهیوای ئەوەی ئەندازیاران لە جۆری فەرمانبەری سێیەم بن و هەمیشە ڕاستگۆ و سەربڵند بن لە کارەکانیاندا...

## پرۆژە ئەندازیاریەکان

لەم گۆشەیەی گۆڤارەکەماندا تیشک دەخەینە سەر ئەو پرۆژە ئەندازیاریە بەناوبانگ و ناوازانەی دونیا کەلەسەر دەستی ئەندازیاران جێبەجێ کراون و بە عەقڵی ئەندازیاران دیزاینکراون و بونەتە شاکارێکی ئەندازیاری نەمر لەم قوناغ و سەردەمەی شارستانێتی مرۆڤایەتیدایە کە گەواهی بۆ رۆڵی کارا و زیندووی ئەندازیاران و زانستی ئەندازیاری دەدەن لە پێشخستن و گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی کۆمەڵگاکاندا .

ئامادەکردنی
گۆڤاری ئەندازیاران

# (تاوەری کابیتاڵ) ئەبوزەبی لە ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو

## • سەرەتای دەستپێکردن بە دروستکردنی تاوەری کابیتاڵ گێت

تاوەری ( کابیتاڵ گێت )، لە کتێبی گینسی ژمارە پێوانەییەکاندا تۆمار کرا(Guinnes World Record) بەو پێیەی کە بینایەکە بە بوونی زیاترین پلەی لاری تیایدا جیادەکرێتەوە لەسەر ئاستی دونیادا.ئەو تەکنیکانەی کە لەم بینایەدا جێبەجێکراوە لە کەم بینای بەناوبانگی جیهانیدا پیادەکراوە.لەناویشیاندا بینای تاوەری هێرست (Hearst Tower) کە لە شاری نیویۆرکە، هەروەها بینای غێرکین the Gherkin تایبەت بە کۆمپانیای سویس ری (Swiss Re) لە لەندەن و تاوەری بارەگای تەلەفزیۆنی چین لە شاری پەکیندا.

ئەم تەکنیکە پێویستی بە هەیکەلێکی پۆڵاینی کەمتر هەیە بە بەراوورد بە چوارچێوەی پۆڵاینی کلاسیکی، کە ئەمەش دەبێتە هۆی کەمترکردنەوەی تێچوونەکەی و هەروەها دەبێتە هۆی سوود گەیاندن بە ژینگەش.( تۆری پاڵپشتی لار) پێکدەهێنرێت لە میانەی دامەزراندنی هەیکەلی سێ کوچکەیی کە پاڵپشتی دەکرێت بە دینگەی بازنەیی.

بینای (تاوەری کابیتاڵ گێت) کە تۆمارکراوە لە ناو کتێبی گینسی ژمارە پێوانەییەکاندا دروستدەکرێت لەلایەن کۆمپانیای ئەبوزەبی نیشتیمانی بۆ پێشانگای (ئەدنیک)، کە ئەوەش لە دیزاینی کۆمپانیای ئەندازیاری تەلارسازی جیهانی(RMJM). کە لە ئێستادا هەیکەلی (تۆری پاڵپشتی لار) ی پۆڵایین گەیشتۆتە نهۆمی هەشتەم لە کۆی ٣٥ نهۆم کە تاوەرەکەی لێپێکهاتوە کە بەرزی تاوەرەکە بریتیە لە ١٦٠ مەتر. کە چەقی ئەو تۆرە پۆڵایینە دەکەوێتە نهۆمی یانزەهەمەوە.

تۆری پاڵپشتی لار دەستدەکات بە لاربونەوە بەرەو رۆژئاوا بەشێوەیەک لاری تاوەرەکە ناوازە دەردەکەوێت بۆ بینەر. کێشی پۆڵای بەکارهاتوو لە تاوەری کابیتل گێتدا نزیکەی ٢١٥٠٠ تەن دەبێت بەراوورد بە ١١٠٠٠٠ تەن پۆڵا کە لە یاریگای( هێلانەی باڵندە)دا لە چین بەکارهاتووە، و ٥٠٠٠٠ تەن کە وا خەملێنراوە کە بەکاربهێنرێت لە تاوەری تەلەفزیۆنی چین لە شاری پەکیندا، و ٣٦٩١٠ تەن کە بەکارهاتوە لە تاوەرەکانی (پترۆناوس) لە کوالالامپوری پایتەختی مالیزیادا.

(تۆری پاڵپشتی لار) تایبەت بە تاوەری کابیتاڵ گێت دابەشدەکرێت بۆ ٧٢٢ بەش و نزیکەی ٨٥٠٠ دینگەی پۆڵاینی بۆ هەموو بیناکە. کە کێشی هەر بەشێک بریتیە لە ١٥ تەن، کە ئەم بەشانەش بە رووە داپۆشراوەکەیان جیادەکرێنەوە.

دیزاینی رووی دەرەوەی بیناکە لەسەر شێوەی شەپۆلە، لەپاڵ ئەوەی کە دەبێتە جیاکەرەوەیەکی داهێنراو کە تاوەرەکە دەپارێزێت لە تیشکی رۆژ هەروەک چۆن دادەنرێت بە دیزاینێکی نوێش بە بەراوورد بە رووی چەتری سەکۆی گەورەی ئێستا سەنتەری ئەبوزەبی نیشتیمانی بۆ پێشنگاکان کە لە تەنیشتیەوەیەتی. رووی دەرەوەی بیناکە دادەنرێت بە هەیکەلێکی سەربەخۆ بەتەواوەتی کە پێکدێت لە دینگەی پۆڵاینی جێگیرکراو لە بناغەی سەرەکی بیناکەدا.

بینای کابیتاڵ گێت دروستدەکرێت لەسەربنکەیەکی بیتۆنی بە قوڵی ٢ مەتر کە تۆرێکی چری پۆڵای بەهێزکراو لە خۆ دەگرێت.ئەو بنکەیەش لەسەر ٤٩٠ دینگە و پایە دادەنرێت کە بەشێوەیکی چر دابەشکراوە کە هەڵکەندراوە بە قوڵی ٣٠ مەتر لە ژێر زەویەوە بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ فشاری کێشانی زەوی و رەشەبا و لەرینەوەی دروستبوو لە ئەنجامی لاری بیناکەوەی.ئەم تاوەرە ( هۆتێلی حەیات کابیتاڵ سەنتەر Hyatt Capital Centre لەخۆدەگرێت کە لە پۆلێنی ٥ ئەستێرەیە لەگەڵ گەورەترین رووبەری ئۆفیسی لە ئەبوزەبیدا.

ئەم تاوەرە ناوازەیە دادەنرێت بە بەشێکی سەرەکی لە پرۆژەی (کاپیتاڵ سەنتەر)، شاری بازرگانی و نیشتەجێبوونی بچووک کە تێچووەکەی دەگاتە ٨ ملیار درهەمی ئیماراتی و ٢ر٢ ملیار دۆلاری ئەمریکی کە دروستدەکرێت لە چواردەوری سەنتەری ئەبوزەبی نیشتیمانی بۆ پێشانگاکان.

# (پرۆژەی مۆڵی نور العین) گەورەترین مۆڵ لەهەموو جیهاندا



پرۆژەیەکـی ناوازەیە بۆ مەبەسـتی جیـاواز بەکاردێت کە ڕووبەری بازرگانی و نیشتەجێبوون و میوانخانە لەخۆدەگرێت، هەروەها سـەنتەری ڕابواردن و کات بەسەربردنیشی تیادایە. ناونیشانەکەی لە سەنتەری جێمی، شەقامی حەمدان/ شەقامی موبارەک، ناوچەی جێمی، عین.

جێگـەی بارزرگانـی درێژ دەبێتەوە بۆ زیاتـر لە ١٦٠ هەزار مەتر چوارگۆشە، کە تیایدا کۆمەڵێک لە باشترین دەرخستنی شـتومەک پیشـاندەدرێت، لەگەڵ کۆمەڵێک جێگە( لەسەر شـێوەی بوتیک) کـە بەناوبانگترین مارکەکانـی جیهانیی تیادایـە، هەروەهـا کۆمەڵێک چایخانەی نـاوازە و جێگەی پشـوودان و چێشـتخانەی بەناوبانگ و بەتامترین خواردنی جیهانی پێشـکەش دەکرێـت. هەروەها کەنـار دەریایەکی ناوخۆیی و باخچەی یاریە ئاویەکان و سینەمایەکی هەمەجۆر هۆڵ و یانەیەکی تەندروسـتی و خزمەتگوزاری وەرزشـی جۆراوجـۆر کـە جێگەی پشـوودان و وەرزش و یاریگای تێنس و باخی داخراو لەخۆدەگرێت.

میوانخانەیەکی ٣ ئەسـتێرەیی بە زیاتر لە ٣٠٠ ژوور و ٨٠٠٠ جێگـەی زیاتر کـە ڕووبـەری ١٧٧٨٨١ مەتر چوارگۆشـە داگیـردەکات، پرۆژەیەکی ناوازەیە بەهەمـوو پێوانە بەرزە جیهانییەکان، ئەزموونێکی باڵاشە بەئاستی جیهانی بۆ میوانەکان و نیشتەجێبوەکانیش.

# ( فرۆکەخانەی کەنسای ) یەکەم فرۆکەخانە لەناو زەریای ئۆساکابای لە یابان



ناو: فرۆکەخانەی کەنسای نێودەوڵەتی

کردنەوە:١٩٩٤ ز

جێگە: ئۆساکا بای لە یابان

جیاوازیەکانـی: یەکـەم فرۆکەخانەیـە دادەمەزرێت لە ناو زەریادا لەسەر دورگەیەکی دروستکراودا

بـری ئەو خۆڵەی کـە کراوەتە ئەو دورگە دروسـتکراوەوە بەشی داپۆشینی ولایەتی کۆنتیکیتی ئەمریکا دەکات.

فرۆکەخانـەی کەنسـای نێودەوڵەتی یەکـەم فرۆکەخانەیە لـەو جۆرە لەهەمـوو جیهاندا کە دروسـتدەکرێت لەسـەر دورگەیەکـی دروسـتکراو لە ناوچـەی ئۆسـاکا بای،پێنج کیلۆمەتر دوورە لە لێـواری زەریاوە و یەکەم فرۆکەخانەیە لە یابان کە وا دروسـتکراوە بۆ مـاوەی ٢٤ کاتژمێر ئامادەی خزمەتگوزاری بێـت لە یەکەم قۆناغدا لە پلانی سـەرەکی فرۆکەخانەکەدا ، دروستکراوە لەسەر ڕووبەری ١١٥ هێکتار زەوی و جێگەی نیشـتنەوەیەک بە درێژی ٣٥٠٠ مەتر و ٦٠ مەتر پانی لەخۆ دەگرێت.

ئەوپـەری توانـای بریتیـە لە ١٦٠٠٠٠ پرۆسـەی هەڵسـان و نیشـتنەوە لـە سـاڵێکدا لـە قۆناغـی کۆتایدا کە تائێسـتا دەسـتپێنەکردووە. و کاری فروانکردنیشـی تیـادا ئەنجام دەدرێـت تا بگاتە ١٣ هێکتار بە دوو جێگەی دابەزینی نوێوە کـە ئەمـەش دەبێتە هـۆی زیادکردنی کرداری هەسـتان و نیشتنەوە بۆ ٣٠٠٠٠٠ کرداری هەستان و نیشتنەوە لە ساڵێکدا.


لە گرنگترین جیاکەرەوەکانی ئـەم فرۆکەخانەیە ئەوەیە کە کاری گواستنەوە لە نێوان گەشتە ناوخۆیی و دەرەکیەکاندا بە ئاسانترین شێوە ئەنجام دەدرێت ئەویش بەهۆی گواستنەوە بە هۆی پەیژەی بزۆکەوە یان ئەسانسێر بۆ کەمکردنەوەی کاتی گەشت بۆ گەشـتیارانی گەشـتە نێودەوڵەتیەکان، سەرەرای ئەمەش ئـەم فرۆکەخانەیە میوانخانەیەکـی تیادایە کە ٥٧٦ ژوور لەخۆدەگرێت و نوسـینگەیەکی پۆستەی نێودەوڵەتی وبەرهەمهێنەرێکـی وزە بۆ ئامێری گەرم و سـاردکەرەوە و سەنتەرێکی چارەسەری ئاوی ئاوەڕۆ و وێسگەیەکی ئاوەڕۆ

، کە هەموویان لە دوورگەی فرۆکەخانەکەدان بەم شێوەیە فرۆکەخانەکە دەبێتە شارێکی سەربەخۆ بۆخۆی.
فرۆکەخانەکە بەهۆی بەرزە پردێکەوە دەگەیەنرێتە وشکانی بەناوی (دەروازەی ئاسمان) کە درێژیەکەی ٣٫٧٥ کیلۆمەترە و پێکهاتوە لە دوو نهۆمی شەقامی خێرا کە لە ٦ ساید پێکهاتوە لە نهۆمی سەرەوەدا و لەگەڵ سکەیەکی شەمەندۆفێری دوو نهۆمی لە نهۆمی خواری خوارەوە، ڕێگەش هەیە کە لە لای دەریاشەوە بچیتە ناو فرۆکەخانەکەوە بەهۆی بەلەمی خێراوە.

• دورگەی فرۆکەخانەکە کارێکی ئەندازیاری شارستانی گەورەیە:

ترسناکترین بەش لەم پرۆژەیەدا بریتی بوو لە دروستکردنی دورگەیەک بە ڕووبەری ١١٥ هێکتار زەوی لەناو زەریادا لە ناوچەی ئۆساکی بای کە قوڵایی ئاو تیایدا بریتی بوو لە ١٨ مەتر. کە ئەمەش کاری قورس و زۆری پێویست بوو لە بواری ئەندازیاری شارستانێتیدا و ئەنجامدانی کاری تاقیکردنەوە و شیکردنەوەی خاکی زەریاکەی دەوروبەری جێگای دروستکردنی دورگەکە، هەروەها کاری چارەسەرکردنی خاکی نەرمی هەبوو لە جێگەکەدا لە بنی زەریاکەدا کە دیواربەندیەکانی دورگەی ئاواجی لە ولایەتی واکیما هەستان بە دابینکردنی دروستکردنی پرۆژەکە کە کاری دروستکردنەکە ڕێژەی ٤٠٪ لە قەوارەی دورگەکە برد کە ماوەی نێوان نیسانی ١٩٨٧ بۆ مانگی دیسەمبەری ١٩٩٢ خایاند ئەم پرۆسەیەش کاری گواستنەوەی لە ڕێگەی گوێزەرەوەی گەورەوە ئەنجام درا کە لەرێگەی کۆمپیوتەرەوە کۆنترۆڵ دەکرا و زۆر بە وردی کاری بەتاڵکردنەوەی خاکەکە ئەنجام دەدرا کە دەکرایە ئەو بەربەستە دیاریکراوەوە کە دیاریکرابوو بۆ فرۆکەخانەکە.

دوای پرۆسەی تێکردن و پڕکردنەوەی خاکەکە، کاری ڕووبەڕووبونەوە بریتی بوو لە دامەزراندنی بینای فرۆکەخانەکە کە ٣٦٠٠٠٠ تەن ئاسنی تێکرا،لەژێر بینای سەرەکی فرۆکەخانەکە بۆ زیاتر پاڵپشتی و پتەوکردنی و خۆراگری خاکی بیناکە ،ماوەی ٦ مانگیش تەرخانکرا بۆ دارشتنی کۆنکرێت بۆ بینای لاوەکی ،ئەمەش بۆ کۆنترۆڵکردنی کرداری ڕۆچوونی زەوی لە خاکی دورگەکەدا کە لەخاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تری دورگەکە جیاواز بوو، کە ئەنجامەکانیش دەریانخست کە ٨ مەتر لەماوەی ٥٠ ساڵدا دەنیشێت بەڵام بە تێکرا بریتی بوو لە ڕۆچوونی ١١ مەتر لە ماوەی ٥٠ ساڵدا. کە ئەمەش وەک تەحەدایەک وابوو بۆ ئەندازیارەکان چونکە کاری داپۆشین و لەناوچوونی دورگەکەی خێراتر دەکرد لەوەی کە پێشبینی دەکرا.





## پرۆژەی دروستکردنی تاوەری نیشتەجێبوون لە نیویۆرکی ئەمریکا



## پرۆژەی مۆزەخانەی جەنگیی ئیمپراتۆریەتی لە بەریتانیا
Imperial War Museum - UK



## پرۆژە گەورەکانی تونس



## پرۆژەی بابای ناوەڕاست









## شاری وەرزشی تونسی





# پرۆژەی گاپ قەمەرت لە شاخی قەمەرت نزیک شاری مورسی

ناوچەی مورسی گرنگیەکی گەورەی داگیر کردوە وەک جەمسەرێکی گەشتوگوزاری لە سیستمی گشتگیر بۆ پێشخستنی ئەو کەرتە،ئەوەش بە سوودوەر گرتن لەو سروشتە شیاو و مێژووییەی کە ناوچەکەی پێ جیادەکرێتەوە لەوانەش نزیکی لە پایتەخت و فرۆکەخانە و بوونی کەنارێکی لمی و دارستانی قەمەرت و شوێنەوارە مێژووییە جۆربەجۆرەکان کە ناوچەی مورسی جیادەکاتەوە وەک ناوچەیەکی گەشتوگوزار و کات بەسەربردن و ڕابواردن.

لەناوچەی مورسی ٢٦ یەکەی میوانداری هەیە کە ٧٠٠٠ جێگە لەخۆ دەگرێت، و گەشتیاران لەهەموو ناوچەکانەوە ڕوویتێدەکەن لە فەرەنسا و ئەلمانیا و ئیتالیا بە تێکرایی ٣٥٠ هەزار شەوی گەشتیاری و دابینکردنی ٢٥٠٠ جێگەی کارکردنی ڕاستەوخۆ و ٨ هەزار جێگەی کاری ناڕاستەوخۆ.




لەبەرنامەی ئایندەی ناوچەکەشدا پرۆژەی گاپی قەمەرت جێگەیەکی گرنگی داگیر کردوە لە گرنگیدانی گەشتوگوزار، بەشێوەیەک جەمسەرێکی نوێ پێکدێنێت بۆ برەودان و هەمەجۆر کردنی بەرهەمی گەشتوگوزاری کە درێژدەبێتەوە لەسەر ڕووبەری ٧٣ هێکتار کە ٨٠٠٠ جێگەی خەوتن لەجۆری نایاب لەخۆ دەگرێت ،هەروەها مارینا و بۆشایی کات بەسەربردن و یاریگایەگی گۆڵف کە ١٢٦ هێکتار زەوی دەبێت، و ئیشو کارەکانی دەستپێکردن و ئامادەسازیەکان تیایدا لە تەواوبوندان، بەشێوەیەک وەبەرهێنەکان دیاریکراون و پرۆژەکانیش لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدان.

هەروەها لەبەرنامەدایە کە جەمسەرێکی کات بەسەربردنی تریش لەکەناری (با) لەسەر ڕووبەری ٤٠ هێکتار زەوی بونیاتبنرێت و هەورووەها لێکۆڵینەوەش دەکرێت دەربارەی وەبەرهێنانی زەوی( شەریف) لە ناوەراستی ناوچەی مورسیدا وەک پرۆژەیەکی گەشتیاری و کاتبەسەربردن. کە میوانخانە و جێگەی ڕۆشنبیری و کەلتوری و کاتبەسەربردن لەخۆدەگرێت لە پاڵ بەندەرێکی خۆش ڕابواردن و باخچەی ڕازاوەش لەناوچەی دارستانەکاندا.








# ڕەوشی شەقامەکانی کوردستان و .... خوێندنەوەیەک

ئەندازیار / برهان محمد شریف
مامۆستای زانکۆی سلێمانی – فاکەڵتی ئەندازیاری-
ماستەر لە ئەندازیاری گواستنەوە




هۆکارەکانی گواستنەوە و لێخورەکان ، هەمووشارەکانی کوردستانی کۆنترۆل کردوە و پانتاییەکی زۆری لەم شار و شارۆچکانە داگیر کردووە ، سەرەنجام ڕووداوە دل تەزێنەکانی هاتوچۆ وەک دیاردەیەکی رۆژانەی سەردەم و قەرەباڵغی وسستی جوولە وخنکاندنی شەقامەکان و دواکەوتنی گەشتیار و سەرنشین بۆ شوێن و کاری مەبەست لەکاتی خۆیدا،تیژرەوی و پابەندنەبوون بە خێرایی ،پیس بوونی ژینگەی شارەکان و ژاوەژاوی رۆژانە و سەرفکردنی برێکی زۆری سووتەمەنی و بەفیرۆدانی داهات وسەرمایەی نیشتمانی و ئابووری وڵات،لەدەستدانی خۆشەویستان و بەردەوامی پرۆسەی کەم ئەندامکردنی کۆمەڵگا ولەدەستدانی ئاسایشی تاک و کۆمەڵگا و وڵات ، وێنەیەکن لەوێناکانی شەقامەکانی ئەم هەرێمە.



وەستانی هەڵە و چوونە ژوورەوەو هاتنە دەرەوەی لەناکاو و خێرا و لە پری بارهەڵگروئامێرە گەورەکانی ئینشائی و لێخورەکانی تر بۆ ناو شەقام و شارێگاکان ، وەستانی ئۆتۆمبێل و لێخورەکان لە شوێنی رێپێنەدراو ، درێژەدان و بەردەوامی لەسەر پرۆسەی نیشتەجێ بوونی ئاسۆیی بەشێوەیەکی بەرفراوان ، بەردەوامی گۆرینی وەزیفەی زۆنەکانی نیشتەجێ بوون بۆ بازرگانی و گەشتیاری... هتد، کەمی نرخ وهەرزانی نرخی پارککردن لەناو جەرگە وناوەندی شارەکان ، بلاوی و بوونی ژمارەیەکی زۆری ئۆتۆمبێلی تەکسی ، نادروستی و نەشیاوی شوێن و ژمارەی وێستگەکانی سووتەمەنی لەناوشارەکان و نەگونجاویان لە گەڵ ئاراستەکانی جوولەی ئۆتۆمبێلەکانی دانیشتوان «دانیشتوانی ناو شەقامی شەست مەتری مەلیک محمود وەک نموونە». لاوازی و سستی و نەبوونی پرۆسەی نۆژەنکردنەوەی شەقام و تۆرەکانی رێگاوبان تابلۆ وێنەیەکی تری شەقام و شارێگاکانە.

فەرامۆش کردنی مافی پیادەرەو؟!، نەبوونی ئاراستە و رێرەوی تایبەت بە پاسکیل و ماتۆر سوار ، کەمی و لاوازی و نەبوونی پرۆسەی رووناککردنەوە و هێماو نیشانە و هێلکاری پێویست ، بوونی تاسەی نادروست و چاڵ و.... هتد.لەشەقام و شارێگاکان و رێگاوبانەکانی دەرەوە ، هەلە



هونەرییەکانی دیزاین و ئاسانی و ئاسانکاری لەپرۆسەی وەرگرتن و پێدانی مۆڵەتی شۆفێری ،کۆبوونەوەی ئاوی باراناو بە مەلەوانگە بوونی ژێر بەرزەپرد و ناو ئەندەرپاسەکان و کوژانەوەی ئۆتۆمبێلەکان لەناویاندا لە وەرزی باران بارین وێنەیەکی نەخوازراوی تری کوردستانن .



هۆکارە ناڕاستەوخۆکانی ڕووداو و کۆسپەکانی هاتوچۆ:-

١- بەردەوامی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و دیاردەی ئاوارە لەخۆ گرتن وبێ پلانی پێشوەخت و دروست نەبوون و لاوازی تویژینەوە لەلایەک و کارپێنەکردنی لەلایەکی تر..

٢- خراپی و نادروستی و نازانستی دابەشبونی جوگرافی دانیشتوان ، جیاوازی چڕی دانیشتوان لەناوچەجیاوازەکان و چڕبونەوەیان لە پایتەخت و شارە گەورەکان و شارەکانی لێکەوتەی سنوورییەکان «شاری کەلار وەک نموونە»

٣- خراپی نەخشەی ئاوەدانی لەشارەکان ، بوونی کەموکوری لە تۆڕەکانی ڕێگاوبان ، نەبوونی ڕێگای بەدیل و ئەلتەرناتیف ، ڕۆیشتنی شارێگاکان بەناوشارەکان«دوکان و سید صادق و چوارقورنە و تەکیە و کۆیە وسۆران و ئاکرێ وەک نموونە»لەگەڵ نەگونجاویی دەروازە و خاڵەکانی دەرچوون و هاتنەژوورەوە لە شارەکان.



٤- زۆربونی بێ سنوورو بێ بەرنامە و حساب بۆنەکراوی ئۆتۆمبێل بە تایبەتی ئۆتۆمبێلی تایبەت و تەکسی لە شارەکان ، لەگەڵ کراوەیی بازرگانی کردنی ئۆتۆمبێل و منافسەی کۆمپانیاکان وساخ کردنەوەی لەکوردستان ، بۆنموونە زیاتر لە ٤٤٥٣٧٦ هەزار ئۆتۆمبێلی تۆمارکراو لە پارێزگای سلێمانی و نزیکەی ١،٥ ملیۆن ئۆتۆمبێل تۆمارکراو! لەهەرێمی کوردستاندا هەیە.

٥- بێ بەرنامەیی لە هێنانی جۆری ئۆتۆمبێل وشۆفێر لەلایەک و بەهەند نەگرتنی قازانج و سوودی کریاران و بەکارهێنەرانی تارادەیەک ، کەوتنە ژێر پرسیاری هەندێ جۆری ئۆتۆمبێل و خراپی کوالێتیان.

٦- فەرامۆشکردن و نەبوونی گرنگی و بایەخ بە گواستنەوەی گشتی کەدووچاری شەلەل و ئیفلیج بوون بووە ، سوودمەند نەبوون لە هۆکاری پێشکەوتووی گواستنەوەی وەک :ترەم و میترۆو پاصی گەورە و دوو قات وکارەبایی و.... هتد.لەکاتێکدا پانتایی و ڕووبەری پێویست بۆگواستنەوەی تایبەت ٢٠ ئەوەندە ی پانتایی پێویستە بە بەراوورد لە گواستنەوەی گشتی و هاوبەش ، بۆنموونە بۆ گواستنەوەی ٦٠ سەر نشین بە گواستنەوەی گشتی لە پاصێکی گەورەی دووقات پێویستمان بە ڕووبەریکی ٣م×١٢م هەیە ، بەڵام لە گواستنەوەی تایبەت ، ئەگەر ئەم ٦٠ سەرنشینە بە ٣٦ ئۆتۆمبێل بگوازرێنەوە




رووبەرێکی ٤٨٠ مەتر دووجا داگیردەکات ، ئەگەر ئەم ئۆتۆمبێلانە لە شەقامێکی ٣ ڕێرەودا "3Lanes"بە ٣ ڕیزی ١٢ ئۆتۆمبێلی بە شەقامەکەدا تێپەڕن ئەوا ڕووبەری نزیکەی ٦٤٨ مەتر دووجا داگیر دەکات.(١,٢)

٧- تەرخان نەکردنی میزانیە و بوجەیەکی پێویست و لەئاستی داخوازیەکانی بنیاتنانی ژێرخانی گواستنەوە وپەرەپێدان و وەبەرهێنانی گواستنەوە لەم هەرێمە.هەروەها تەرخان نەکردنی بوجە بۆ پشتیوانیکردنی کۆمپانیاکانی بواری گواستنەوە ، لەگەڵ نەبوونی گەشە و زیادکردنی بەرێژەیەکی بەرچاو و ئومێدبەخش.لەکاتێکدا دەبینین لە وولاتێکی وەک ئیسرائیل ، بوجەی تەرخان کراو بۆئەم بوارە لەساڵی ٢٠٠٠ نزیکەی ٥,٩ ملیار شیگل بووەو لە ساڵی ٢٠١١ بۆتە ٩,٨٨ ملیار شیگڵ×.

دەست خستنە سەر کێشەکان ودانانی پەنجە لە سەرپیتەکان یەکەم هەنگاوی چارەسەرەکانە ، پاشان سەرنجدان لە کورترین ڕێگا بۆ گەیشتن بە چارەسەر وئاکامانجەکان. هەندێ لە گرفت و کێشەکانی شەقام وڕێگاوبانەکانی کوردستان و هۆکاری چارەسەرنەکردنیان سەرچاوەی گرتووە لە:

١- نەبوون و لاوازی جورئەت و سوور بوون وبەردەوامی لە بڕیاردان و هونەری بڕیاردان و بڕیاردروستکردن لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکان ، کەئەمەش بەشێکە لە وگرفت و کەم وکوڕی و کورت هێنانەی زۆریک لە دام و دەزگا میریەکان بەئاستەجیاوازەکانیانەوە دووچاری بوون.

٢- دیاردەی لاوزای و سستی و نەبوونی پلانسازیەکی وورد و تۆکمە و دروست بۆ شەقامەکان و شارێگاکان لە شار و شارۆچکەکان ، لە و گرفتانەن کەنازانرێ یان ڕۆشن نیە کە کێ لێی بەرپرسیارە؟ شارەوانی ، ئەندازەی هاتووچۆ ،شارەوانی یەکان،ڕێگاوبان....هتد



• قورسی و گرانی و ئەستەمەکانی پلانسازی شەقام و شارێگا و ڕێگاکان چییە؟

بڕیتین لە نەبوونی پلانی ڕۆشن ، نەخەملاندن یان نەبوونی توانای خەملاندنی واقیعانە و دروستانەی قەبارەی هاتووچۆ و قەڵەباڵغی و جووڵەی لێخورەکان و جۆرەکانیانە لەشەقام و ڕێگاکان،کەمی و نەبوونی کەسی خاوەن بڕیارە ، نەبوونی بووجەی پێویستە ، نەبوونی هاندان وبایەخ دان و گرنگی پێدانی کەسانی دڵسۆزو پسپۆرە، نەبوون و کەمی ئامراز و ئامێری پیشکەوتووی سەردەمە! نەبوونی و لاوازی دەسەلاتە! و بەرجەستەنەکردنی دەسەلاتە ، فەرامۆشکردنی پسپۆرانە،نەبوون یان کەمی خوولی پێگەیاندنی ئەندازیاران و کادیری هونەری لاوو تازە پێگەیشتوانە، نەبوونی یان لاوازی پەیوەندی نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان و ناوەند و دەزگا زانستیەکانی زانکۆو پەیمانگاکانە، بوونی ڕۆتیناتی کارگێری و سنووردارکردنی شتەکان ...هتد،لەگەڵ هەموو ئەمانە دەتوانین و لە تواناماندا هەیە بە سەرگرفتەکاندا زاڵ بین وسەرکەوتووبین!



توێژنەوەکان ئاماژە بە و ڕاستیە دەکەن لەهەندێ لەوولاتان کە ٪٧٠ هۆکاری ڕووداوەکانی هاتووچۆ دەگەڕێتەوە بۆ خراپی ڕەوشی پلانسازی شەقام وڕێگاوبانەکانە.لەکاتێکدا توێژەرێکی فەرەنسی ئەوە پشت ڕاستدەکاتەوە کە ڕێژەی ڕاستەقینەی هۆکاری ڕووداوەکان لە ٪٨٠ خودی ڕێگاوبانەکانن!(٣)

• چارەسەر بۆ ئێستا و ئایندە

١- ڕێکخستنی جووڵەی هاتوچۆ لە شەقام و شارێگاکان بەشێوەیەکی ووردتر و دروستتر و زانستانەتر لە ئێستا. بەمەش کەمکردنەوەی ڕووداو و زیاتر بەکارهێنانی شەقام و زیادبوونی خێرایی و زووتر گەیشتن و کەم سەرفکردنی

ســوتەمەنی و شەکەت نەبوون و ماندوونەبوونی شۆفێرو گرژ نەبوونی دەمار و کەمی فشار ...هتد فەراهەم دێت.

٢- فــراوان نەکردنــی شــەقام لــە ســەر حســابی ڕێڕەو شۆســتەکانی پیــادەرە و هەندێ کات ســەری شۆســتە دەخورێت ، ســەرەنجام پیادەرشەو دێتە ناوشەقام و دەیان دەرهاویشتەی لێ دەکەوێتەوە.



٣- زیندووکردنــەوەی هێڵەگشــتیەکانی هاتووچــۆ و بایخدان و بوژاندنەوە وهاندانی گواســتنەوەی گشــتی و گرنگی و پشتیوانی و ڕێکخستنی گواستنەوەی خوێندنگە و زانکۆو پەیمانگاکان و فەرمانگەکان.

٤-سوودمەندبوون و بەکارهێنانی بەڕێوەبردن و کارگێری زیرەک لەسیستەمی گواستنەوەی ناوشارەکان.

٥- گرنگــی وبایەخــی زیاتــر بەپارک و پــارک کردن ، فــراوان کــردن و نۆژەنکردنەوە و تمویــل کردنیان بۆ پارکی باڵەخانەیی و چەند نهۆمی ، دووبارە ڕێکخستنەوە و هێڵــکاری پارکی شــەقام و شوێنەگشــتی و گۆرەپانی فەرمانگە حکومی یەکان و...هتد.

٦-بەرزکردنەوەی تەمەنی پێدانی مۆڵەتی شۆفێری بۆ ٢٠ ساڵ لە جیاتی ١٨ ساڵ.


٧- ئاراســتەکردن و هاندانی جووڵەی پیادەرەو لە شــارو شــارۆچکەکانی کوردســتان. بنیاتنــان و دابینکردنــی پەیوەنــدی بەهێز لە نێوان شــەقامەکان وشــا ڕێگاکان و فەراهەم هێنانی ئاراســتەی هەمە چەشــنە و دروستکردنی ڕێگای خێرا.

٨- دروســتکردنی پەیوەندی دروســت و شــیاو لە نێوان باڵەخانــە و ئاپارتمان وشــەقامەکان ، تاوەکو کاریگەری نەرێنــی لەســەر جووڵــەی هاتوچــۆی ناوشــەقامەکان ڕوونەدات و بەرجەستە نەبێت.

٩-دروستکردنی پەیوەندی توندووتۆڵ لەگەڵ زانکۆکانی کوردســتان و ناوەندە زانســتیەکان ،گرنگی وبایەخدانی زیاتر بە ڕاوێژی زانستی و هاوکاری و ڕاهێنان .

١٠- گرنگــی و هانــدان و بایەخــی تایبــەت بــە بواری توێژینــەوەی زانســتی و بوونــی فایلی تایبــەت و بانکی زانیاری لە بواری گواستنەوە و هاتوچۆ.

١١- تەرخانکردنی میزانیە و بوجەیەکی پێویست ولەئاست



قەبارەی بنیاتنانی ژێرخانی گواستنەوە وپەرەپێدان وگەشە و وەبەرهێنــان وپشــتیوانی کردنــی کۆمپانیاکانی بواری گواستنەوە.

١٢- ڕاســپاردنی سەرجەم شــارەوانیەکان بەئامادەکردن ودانانــی پلانێک ونەخشــەرێگایەکی گونجاو بۆشــەقام وشــارێگاکانی ســنوورەکان یــان بەرێوبەرایەتیەکانــی ڕێگاوبانیش بۆ ڕێگاوبانەکانی دەرەوە، لەگەڵ هەڵگرتنی بەرپرســیارێتی جێبەجێکــرن وبەدواداچوونــی پــلان ونەخشــەکەی خۆیان کەئەمەش شــتێکی گران وئەستەم نیە!

١٣-کاراکــردن وفراوانکــردن و بایــەخ دانــی زیاتر بە بەڕێوەبەرایەتی و دەستەو بەشــەکانی بواری توێژینەوەو دیزاین و نەخشەسازی و ڕاهێنان.

×هێمای -شیکل اسرائیلی

(ILS)-(-1000 ILS=268.02$ USD)

**سەرچاوەکان:**


١-مشكلات المرور الاسباب والاثار -د.زيد بن محمد الرماني

٢-تحسين تخطيط و استراتيجية عمران عاصمة-د.عباس محمدحسن

٣-تنظيم الشوارع في امن المدن -حواس محمود-منبر الحرية

٤-سياسة تطوير المواصلات في اسرائيل تخدم طبقات الميسورة اكثر من عامة السكان.عدى سوفير-مركز ادفا-ترجمة سعيد عياش.

٥-الاخطاء الهيكلية و الفنية في تصميم الطرق.

٦-ڕاگەیاندنی ئاماری هاتوچۆ لەسلێمانی کۆتایی ٢٠١٥

# خوێندنەوەی ووزە پێو

## (Energy meter reading)






ئەندازیار
هاوکار محمد صدیق

**سەرەتا:پێویستە باسێکی خێرایی شێوازی ئیش کردن و پێکهاتەی ووزە پێو بکەین :**

خوێندنەوەی ووزە پێو(Energy meter reading) ووزەی بەکارهاتوو پیشان دەدرێت لە لایەن ووزە پێوەکەوە لە شێوەی ١ یەکە یان 1kilo watt hour لە ووزەی بەکارهاتوو

**1kWh چ دەگەیەنێ ؟**

1kWh واتە ووزەی پێویست بۆ دابین کردنی ١٠٠٠ watts لە توانای کارەبا بۆ ١ کاتژمێر

چەند جۆر ووزە پێو هەیە (energy meter)؟

**دوو جۆر ووزە پێو هەیە :** ووزە پێوی میکانیکی و ئەلکترۆنی (electromechanical & electronic meters)

**ووزە پێوی میکانیکی (electromechanical meter) :**

پێک دێت لە دیسکێکی ئەلەمنیۆمی دانراوە لە نێوان دوو پارچە کارۆموگناتیسدا (electromagnets) دایە

یەکێ لە کۆیلەکان بەستراوە بە (load)ەوە کە ئەوە کۆیلی تەزووە (current coil)ە

وە کۆیلەکەی تریشیان بەستراوە بە سەرچاوەکەوە کە ئەوە کۆیلی ڤۆلتە (voltage coil)ە

کە بەریەک کەوتن و کاریگەر خستنە سەر یەکی لێشاوی موگناتیسی (flux) ی ئەو دوو کۆیلە دەبێتە هۆی دروست بوونی زەبری خولانەوە (torque) لە دیسکەکەدا وە دیسکەکە دەست ئەکات بە خولانەوە،وە ژمێرەیەکیش هەیە کە تۆماری ژمارەی خولانەوەکە دەکات و پیشانی دەدات کە ئەویش نیشاندانی ووزەی بەکارهاتووە .



Electromechanical energy meter

**ووزە پێوی ئەلکترۆنی (electronic meter) :**

پێکدێت لە دوو هەستەوەر(sensor) ی ڤۆلت و تەزوو کە هەست بە بری تەزوو و ڤۆلتی بەکارهاتوو دەکەن کە بە شێوەی (analog) ئەو (signal) ە وەردەگیرێ پاشان بە بەهۆی (analog to digital converter) دەگۆڕرێت بۆ (digital) لە کۆتایدا بە (microcontroller) بری ووزەی بەکارهاتوو دەخرێتە سەر شاشەی (LED display)



## پێویستی بوونی (prepaid energy meter system):

ئەو شێوازە ئاساییەی کە هەیە بۆ خوێندنەوەی کارەبا و پاشان ئەژمار کردنی ووردبینی (accuracy) کەمە بەهۆی هەڵەی ئەو کەسەی دەیخوێنێتەوە .

هەروەها نەدانی پارە لە لایەن بەکارهێنەرەوە بۆ ماوەیەکی زۆر و ئەمانە و چەندین کێشەی تری هەیە ئەم سیستەمە کۆنە .

بۆ چارەی ئەو کێشانەی لەسەرەوە باسمان کرد یەکێک لە باشترین ڕێگەکان بەکارهێنانی (Prepaid system)ە هاوشێوەی سیستمی کارتی پڕکردنەوەی باڵانسی مۆبایلە.

## پێناسەی (prepaid energy meter system):

بە هەمان شێوەی پڕکردنەوەی باڵانسی مۆبایل , بەکارهێنەر کارتی پڕکردنەوەی باڵانس دەکڕێت بەوە چەند یەکەیەکی ووزەی دەست دەکەوێ بۆ نموونە کارتێکی ١٠ $ ی بری 10kWh ووزەی تیایە .

لەگەڵ بەکارهێنانی ووزەی کارەبادا باڵانسەکە دادەبەزێ هەتا هیچی تیا نامێنێ پاشان بە شێوەیەکی خودکاری کارەباکە دەبردرێت .



Prepaid energy meter


## گرنگترین سوودەکانی ئەم سیستەمە :

- زۆر ووردبینە (accurate)
- پێویست بە کەس ناکات ووزە پێو بخوێنێتەوە
- بەکارهێنەر ناتوانێت پارە نەدات بەوشێوەیە حکومەت هیچ پارەیەکی لای هاولاتیان نابێ
- چیتر ووزەی کارەبا بەفیرۆ ناچێ چونکە بەهۆی ئەم سیستەمەوە بەکارهێنەر تەنها بە پێی پێویست کارەبا کار دەکات.

## پێویستیەکانی دروست کردنی (Simple Prepaid Energy Meter):

سادەترین جۆری ئەم سیستەمە بریتیە لە دوو (EEPROM) کە بەستراوەتەوە بە (microcontroller)

یەکێک لە (EEPROM)ەکان باڵانسی تێدا هەڵدەگیرێ کە (microcontroller) باڵانسەکە دەخوێنێتەوە و خەزنی دەکات لە (EEPROM)ی تردا کە بەندە بەشێوازی ئەژماری کارەبای بەکارهاتوو .ووزە پێوەکە (pulse) دەنێرێ بۆ (microcontroller)ەکە بۆ هەر یەکەیەک ووزەی بەکارهاتوو بەمەش باڵانس بەرەو کەمبوون دەروات لە (EEPROM)ی یەکەمدا وە کاتێک باڵانس بوو بە سفر ئەوە (microcontroller)ەکە (signal)ێک دەنێرێ بۆ (relay)یەک کە کارەبا دەکوژێنێتەوە هەروەها (LCD screen)ێک بوونی هەیە کە باڵانس و هەموو زانیاریەکی پێویست بۆ بەکارهێنەر دەخاتەروو




## Practical Prepaid Energy Meters:

### Prepaid energy meter PE5120



ئەم مۆدێلە ٣ کار دەکات لە یەک ئامێردا بێجگە لە پێوانی ووزەی کارەبا دەتوانێت چاودێری بەکاربردنی گاز و ئاویش بکات .

هەموو بەکارهێنەرێک پێویستە کارتی باڵانسەکەی بخاتە ئامێرەکەوە بۆ ماوەی ٣ چرکە و پاشان سیستەمەکە دەکەوێتە کار.

دەتوانرێت ئەم سیستەمە توێژینەوەی لەسەر بکرێ کە ئایا بۆ کوردستان شیاوە یاخود نا بەڕای من گرنگە لە ئایندەدا لە کوردستان دابنرێت چونکە بەهۆی ئەم سیستەمەوە کەس ناتوانێت ووزە بەفیرۆبدات و کەسیش ناتوانێت پارەی کارەبا نەدات .

## هەندێ جۆری prepaid energy meter :

Integrated Single Phase STS SABS Prepaid Electric Meter

Introduction and overview

The Integrated Single Phase (ISP ED) meter is a compact,

meter is a compact, two wire, keypad-based pre-payment electricity meter which comprises two parts, the Energy Management Unit (EMU) and the (Customer Interface Unit CIU

User interaction with the meter and access to meter information (such as a low credit warning, energy consumption, and load contactor status) are available using the keypad and LCD display on the CIU








two wires, keypad-based prepayment electricity meter



in a housing compatible with the ESKOM standard

common base electricity dispenser socket. This meter is most suited to new reticulation and is directly and easily interchangeable with common base

prepayment meters from other approved manufacturers

using the common base configuration. User interaction with the meter and access to meter

information (such as a low credit warning, energy consumption, and load contactor status) are available

.using the keypad and LCD display

Integrated Three Phase STS SABS Prepaid Electric Meter



**Introduction and overview**

The Integrated Three Phase (ISP) meter is a four-wire 100 Amp per phase, keypad-based prepayment meter in a compact BS housing. The meter is suitable for residential, commercial and light industrial environments.

The meter also features a dedicated diagnostic indicator which shows the status of communication to .(the optional remote customer interface unit (CIU

This valuable visual aid assists the field technician to validate the installation and determine probable fault types. The meter boasts a large custom display and also features a host of standard Meter Mate software features including the ability to operate as a prepayment meter .or in credit metering mode



Energy Management Unit (EMU)

Customer Interface Unit (CIU)

Split Single Phase STS SABS Prepaid Electric Meter

**Introduction and overview**

The Split Single Phase (SSP)



# دابەزاندنی نەخشە
# MAP PROJECTION

ئامادەکردنی ئەندازیار
ئاکۆ علی عزیز

دابەزاندنی نەخشە بریتیە لە دیاری کردن یان دابەزاندنی سەرجەم ئەو دیاردانەی کە لەسەر ڕوی زەوی هەیە (دەستکرد و خۆرسک ) بۆ سەر ڕووتەخت. مەبەست لەم باسکردنە بریتیە لەدابەزاندنی گۆی زەوی یان بەشێکی، یان وولاتێک لەسەر نەخشە بەیەکێک لەجۆرەکانی وەک نەخشەی (کادسترائی ، پیشەسازی ، کشتوکاڵی ، بیناسازی ،.... هتد)، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە سەرجەم هێڵەکانی درێژی و بازنەکانی پانی کە لەسەر ڕووی زەوی (گۆ) هەیە دابەزێنرێت بۆ سەر ڕووتەخت (نەخشە) کە بەم کردارە دەڵێن دابەزاندن کە پەیوەندیەکی ئەندازەیی نێوان گۆ و ڕووتەختەوە بۆ بەدیهێنانی ئەم پەیوەندییە پێویستە.

• دیاری کردنی شێوەیەکی ئەندازەی نزیک لە شێوەی زەوی مەبەستە.

• گواستنەوەی جێگای خاڵەکانی سەر ڕووی زەوی بۆ سەر نەخشە.

وە لەم دابەزاندنەدا یەکێک لەم نەخشانە بەدی دێت:

١- نەخشەی پێوانە ڕاستەقینە correct scale

٢- نەخشەی شێوە ڕاستەقینە correct shape

٣- نەخشەی ڕووبەری ڕاستەقینەcorrect area

٤- نەخشەی گۆشەی ڕاستەقینە correct angle

پێویستە بۆ بەدیهێنانی یەکێک لەم نەخشانە پەیوەندی نێوان هێڵی درێژی و بازنەکانی پانی بەجۆرێک ڕێک بخرێت کەلە کاتی دابەزاندندا ئامانجی دروست کردنی نەخشەکە بپێکێت .

ئاشکرایە کە گۆی زەوی کۆمەڵێک هێڵی خەیاڵی بۆ دانراوە (بازنە پانی و هێڵی درێژی ) بۆ ئەوەی بتوانرێت دیاردەکانی سەر ڕووی زەوی پێ دیاری بکرێت.

١- هێڵەکانی درێژی "Meridians"


ئەم هێڵانە لە جەمسەری باکورەوە بۆ جەمسەری باشوور درێژ دەبنەوە وە یەکتر بڕ دەبن لەگەڵ بازنەی یەکسانی بەشێوەیەکی شاوڵی وە ئەم هێڵانە ڕووتەختێک دروست دەکەن کە بەچەقی زەویدا دەڕوات وە بازنەی مەزن (دوائر العظمی) Grate circles پێکدەهێنین وە ئەم هێڵانە بە ئاراستەی جەمسەر لە یەکتر نزیک دەبنەوە وە بەئاڕستەی بازنەی پانی لە یەکتر دوور دەکەونەوە.

* ئەو ڕوتەختانەی کە بە جەمسەری باکوور و

باشووردا ناڕوات وە بە چەقی زەویدا دەڕوات تەنها پێی دەڵێن بازنەی مەزن.

٢- بازنەی پانی "Parallels"

بازنەکانی پانی تەریبن بەیەکتری، دووریان بەقەد یەکترییە لە سەر هێڵی درێژی، تەنها بازنەی یەکسانی وەک بازنەی مەزن دادەنرێت، بازنەکانی پانی تا بە ئاراستەی جەمسەر بڕوات نیوەتیرەکەی بچوک دەبێتەوە ولەجەمسەردا دەبێت بە سفر.




Earth map

* ڕووبەرێکی دیاریکراو کە دەکەوێتە نێوان یەکتر بڕی دوو هێڵی درێژی و دوو بازنەی پانی هەمان ڕووبەری هەیە لە یەکتر بڕی دوو هێڵی تەنیشتی بۆ هەمان بازنە.

* هەرچەندە شێوەی زەوی وەک هێلکەیە لەبری شێوەی گۆ بەڵام لە کاتی دروست کردنی نەخشەدا وەک گۆ هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت بە هۆی جیاوازی کەمی دوو شێوەکە وە نەخشە پێوانەکەی زۆر بچوکە ئەو جیاوازیە دەرناکەوێت لە کاتی دروست کردنیدا.

* لەکاتی دروست کردنی نەخشە بۆ شوێنێک ئەوا پێویستیمان بۆ نەخشەکە جۆری دابەزاندنەکە دیاری دەکات.

* ئەو نەخشانەی کە ڕووبەر تێیدا ڕووبەرێکی ڕاست دەنوێنێت ئەوا ئاراستەو دووری نێوان خاڵەکانی سەر نەخشەکە ناڕاستن بەهەمان شێوە بۆ دووری نێوان خاڵەکان کە ڕاست بێت ئەوا ئاراستەو ڕووبەر هەڵەیە وە هەروەها بۆ ئاراستە بە هەمان شێوە.

جۆرەکانی دابەزاندن و تایبەت مەندێکانی Classification of Projection & their Properties

دابەزاندن بریتیە لە دیاری کردنی هێڵی درێژی و بازنەی پانی لە سەر ڕووی نەخشە لەبەر ئەوە جۆرەکانیان دیاری دەکرێت بەم شێوەیە:

١. دابەشکردنی دابەزاندنی نەخشە بەپێی ئەو جۆرە کە دەوری گۆکە ئەدات.


١-١- دابەزاندنی ڕووی زەوی لەسەر لولەک «Conical projections»

١-٢-دابەزاندنی ڕووی زەوی لەسەر قوچەک «Cylindrical projections»

١-٣-دابەزاندنی ڕووی زەوی لەسەر ڕووتەخت «Plane projections»

٢. دابەشکردنی دابەزاندن پاڵپشت بەلاری لێکە و تنە کە .

٢-١-دابەزاندنی شاولی «Normal projections»




Normal projections

٢-٢- دابەزاندنی لار «Oblique projections»

٢-٣- دابەزاندنی ئاسۆیی «Transverse projections»

٣. دابەشکردنی دابەزاندن پاڵپشت بەشێوە ئەندازەیەکەی:

٣-١- دابەزاندن بەشێوەی لێکەوت «Tangential projections»

٣-٢- دابەزاندن بەشێوەی بڕەر «Secant projections»



Secant projection

٤- دابەشکردنی دابەزاندن پاڵپشت بە شێوە حسابی «ریاضیات»:

٤-١- دابەزاندنی پێوانە ڕاستەقینە «Equidistant

projections»

٤-٢- دابەزاندنــی ڕووبــەری ڕاســتەقینە «Equivalent projections»

٤-٣- دابەزاندنــی گۆشــەی ڕاســتەقینە «Conformal projections»

یەکــەم / دابەزاندنــی ڕووی زەوی لەســەر لوولــەک «Conical projections»

ئــەم جــۆرە دابەزاندنــەی هێڵــی درێــژی و بازنــەی پانــی لــە ســەر ڕووی گــۆوە بــۆ ســەر ڕووی لوولــەک، درێــژی هێڵەکانــی بازنــەی پانــی زیــاد دەکات هەتــا لــە هێڵــی یەکســانی دورکەوینــەوە، وە بازنــەی پانــی جەمســەری باکــوور کــە نیوەتیرەکــەی (٠ کــم) دەبێــت یەکســان دەبێــت بــە بازنــەی هێڵــی یەکســانی کــە درێــژی نیوەتیرەکــەی (٦٣٧١ کــم) دەبێــت کــە درێژی نیوەتیــرەی زەوییــە ، هێڵــی درێــژی بــە هەمــان شــێوە درێــژی ڕاســتەقینەی نابێــت لەبــەر ئــەوەی دووری نێــوان دوو بازنــەی پانــی زیــاد دەکات تــا لــە جەمســەرەکان نزیــک بینــەوە.

* ئــەم جــۆرە دابەزاندنــە دووری نێــوان دوو شــوێن هەڵەیــە تەنهــا لــە ســەر هێڵــی یەکســانی نەبێــت وە ڕووبــەر هەڵەیــە وە ئاراســتە هەڵەیــە ئــەم جــۆرە لــە دابەزانــدن زۆربــەی کات لــە ئەتڵەســدا بەکاردەهێنــرێ تەنهــا بــۆ ڕونکردنــەوە.

* دەتوانیــن هەندێــک گۆڕانــکاری لــەم دابەزاندنــەدا بکەیــن واتــە دووری نێــوان بازنەکانــی پانــی وەک یــەک لێبکەیــن بــۆ ئــەوەی شــێوەی گونجــاوی گــۆی زەوی وەربگرێــت بــەڵام دووری و ڕووبــەر ڕاســت دەرناچێــت وە دەتوانیــن ڕووبەرێکــی دیــاری کــراو کــە دەکەوێتــە نێــوان دوو بازنــەی پانــی و هێڵــی درێژیــەوە بــە ڕاســتی دەربهێنیــن.

کۆمەڵێــک تایبەتمەنــدی هاوبەشــیان هەیــە کــە پوختەیــان ئەمەیــە:

أ- سەرجەم هێڵی درێژی و پانی ڕاستە هێڵن

ب- هێڵەکانی درێژی شاوڵن لەسەر بازنەکانی پانی

ت- هێڵی یەکسانی درێژی ڕاستەقینەی هەیە


پ- ســەرجەم بازنەکانــی پانــی یەکســانن بەدرێــژی هێڵــی یەکســانی

ئەم دابەزاندنە لەم جۆرانەدا خۆی دەبینێتەوە:

١- دابەزاندنی لوولەکی لێکەوت بۆ گۆی زەوی

١-١- دابەزاندنــی لوولەکــی ســادە «Simple cylindrical projection»

پێــی دەڵێــن دابەزاندنــی (بلیــت کاریــە) لــەم جــۆرەدا درێــژی ڕاستەقینەی هێڵی درێــژی دیاری دەکرێت وە بازنەکانــی پانی دووریــە ڕاستەقینەکانیان لەیەکتریــەوە دیاری دەکرێــت ئــەم جــۆرە بەهــۆی ئــەو زیــاد کردنــە زۆرەی لــە ڕووبــەر و ئاراســتەدا ڕوودەدات ئــەوا لــە دروســتکردنی نەخشــەدا بەکارناهێنرێــت.





World map grid

١-٢- دابەزاندنــی لوولەکــی بــۆ ڕووبــەری ڕاســتەقینە (لامبــرت) Lamberts projection


لەم جۆرە دابەزانندا لەبەر ئەوەی درێژی بازنەکانی پانــی زیــاد دەکات بــە دورکەوتنەوەمــان لــە هێڵــی یەکســانی بــە ئاراســتەی باکــوور و باشــوور ، کەواتــە پێویســت بــە کەمکردنــی دووری نێوان بازنەکانی پانی دەکات لەسەر هێڵەکانی درێژی بــە هەمــان بــڕی زیاد کردنــە کــە بــۆ ئــەوەی ڕووبــەری ڕاســتەقینەمان دەســت بکەوێــت. بــەم هۆیــەوە دووری نێوان بازنەکانــی پانــی لــە نزیکــی جەمســەر زۆر کــەم دەکات لــە بــەر ئــەوە زیاتــر بــۆ ئــەو نەخشــانە بــەکار دێــت کــە نزیکــن لــە

هێڵی یەکسانیەوە تا بازنەی پانی نزیکەی ٢٣ پلەی باکوور و باشوور.




### ١-٣- دابەزاندنی مەرکێتەری لوولەکی «Mercator projection»

ئەم نەخشەیە زیاتر لە لایەن ئەوانەوە بەکاردێت کە کاری دەریاوانی دەکەن لەبەر ئەوەی ئاراستەی ڕاست دیاری دەکات (correct compass bearing) لە نێوان دوو خاڵدا بەتایبەتی لە نێوان بازنەکانی پانی ٦٠ پلەی باکوور و باشوور وە بۆ سەروو ئەم تا بازنەی ٩٠ پلەی باکوور ئەوا جۆرێکی تر بەناوی دابەزاندنی نیشکۆی جەمسەری بۆ بەکاردەهێنرێت وە لەم کردارەدا لەبەر ئەوەی درێژی بازنەکانی پانی زیاد دەکات هەتا لە جەمسەر نزیک بینەوە لەبەرئەوە پێویستە درێژی هێڵەکانی درێژی زیاد بکرێت بە هەمان بڕ بۆ بەدەست هێنانی گۆشەی (ئاراستەی) ڕاستەقینە.




### ٢- دابەزاندنی ڕووی زەوی لەسەر لوولەک یەکتر بڕ لەگەڵیدا لە دوو بازنەی پانی

لەم جۆرە دابەزاندنەدا لوولەک زەوی دەبڕێت لەدوو بازنەی پانی واتە درێژی سەرجەم بازنەکانی پانی یەکسان دەبێت بە درێژی ئەو بازنە پانیەی یەکتر برینەکەی تیایدا ڕویداوە وە درێژی بازنەکانی پانی نێوانیان کەم دەکات بەهێڵی یەکسانیشەوە وە درێژی بازنەکانی پانی سەرەوەو خوارەوەی ئەم دوو بازنەیە زیاد دەکات.

ئەم جۆرە دابەزاندنە بەکاردێت بۆ ڕێکخستنی نەخشە لە ڕوبەرەوە کە نزیکە لە ڕووبەری ڕاستیەوە.

دابەزاندنی گۆڵ (Galls projections) کە لە بازنەی پانی٤٥ی باکوور و باشووردا لوولەک یەک دەبڕێ لەگەڵ گۆی زەویدا یەکێکە لەم جۆرە دابەزاندنە.

* تایبەتمەندی ئەم جۆرە دابەزاندنە وەک تایبەتمەندی دابەزاندنی لولەیی سادە وایە بە کەمێک جیاوازی کەمەوە.
* دەکرێت یەکتر برینەکە لە هەر بازنەیەکی پانیدا بێت.
* دەکرێت یەکتر برینەکە ئاسۆیی بێت لەبری شاوڵ یان گۆشەیەکی دیاری کراو دروست بکات بە پێی پێویستی نەخشەکە.

بەکارهێنانی جۆرەکانی دابەزاندنی لولەک بۆ نەخشە تۆپۆ گرافێکان

١. دابەزاندنی کاسینی : ئەم دابەزاندنە بۆ دەرهێنانی دووریەکان بە یەکسانی بەکاردەهێنرێت.

٢. دابەزاندنی مرکێتەر دەستکاری کراو: لە دابەزاندنی کاسینیدا لەبەر ئەوەی دووریەکان ڕاستن بە شێوەیەکی بەرچاو نەخشەکە شێوەکەی تێکچووە دەکرێت ئەم دابەزاندنە بەکاربێت دوای بەکارهێنانی فاکتەرێک وە ئەنجامەکەی ئاراستەیەکی ڕاستی نەخشەکەمان دەست دەکەوێت.

٣. دابەزاندنی مرکێتەر دەستکاری کراو بە جیهانی کردنی : زۆربەی نەخشەکانی ئەمرۆ بەم ڕێگایە دابەزاندنی بۆ دەکرێت کە یاساکانی (X.Y) بەکار دەهێنرێت.

### دووەم / دابەزاندنی ڕووی زەوی لە سەرقوچەک Conical projection

بەشێک لە نەخشەکانی ئەتلەس لەم جۆرە دابەزاندنەیە وە دەتوانرێت چاکسازی لە جۆری دابەزاندنەکەدا بکرێت بۆ بەدەست هێنانی نەخشەیەکی ڕاست و دروست وە زۆربەی کات بۆ

وولاتێک بە کاردەهێنرێت لەبازنەیەکی پانی کە بەوولاتەکەدا دەڕوات، لێکەوت یان بڕەر دەبێت بۆ قوچەکەکە کە ئەم تایبەتمەندیانەی هەیە:

١- زۆربەی کات لە نیوەی گۆی زەوی زیاتر دابەزاندنی بۆ ناکرێت.

٢- هێلەکانی درێژی ڕاستە هێڵەو تابەرەو باکور بڕۆن لەیەک نزیک دەبنەوە تا لە خاڵێکدا یەک دەگرن.

٣- بازنەکانی پانی وەک چەماوە دروست دەکرێت کە چەقێکی هەیە ئەویش لوتکەی قووچەکەکەیە وە دوریان لە یەکتریەوە ڕاستەقینەیە.

٤- بازنەکانی پانی و هێلەکانی درێژی بە گۆشەی وەستاو یەکتر دەبڕن.

٥- درێژی بازنەی پانی سەرەکی درێژیەکی ڕاستی هەیە بەڵام درێژی سەرجەم بازنەکانی دیکەی پانی درێژیەکانیان زیاد دەکات بە ئاراستەی جەمسەرو هێلی یەکسانی.

٦- جەمسەر وەک بازنە دەردەکەوێت نەک وەک خاڵ.


٧- درێژیەکانی سەر هێلەکانی درێژی بریتیە لە درێژی ڕاستەقینەیە.


• چەند جۆرێک دابەزاندنی قووچەکی هەیە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- دابەزاندنی قووچەکی لێکەوت لە بازنەیەکی پانی دیاری کراو Conical projection with one standard parallel

١-١ دابەزاندنی قووچەکی سادە Simple conical projection

لەم جۆرە دابەزاندنە قووچەکە لێکەوتە بۆ گۆکە لە بازنەیەکی پانی وە بەو هۆیەوە ڕووبەر و شێوە







هەڵەیە لەبەر ئەوەی هەتا لە بازنەی پانی لێکەوت دوور کەوینەوە درێژی بازنەکانی پانی زیاد دەکات.


١-٢ دابەزاندنی قوچەکی بڕەر لە دوو بازنەی پانی Conical projection with two standard parallel

جیاوازی لەگەڵ پێش خۆی ئەوەیە هەتا لە بازنەی پانی لێکەوت دوور کەوینەوە درێژی بازنەکانی پانی زیاد دەکات وە ئەو بازنە پانیانەی دەکەوێتە نێوان دوو بازنە بڕەرەکە درێژیکانیان کەم دەکات وە بە هەڵبژاردنی دوو بازنەی پانیی گونجاو بۆ نەخشەکە ئەوا دەتوانین هەڵەی پێوانە زۆر کەم بکەینەوە.



١-٣ دابەزاندنی قووچەکی ڕووبەر ڕاستەقینە لە بازنەیەکی پانی دیاری کراو (بۆن)- Conical Equal area with one standard parallel projection Bonne›s projection

بەچاکردنێکی سادە لە دابەزاندنی قووچەکی لێکەوت لە بازنەیەکی پانی دیاری کراو ئەتوانی مەسقەتی بۆن بۆ ڕووبەری ڕاستەقینە بە ئەنجام بگەیەنین وە لەم دابەزاندنەدا سەرجەم بازنەکانی پانی درێژیەکانیان ڕاستەقینەیە وە هێلکانی درێژی بە هەمان شێوە واتە ڕووبەرێکی ڕاستمان دەست دەکەوێت وە هێلکانی درێژی بە شێوەی چەماوەیە نەک ڕاستە هێل وە خالی جەمسەر وەک خاڵێک دەردەکەوێت نەک بازنە کە کێشەی ئەم جۆرە نە شێوە ڕاست دەردەچێت نە ئاراستە.



١-٤ دابەزاندنی قوچەکی چەند جارەی :

ئەم دابەزاندنە وەک دابەزاندنی قوچەکی سادە وایە

بەڵام لە بری یەک چەق بۆ دابەزاندنی بازنەی پانی کۆمەڵێک چەقی هەیە لەبەرئەم هۆکارە نەخشەکە دوریەکانی ڕاستەقینە دەردەچێت بەڵام ئاراستەو ڕووبەر هەڵە دەبێت.

١-٥ دابەزاندنی قوچەکی بە هۆی (X,Y) :

لە ڕێگەی دەرهێنانی شوێنی خاڵەکانی سەر ڕووی زەوی حسابیاً دەتوانین نەخشەکە دروست بکەین. ئەمە بۆ دروست کردنی نەخشەیەکی گەورە کە ناتوانین لە ڕێگەی پرگالەوە وێنەکەی دروست بکەین وێنەی شەبەکەکە بکێشین.

سێیەم / دابەزاندنی ڕووی زەوی لەسەر ڕووتەخت (تیشکۆ) Plane or zenithal projection

ئەم دابەزاندنە کۆمەڵێک تیشک تیادا بەکاردێت کە گۆشەی ڕاستمان بۆ دیاری دەکات لەبەرئەوە هەتا ئەمڕۆ زۆر بەکاردێت لە نەخشەی فرۆکەوانی و دەریاوانی وە پەیوەندیە ئەلەکترۆنیەکان.

ئەم دابەزاندنە لێکەوتە لە خاڵێکدا بەو هۆکارە ئەو تیشکانەی دروست دەبێت سەرجەمیان هاوشێوەن بۆ خاڵی لێکەوتنەکە وە بۆ هەموو لاکان ئاراستەکان ڕاستن وە سەرجەم بازنەکانی درێژی وەک ڕاستەهێڵ دەردەکەوێت.



گۆڕانی پێوانەکان بەهۆی گۆڕانی پێوانەی سەر بازنە مەزنەکان کەلە چەقی بازنەکەوە تیشک دەداتەوە.

لەم دابەزاندنەدا هەتا لەخاڵی لێکەوت دورکەوینەوە هەڵەکان زیاتر دەبێت لەبەر ئەوە تەنها بۆ نەخشەی ڕووبەر بچووک بەکاردەهێنرێت ئەم جۆرە دابەزاندنە دوو جۆری سەرەکی یە:

١- دابەزاندنی تیشکی بینراو «Perspective Zenithal Projection»


لەم دابەزاندنەدا زەوی وەک مادەیەکی شەفاف دیاری دەکەین وە شوێنی دیاری کردنی سەرچاوەی ڕووناکیەکە وە دەوری باڵا دەبینێت :

أ- کاتێک سەرچاوەی ڕووناکی چەقی کۆی زەوی بێت.

ب- کاتێک سەرچاوەی ڕووناکی لەسەر ڕووی زەوی لەلاکەی تر بەرامبەری ڕووتەختەکە بێت.

ت- کاتێک سەرچاوەی ڕووناکی بکەوێتە خاڵێکی دووربێ کۆتایی.

٢- دابەزاندنی تیشکی نەبینراو «Non- Perspective Zenithal Projection»




ئەم دابەزاندنە بە تێکرا پابەندە بە یاسا حسابیەکان لە بەر ئەوەی سەرچاوەی ڕووناکی نییە وە دوو جۆرە:

أ- دابەزاندنی درێژی ڕاستەقینە تیشکۆیی

ب- دابەزاندنی ڕووبەری ڕاستەقینە تیشکۆیی

دەکرێت بۆ ئەم دابەزاندنە هەر خاڵێک بێت لە سەر ڕووی زەوی بەڵام زۆربەی کات بۆ نەخشەی جەمسەرەکان بەکاردێت کە ئەم جۆرە تەنها یەک لای گۆی زەوی دەتوانین دابەزاندنی بۆ بکەین

تێبینی / ١- ئەم بابەتانەی لای سەرەوە هەریەکەیان



کۆمەڵێک یاساو ڕێسا و هاوکێشەی تایبەت بە خۆی هەیە .

٢- چەند جۆرێکی تری دابەزاندن هەیە کە باس نەکراوە

سەرچاوە :

کارتۆگرافی / نوسینی دکتۆر خضر العبادی




# فرۆکەی کامێرەدار و سستەمی GPS
## TALI H500 ( GPS System )

ئەندازیاری ڕاوێژکار
قاسم حەمە خورشید حەمە مراد (چوچانی)
هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە ئەندازیاری شارستانی
ماستەر لە بەڕێوەبردن و سستەمەکانی زانیاری
email: engqasm@yahoo.com
facebook / qasim.hamakhursheed

### چۆنیەتی پرۆگرامکردنو تایبەتمەند کردنی

بۆ چاککردنو دەستەبەر کردنی تەواوی پەیوەندیەکانی نێوان کۆنترۆڵو فرۆکەکە پێویستە ئەم هەنگاوانە بنێین..


١- دەچینە سەر مەنیوی سەرەکی لەسەر شاشەی کۆنترۆلەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بەدیار دەکەوێت





٢- پاشان تێبینی دەکەین زۆربەی کات کۆنترۆڵەکە پرۆگرام کراوەو هیچ کێشەیەکی نیە، بەلام بۆتێگەیشتنی زیاترو بۆ زانینی چۆنێتی پرۆگرام کردنی ئەم هەنگاوانە دەنێین..

- دیاریکردنی مۆدێل Model Select

وەک بەدیارکەوتوە لەسەر شاشە سەرەکیەکە ئێنتەر دەکەین ENT پاشان لە لیستی سەرەکی سەروخوار دەکەین تا پچینە سەر Model Menu واتا لیستی مۆدێلەکان هەڵدەبژێرین... پاشان ئەومۆدێلە هەڵدەبژێرین کەدەمانەوێت وەک لەوێنەکەدا دیارە مۆدێلی ١ دیاری دەکەین... 01 Model 01





- زانینی ناوی مۆدێلەکە Model Name ئەوا لە لیستی مۆدێلەکان سەروخوار دەکەین و ناوی مۆدێلەکە هەڵدەبژێرین وەبەهۆی راست و چەپ پێکردنەوە پیتەکان هەڵدەبژێرین بەو پێیەناوی مۆدێلەکە دەنێین، TALIH500 بروانە وێنەکە پاشان EXT دەکەین دەگەرێینەوە سەر لیستی مۆدێلەکان




- دیاری کردنی جۆرەکەی Model type ئەوا لە مەنیو مۆدیلەکاندا سەروخواردەکەین پاشان جۆرەکەی هەڵدەبژێرین وەک Airplane پاشان ENT واتا ئنتەر دەکەین و دەگەڕێتەوە ناو مەنیوی مۆدیلەکان.


- جۆری باڵ Wing type کارێکی تر لە گونجاندنی کۆنترۆل و فڕۆکەکە ئەوەیە کە بزانین جۆری ئەو باڵەی بەکارهاتووە لێرەدا normal هەڵدەبژێرین...لە مەنیوی مۆدێلدا سەروخوار دەکەین پاشان R/L لای راست و چەپ دەکەین پاشان Wing Type ئنتەر دەکەین ENT بروانە وێنەکە.




–Device OUTPUT ئامێری دەرچوو: لێرەدا جۆری دیڤایسەکە دیاری دەکەین لێرەدا لە باری ئاساییدا لەباری ستاندەردا Default دیاری دەکەین ...




–Sensor setting هەستەوەرەکانی ئامێرەکە کارێکی گرنگ دەکەن ...





لە لیستی مۆدیلەکان سەروخوار دەکەین تا دەچینە سەر Sensor setting پاشان بەهۆی R/L جۆری Active هەڵدەبژێرین واتا هەموو هەستەوەرەکانی ئامێرەکە کاربکەن و چالاک بن.

تێبینی: لەکاتی فرینی فڕۆکەکەدا دەتوانین هەستین بە گۆنجاندنی هەستەوەرەکانی بەلام لەمەنیوی مۆدێلدا

سێنسەر ڤیو هەڵدەبژێرین و پاشان بە L دەچینە پەڕەی داهاتوو.

–(Voltage setting)_ Sensor setting دیاری کردن و گونجاندنی ڤۆلتاج..


سەروخوارکردنی لەناو لیستی sensor settingدا voltage هەڵبژێرە پاشان ENT دەکەین دەچینە سەر پەڕەی Voltage لێرەشەوە وەک دیارە ٢١,٤ دەبێت دیاری بکرێت.




– Sensor setting (GPS Setting)


یەکێک لە کارە گرنگەکانی ئەم ئامێرە هەمیشە ئەوەی دەتوانێت کۆردینەی ئەو شوێنەی بدۆزێتەوە کەتێیدایە واتا Northing, Easting ئەمیش بەهۆی ئامێری GPS کە بریتیە لە سستەمی جێکەوتەی جیهانی دەتوانێت راستەوخۆ پێگەو شوێنی ئامێرەکە بدۆزێتەوە...

لێرەدا لەسەر sensor setting سەروخوار دەکەین و پاشان GPS هەڵدەبژێرین پاشان ENT دەکەین دەچێتە بەشی GPS setting




–sensor View بینی لاپەڕەی تایبەت بەکارە هەستەوەرەکان..

لەسەر مەنیوی function سەروخوار دەکەین تا sensor view دەبینین پاشان ENT دەکەین بڕوانە وێنەکە



ڕوونکراوەتەوە ئەو پەرەیەی بەدیار دەکەوێت..

-video setting گونجاندنی کاری ڤیدیۆ

لێرەدا زۆر پێویستە بزانرێت لەسەر چ کەناڵێک پەخش دەکات تاوەکو لەکامێرەی فرۆکەکەوە لەسەر شاشەی کۆنترۆڵ بەدیار کەوێت ، وە بەچالاککردنی background ئەوا ڕاستەوخۆ لەمەین مینۆ کاری بەدیاری کەوتنی وێنەکە دەمێنێت ئەگەر مەینوکەش ئەکتڤ بێت لەپشتەوە هەر بەدیار دەکەوێت،لە Status دا active هەڵدەبژێرین، لە channelدا ئەو کەناڵە دیاری دەکەین کە گونجاو بێت لەگەڵ کەناڵی سەر کامێراکە، لەbackground هەڵدەستین بە دیاری کردنی Active بۆ ئەوەی هەمیشە لەپشتی شاشەکەوە وێنەی ڕاستەوخۆ دیار بێت.

**4.11 Video Setting**





Status: Press R or L to select "Active".

Channel: Press R or L to select suitable receiving video channel to iLook+ .

Background: Press R or L to select Active, Real-time image could be set as background in Main Menu.

Press EXT to show full screen image in Main Menu.




-Timer setting

گونجاندنی تایمەری کۆنترۆڵەکە ... لەمەنیوی سەرەکیەوە سەروخوار دەکەین پاشان دەچینە سەر لیستی مۆدێلەکان لێرەشەوە دەچینە سەر Stick position switchپاشان بەم شێوەی وێنەکە دیارە هەڵیان دەبژێرین لەوانە

SPSO SW = Switch وەThrottle = Channel وە

L94٪ = Position وە Hight = on ....

تێبینی :بەهۆی Throttleکاتێک تایمەرەکە دابەزی بۆ L94٪ بۆ وەستانی کات ئەوا بەهۆیDN بۆ سەر لە نوێ ڕیسێت کردنەوەی

**4.12 Timer Setting**





Switch: Press R or L to select "SPS0 SW".

Channel: Press R or L to select "Throttle".

Position:
Press L to set percentage(Suggest setting is L94%).

On setting:
Press R or L to select "High" as rocker direction of on.




Move up and down of the throttle to check if the direction of the switch is set correctly. Then press EXT to return "Main Menu".

## گونجاندنی کامێرا

وەک لە وێنەکەدا دیارە کامێرەی تایبەت بە ئامێرەکە دەبێت بگونجێنرێت، وە SDRAMبکرێتە ناوی لەهەمان کاتدا دڵنیا بینەوە لەوەی کە بەشێوەیەک ڕێکوپێک کار دەکات...

**❺ iLook+ Camera Setting**

**5.1 Pictures illustration**




تایبەتمەندی ئەم کامێرایە بەم شێوەیەی خوارەوەیە...

**5.2 Specifications**

**(1) Video**

a. Video Resolution: 1920 x1080 Full HD b. FPS: 30 c. Micro High Speed SD card: Max 64G

d. Imaging Sensor: 3,000,000 Pixels e. Video Format: MOV f. Photo: 4032x3024 Pixels

**(2) 5.8G wireless**

a. 5.8G wireless image transmission d. FCC Output Power≤200mW c. CE Output Power≤25mW


d. CE Bind B section: 8 channels e. FCC Bind B section: 4 channels

گونجاندنی کامێراکە بەتایبەت لەڕووی کەناڵی پەخشیەوە بەپێی ڕێنمایی ڕێپێدراو بەم شێوەیەی خوارەوە ...

**5.3 iLook+(FCC/CE) camera transmitting channel selection**

There are 8 different channels can be selected. You can choose the best frequency channel according to the image quality as bellow:

| Channel | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Frequency | 5866MHz | 5847MHz | 5828MHz | 5809MHz | 5790MHz | 5771MHz | 5752MHz | 5733MHz |




لێرەدا بە هەشت شێوەی جیاواز کەناڵەکان تایبەتمەند دەکرێت ئەوانیش هەرجۆرە لەرەلەری تایبەت بەخۆی هەیە، وە پێویستە باشترین و گونجاوترینیان هەڵبژێرین کە باشترین وێنەمان باداتێ...

لەکەناڵە ڕێپێدراوەکان .... ٢,٤,٦,٨ بەرجەستەیە و

کاردەکات لەگەڵ( iLook+(Fcc دا

## دانانی SD cardی کامێراکە..

-پێش ئەوی کامێرەکە ببەستین بەپـاوەرەوە دەبێت SD Ram, بکرێتە ناوی وە کامێرەکە کوژابێتەوە باشـترە ئەو Sdcard لەجۆری خێرا بێت...



Install micro SD card and switch to video mode

-پـاش ئـەوەی Micro SD میمۆریەکـە دەخەینـە نـاو کامێراکە ئەوجا کامێرەکە داگیرسـا لیدەکەی نیشـانەی سـوور دەبێت بەمانای ئـەوەی کامێرەکە دەسـتی بەکار کردوە وە لیدە سوورەکە نەما نیشانەی ئەوەیە کامێرەکەی چۆتە ستاندبای واتا ئامادە باشی وە گونجاوە.

-ئەگـەر sd ram کرایە ناو کامێراکـەو کامێرەکە لیدە سـوورەکە بەشـێوەیەکی پرتەپرتی نەگونجا دادەگیرسا نیشـانەی ئەوەیە کـە ئەومیمۆریـە فۆرماتـی دەوێت... دوگمـەی کامێراکـە دەخەینە سـەر ڤیدیۆ پاشـان بۆ 5 چرکە لەسەر شەتەرەکە پەنجەمان دادەگرین دەبێتە هۆی ناسینەوەی میمۆریەکە.

## Video Instruction پێکهاتەی ڤیدیۆی لە کامێرەدا

١- رادیۆ ئۆپێرەیشن Radio Operation

دەچینـە سـەر Model menu پاشان device output پاشان Auxv لێرەشەوە AILE D/R هەڵدەبژێرین...

- لەسەر کامێرەکە پێویستە لەباری کامێرای ڤیدیۆدا بێت.
- بۆ ئەوەی دەسـت بە ڤیدیۆ بکات، ئەوا دوگمەی AILE D/R سـەر کۆنترۆڵەکـە لە ٠ وە دەگۆرین بۆ ١ پاشـان 1-2 چرکە چاوەروان دەکەین، پاشـان دەیخەینەوە سەر 0 کامێراکە دەسـت دەکات بە تۆمـاری ڤیدیۆ ، وە لیدە سـورەکەی دادەگیرسـێت بۆماوەی 0.5 چرکە، نیشـانە سوورەکە بەدیارکەوت دەبێتە هۆی بەدیار کەوتنی ڤیدیۆ لەسەر شاشەکە.
- بـۆ وەسـتانی ڤیدیـۆ ، سـویچی AILE D/R لـە 0وە بخەرەوە سـەر 1 ماوەی 2-1 چرکە چاوەرێ بکە پاشان بگێرەوە سـەر 0 دەبینین کامێرەکە لـە ڤیدیۆ تۆمارکردن دەوەستێت وە لیدەکە رەنگە سـورەکەی نامێنێ نیشانەی وەستانی کامێراکەیە.


٢- کارپێکردنە مەنیوەڵی Manual Operation

کامێرەکە دەخەینە سـەر ڤیدیۆ پاشـان پەنجـە دەنێین بە دوگمەی شـەتەردا یەک جار، کامێراکە دەست دەکات بەڤیدیۆگرتـن، وە لیدەکـەی سـوور دەبێـت بـۆ ٠،٥ چرکە،بەڵام پەنجە بەشەتەری کامێرەکەدا بنێنەوە دووبارە کامێرەکە دەوەستێت و لیدە سوورەکە دەکوژێتەوە..

٣- ئەگەر کامێرەکە بخەینە سـەر کامێـرای وێنەکردن، دەبینیـن کە هـەر کاتێک پەنجـە بنێین بە شـەتەرەکەیدا راستەوخۆ وێنە دەگرێت وە هەرکات پەنجەی پیا بنێینەوە وێنەیەکی تر دەگرێت.




## بارگاوی کەرو پەیوەسـت کردنی بە پاتریەوە Connect charger instruction




## بارگاوی کردنەوەی پاتری


بۆ ئەوەی بتوانین هەمیشە کامێراو فرۆکەکەی بەشێوەیەکی رێکوپێـک کار بکـەن دەبێت تێکرای بـری بارگاوی کردنی پاتریەکە ناوی (فرۆکە + کۆنترۆڵ) پڕ بارگە بێت، واتا full charge ئەبێت ئەمیش بەهۆی ئامێری charger ەوە واتا بارگاوی کەرەوە دەکرێت..

سـەرەتا پێوسـتە پاتریەکە دابگیرسـێنین ئەویش بەوەی دوگمەی پاتریەکە دەکەینە On پاشان بۆچەند چرکەیەک پەنجەمان لەسـەر ٣-٥ چرکە لەسـەر دوگمەی پاوەری

پاتریەکـە رادەگریــن دەبینین پاتریەکە دادەگیرســێت و لیدەکانی دەکەونە کار.

پاشـان وەک وێنەکە بەدیار کەوتوە ئامێری چارچەکەو پاتریەکـە بەیەکـەوە دەبەستین ئامێـری چارچەرەکـە دادەگیرسـێنین تێبینـی دەکەیـن کـە ڤۆلتیـەو ئەمپێری مەبەست دەدات.

پاشـان پەنجەدەنێین بە INCدا بۆئەوەی بچێتە سەر مۆدی هاوسەنگ کردنی بارگە، وە, A٣,٠ V٢٢,٢ هەڵدەبژێرین، پاشان پەنجە بە enterدا دەنێین بۆ ئەوەی پاتریەکە بناسێن و دیتێکتـی بکات،پاشـان پەنجـە دەنێەوە بـە enterدا دەبینین بارگاوی کردن دەست پێدەکات.




## گونجاندنی دەزوولەیی (قبلەنما)(GPS)
## Compass Calibration

کالیبرەیشــن کاری گونجاندن و ناسندنەوەی دەزوولەیی ئاراســتەی جوگرافیایە بۆ هەموو ئـەو ئامێرانەی کە GPS ی تێدایـە یـان بـە GPS کار دەکات، ئەمیـش بۆئەوەیە کە بەئاسـانی ئاراسـتەی باکـورو پێگەی خـۆی بزانێت بەشـێوەیەکی راست ودروسـت ئاراسـتەکانی باکور و باشـووری خۆی بزانێت، لەیەکێک لـە تایبەتیەکانی ئەم ئامێـرە ئەتوانێت پێگەی جوگرافی خـۆی بزانێت وەک ئەوەی Easting رۆژهەڵات وە Northing واتا باکوری خـۆی بدۆزێتـەوەو پێگەی خـۆی بزانێت وە هەمیشـە بەهۆیەوە ئەو پێگەیەوە پابەند دەبێت.

بـۆ ئەوەی ئامێرە GPSکەی بەراسـتی ئیش بکات هەڵەی کەم بێت ئەوا پێویسـتە کالیبرەیشـنی بکەیت ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە دەکرێت:-

١- پێویسـتە فرۆکەکـە لـۆک بکەین وە پاشـان کاری کۆمپاس بکەین بۆ ئەوەی کاری لۆککردن و گیرەکردنی فرۆکەکـە بکەین، دەبێت گێـری لای چەپ بەرەو لای چەپ بەرین بەمەش دەبێتە هـۆی لۆککردنی فرۆکەکە، بروانە وێنەکە.



٢- لـە کۆنترۆڵـی فرۆکەکەوە هـەردوو گێرەکە وەک لەوێنەکەدا دیارە دەجوڵێنین، پاشان چاوەرێ دەکەین...




وەک بەدیـار کەوتـووە گێـری لای چەپ بـەرەو لای راسـتی خوارەوە دەبەین وەگێری لای راست بەرەو لای چەپی خـوارەوە دەبەین، بەو پێیە راسـتەوخۆ دەچێتە ناو کالیبرەیشنەوە بەشێوەیەکی راستەوخۆ، وە بەو پێیە هەموو لیدەکانـی فرۆکەکە دادەگیرسـێت بروانـە وێنەکە واتا کالیبرەیشن دەستی پێ کرد..



٣- پاشـان بە هـەر سـێ ئاراسـتەکە دەبێـت فرۆکەکە

بسوڕێنین، ئەویش بە شێوەیەکی کە بەهۆیەوە بتوانین هەرئاراستەیەک کە سوڕاندنی تەواو بوو پاشان بە ئاراستەیەکی تر دەسوڕێنرێت بەو ئاراستەیەش تەواوی بوو پاشان بەئاراستەکەی تر.. بڕوانە وێنەکانی خوارەوە ..



پاش ئەو هەنگاوانەی نرا، لە ئێستادا بڕوانە هەموو لیدەکان دەکوژێنەوە ئەمیش بەمانای ئەوە دێت کە ئامێرەکە کالیبرەیشن بووە.




## فڕین و کارپێکردن

پاش ئەوەی کە پێشتر باسمان کردنو ڕونمان کردنەوە لە ئێستا دەمانەوێت بەشێوەیەکی خێرا و ئاسان کار بەفڕۆکەکە بکەین، ئەم کردارەی ئاسانە بەلاَم لەهەمانکاتدا گونجاندنو تەکنیکی فڕۆکەوانی دەوێت کە تایبەتە بەم جۆرە فڕۆکەیە، بەمەبەستی فڕین و کارپێکردنی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پێویستە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بنێین ...

١- پێویستە کاتێک ئامێرەکەو کۆنترۆڵەکەی کوژاوەتەوە تەواوی دووگمەکانیش لەسەر 0 بن واتا کوژابێتنەوە، لێرەدا یەک دوو دوگمە هەیە کە بەشێوەیەکی سەرەکی کارمان بۆ ئاسان دەکەن ئەوانیش لەخوارەوە باسیان دەکەین..

یەکەم دوگمە:دوگمەی one key take off switch واتا




بەشێوەیەکی ئاسان بەم دووگمە دەتوانین کاری فڕۆکەکە بۆ فڕین بگونجێنین..دەکەوێتە پێشی کۆنترۆڵەکەوە.. بڕوانە وێنەکە...

دووەم دووگمە: دووگمەی switch for flight mode

ئەم دوگمەیە زۆر بەئاسانی دەتوانێت هەستێت بە دیاری کردنی مۆدی کار کردنەکە وەک لەوێنەکەدا دیارە مۆدی (٠، ١، ٢) ە...




٢- دوگمەی تایبەت بە ئیش پێکردن و خستەنە کاری کۆنترۆڵەکە پێی دەوترێت دووگمەی Turn on transmitter دەچینە سەر ئەم سویچەو Onی دەکەین بڕوانە وێنەکە..



٣- پاشان لەسەر فڕۆکەکەش بەهەمان شێوە دووگمەی تایبەت بە سویچ on دەکەین وە پاشان پەنجەمان لەسەر پاوەرکەی دادەنێین بۆ چەند چرکەیەک تا تەواوی لیدەکانی دەکەونە ئیش کە نیشانەی کەوتنە کارکردنی فڕۆکەکەیە..



نیشانەکان دەکەونە ئیش پاشان دەکوژێنەوە واتە

کاردەکات..

٤- پاشان لەژێر قۆڵەکانی پشتەوە لیدەکانی واتا نیشانەکان بەشێوەی رەنگی شین دادەگیرسێن ئەمەش مانای ئەوەیە کە نیشانەکانو شەپۆلەکانی GPSی وەرگرت و کەوتونەتە کار...



وەک لە وێنەکەدا دیارە لە ئێستادا لەرەلەرو شەپۆلەکانی GPS وەردەگرێت چونکە لیدەکان بەرەنگی شین داگیرساون..

٥- کاری کردنەوە و ئەنلۆک کردنی بەهۆی گێری لای چەپەوە کە دەیجولێنین بەرەو لای چەپ بەتەواوی ئاسۆیی دەبێتە هۆی کردنەوەی کۆنترۆلەکە و ئەنلۆک کردنی..



٦- پێویستە دووگمەی تایبەت بە switch for flight mode کە بە MIXیش ناسراوە بخەینە سەر ١ واتا داگیرسابێت...



وە پاشان دووگمەی تایبەت بە one key take off switch کەبە RUDD D/Rیش ناسراوە بخەینە سەر ١

واتا ئەمیش بکەینەوەو بیخەینە کار..



وەک لە وێنەکاندا دەردەکەوێت بە سەرووی ٥ مەتر فڕۆکەکە دەست بەفڕین دەکات



٧-پاشان گێری لای چەپ ئەگەر بەهێواشی بجولێنین تاوەکو پێش ٥٠٪ بڕوات دەبینین ڕاستەوخۆ فڕۆکەکە بەرز دەبێتەوە...




وە کاتێک دەگەینە ٥٠٪ ئەوا فڕۆکەکە دەچێتە ژێر ڕکێفی GPSەوە ...




هەرکاتێک بەرەو خوارەوە بیگێڕینەوە دەبێتە هۆی نیشتنەوەی فڕۆکەکە بەشێوەیەکی ئاسان.



RTF :Ready to Fly
Devo f12e
Advanced radio with build in 5.8 GHZ Monitor & Telemetry
Walker H500 Hexacopter : with telemetry , retractable legs & 3axis gimbal
The click & play battery is 6s 5400mah ((22volts
The battery can provide up to 25 minutes flight time Depending on the payload
Pull the "GEAR" switch down. We will flip it .back UP to raise the legs in moment
Important
Always turn on the RADIO just before the HEXA then the hexa will bind with the radio .as it starts up
All Switchs Up: Throtel down
Transmitter ON
LED on All Arms Blink = Blinding to Transmitter
Blue LED = GPS signal Quality (at least 2 (blinks
Number of GPS satellites is number of Blinks of Blue LED + 5
Gimbal Angle Control
Install micro SD card and switch to video mode
Start / Stop Recording :AILED down > Wait for 2 second > UP
Red LED on Camera blinks = recording
Real Time video
Function Menu > UP/DN & ENT > Sensor View
Move Left Stick to Left to Unlock the Hexa-(compter (All LED on Arms ON
Move Left Stick to Right to lock the HexaCop-(ter (ALL LED on Arms OFF
Move Left stick to Left to Unlock the hexacop-(ter (ALL LED on Arms ON

Altitude Hold MODE : Stabilize the Hexa-( compter automatically by using GPS signal While the hexacompter is flying,MIX : Mid-.dle
It is much more stable than manual mode (MIX UP) and you can control the hexa-.compter as usual
Tip: Swtich to manual mode (MIX:UP) before landing
Landing Skid control
GEAR : Down = Landing Skid UP
GEAR : UP=Landing Skid Down
Auto Rotation Mode : While the hexacompter is flying , MIX: Middle
FMOD : 2 = Enable Auto Rotation Mode
FMOD : 0 = Disable Auto Rotation Mode
: Auto take Off
Make sure GPS signal is good (Blue LED at least blink twice) Number of satellite Received .= 5+Number of Blink or Blue LED
Throttle down ( Left Stick for mode 2 Trans-(mitter
: Pull left stick to left to unlock the hexacopter
Mix : Middle and FUDD D/R : 1 Take off automatically
: To take over the Control of the hexacopter
Move throttle to 50% (Left stick for Mode 2 transmitter) ... RUDD D/R : 0
The hexacompter is under control now
: Compass calibration
Lock the hexacompter first
Left stick : left = lock the Hexacopter
Left stick : Right Bottom & Right stick : Left bot-.tom ....to Enter Compass Calibration Mode
All LED on Arms Blinks = Compass calibration Started
All LED on Arms off = Compass calibration Completed

# پلە بەرزکردنەوە

**ئەندازیاری بەڕێز:**

کۆمیتەی باڵا و لقەکانی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان ، دوو هەفتە جارێک کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیان دەبەستن و لە کۆبوونەوەکانیاندا بڕیار لەسەر بەرزکردنەوەی پلەی ئەو ئەندازیارانە دەدەن کە داوایان پێشکەش کردووە و هەموو مەرجەکانیان تێدایە . لەخوارەوە ناوی ئەو ئەندازیارانە دەنوسین کە لە ( ١ / ١ / ٢٠١٦ تا ٣١ / ٣ / ٢٠١٦ ) پلەیان بەرز کراوەتەوە:

**یەکەم : بەرزکردنەوەی پلە لە (یاریدەدەر) وە بۆ (کارا)**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕۆژە یاسین عبدالله | پشتیوان حسن طیب | ئادیمان محمد حسین | شەرمن اسماعیل ابراهیم |
| شەهاب حسین کاکە علی | هیوا فریق گوڵ محمد | دەریا نجم الدین حسن | دیمەن اسماعیل سلیمان |
| زانا عبدالخالق محمد | عوسمان حسین احمد | شنۆ حسن حاجی | کارێز سیروان محمد |
| زانیار رفیق سعید | سامان فاروق نامق | کاروان علی فتاح | میران عوسمان رحمان |
| نارین حسن زیرەك محمد | اریان جمعە رمضان | تاژان انور رشید | گۆڤەند شێرزاد ماجد |
| بڕوا حسن حسین | ڕەهبەر محمد غفور | ڕۆزا محمد احمد | دلێر مستەفا حمە صاڵح |
| چنور عبدالرحمن صاڵح | توانا سعید علی | هاوسەر رمضان جلال | ئاوارە مستەفا بەکر |
| ئەردەڵان عزەت تاهیر | کازیوە کاروان کمال | لاڤە چالاك رفیق | عباس علی احسان |
| سعد مستەفا محمد | بەرزان قادر حسن | کانی محمد محمد صاڵح | ئاسۆ ابراهیم عزیز |
| فاروق باقی شریف | بڕوا حەمە غریب قادر | ئەژین علی ڕۆستەم | ناودار صابر فرج |
| هەژار سلێمان شریف | صفاء علاء حسین | تەرزە عوسمان علی | کانیاو جمال رؤوف |
| زوهرە جیهاد غێدان | ڕێبین عمر عەتا | سهی عز الدین صاڵح | ڕێبەر مظهر حسن |
| ڕێناس صاڵح حەمە امین | عباس بازیان غریب | تارا ئازاد عارف | مستەفا محمد شکور |
| محمد عوسمان فرج | هیوا احمد ممند | پێشڕەو عمر محمود | هەرێم محمد لەتیف |
| هیوا عبدالله معروف | | | |


**دووەم : بەرزکردنەوەی پلە لە (کارا)وە بۆ (ڕێپێدراو)**

| | | | |
|---|---|---|---|
| مەریوان ولی علی | مەریوان فریق عبدالکریم | ئاراز صباح نادر | محمود امین کریم |
| احمد ازاد محمد | هێمن رشید تەها | سۆران کامل محسن | عمار عصام احمد |
| میدیا شرف الدین محی الدین | محمد طارق عبدالجبار | گەشە عمر رشید | انس فؤاد محمد صاڵح |
| ناسکە حسن محمد | کانیاو سمکۆ احمد | ئارام ابوبکر سعدون | بڕوا محمد دلێر |
| کامەران جمال حەمە | سامان فاروق نامق | سنور صابر رحیم | هیوا حامد شریف |
| فەرهاد خلیل حسین | لەنجە شهاب کریم | عمار ابراهیم احمد | ئاسۆ ابراهیم عزیز |
| مراد طارق حسن | خالد احمد اسعد | شرف مقبل قهیر | ماهر حبیب الله فتح الله |
| سرمد جمال محمد | وشیار عبدالله محمد | | |

| سێیەم: بەرزکردنەوەی پلە لە (ڕێـپـێدراو) وە بۆ (ڕاوێژکار) | | | |
|---|---|---|---|
| سەروەر کمال محمد نوری | سەرگوڵ مستەفا محمد امین | ئازاد محمد امین محمد | سالار نادر احمد |
| سمکۆ خوا رحم محمد صالح | محمد یوسف محمد امین | عمر صالح محمود | ئاکۆ علی عزیز |
| جمال عمر محمد | محمد عبدالهادی | عبدالرحمن ابوبکر علی | سالم محمد امین احمد |
| سامان صابر اسماعیل | انس غربی عبدالعزیز | | |

# ئەندازیاری کۆچکردوو

ئەم لاپەڕەیەمان بۆ گۆڤارەکە زیادکرد تایبەت بە کۆچی دوایی ئەندازیاران، کە بەهەر هۆیەکەوە بێت کۆچی کۆتایی دەکەن و دەکەونە بەر بەزەیی و بەخشندەیی پەروەردگاری مەزن ، لەلایەک وەک ڕێزێک بۆ ئەندازیاران و بەنەمر هێشتنەوەی ناویان لە تۆماری ئەندازیاراندا و دەبێتە مێژوویەک بۆ خانەوادەکانیان و دەچنە ئەرشیفی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان ولەلایەکی تریشەوە بەڵگەیەک دەبێت بۆ کۆتایهاتن بە ژیان و خزمەت و بەخششەکانیان وەک بلاوکراوەیەکی فەرمی ئەندازیاران .. بەهیوای ئەوەی هەموو ئەندازیارانی ئازیز لەهەموو بەلاو کارەسات و ڕووداوێکی دلتەزێن بەدووربن و هەمیشە نەمر بن ، بەڵام مردنیش بۆ هەموانە و هەرئەوەندەمان لەدەست دێت کە بڵێین ( انا للە وانا الیە راجعون)...



**ئەندازیار / عبدالله احمد عبدالله** / لەدایک بووی سـالی ١٩٣٤ و ئەندازیـاری کارەبا و دەرچووی زانکۆی پۆرتس ماوس لە ئینگلتەرا لەسـالی ١٩٥٩ و فەرمانبەربوە لە کارگەی چیمەنتۆی سـەرچنار و خانەنشـینکراوە و لە بـەرواری ٢٠١٦/٢/٢١ کۆچی دوایی کردوە.